هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی باخچەی منداڵان

# کاریگەری فیلمی فێرکاری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە

پێشکەش بە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کراوەو بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر / باخچەی منداڵان/ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی باخچەی منداڵان.

لەلایەن

خەرمان عثمان أحمد

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

٢٧٢١ ٢٠٢١ زاینی ١٤٤٢ کۆچی




**(سورةطه– الاية :١١٤)**

## **بڕیاری سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە بە ناونیشانی **(ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە)** بە سەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری مندا لە لایەن خوێندکاری ماستەر (خەرمان عثمان أحمەد) لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەووتنەوە/ باخچە، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ

پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

ناو : پ.د. صابر بکر مصطفی

سەرۆك بەشی باخچەی منداڵان

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی ( ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (خەرمان عوسمان ئەحمەد) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی باخچەی منداڵانی پێ بدرێـت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ

ناو:

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

واژۆ

ناو:

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

واژۆ

ناو : پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

ئەندام و سەرپەرشتیاری

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

واژۆ

ناو : پ.د.صابر بکر مصطفی

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی ( / / ) پەسەندکرا.

واژۆ

ناو : پ.د. علی قادر عثمان

ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

# پێشکەشە بە:

مامۆستا خەمخۆرو بەرزو بەڕێزەکانم...

ئەوکەسەی  شەو نخونی کردو ماندوو بوو لە پێناوم دا و فێری دڵسۆزی و خۆشەویستی کردم ... دایکی میهرەبانم.

بە ڕۆحی باوکی کۆچکردوم و سەرجەم شەهیدە نەمرەکان.

هەموو ئەوانەی بە بەردەوامی سێبەر بوون بۆم... هاوسەرەکەم وخوشك و براکانم.

هەرکەسێك لە پێناوی خودا یارمەتی داوم بە ئامۆژگاریەك بێت یان بە نزایەکی خێر.

**توێژەر**

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

- زانای کار بەجێ و ئەو کەسەی فەرمانی (إقرأ) ی پێکردووین و یارمەتی دام لە توێژینەوەکەم...
- مامۆستای خۆشەویست و چاوساغم دکتۆری سەرپەرشتیار (پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد) بە پێدانی سەرنج و تێبینیە بە سودەکانی وە هەموو ئەوانەی ڕێنیشاندەرم بوون.
- زۆر سوپاسی ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بەڕێز(پ.د.علی قادر عثمان) دەکەم کە هەمیشە هاوکارمان بووە.
- زۆر سوپاسی سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان بەڕێز(پ.د. صابر بکر مصطفی )دەکەم کە بواری خوێندنیان بۆ فەراهەم کردم.
- سوپاس بۆ بەڕێزانی لیژنەی سیمینار کە لە دیاریکردنی ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاوکارم بوون.
- سوپاسی هەریەک لە پسپۆڕو شارەزاکانی هەڵسەنگاندنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە دەکەم.
- سوپاسی بەڕێوەبەرو مامۆستاو فێرخوازانی(ئاستی دووەم)ی باخچەی منداڵانی(کورد جینیەس) بۆساڵی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١) کە لە بە ئەنجام گەیاندنی لایەنی ئەزمونی توێژینەوەکە هاوکارم بوون.

**توێژەر**

## پێڕستی ناوەڕۆك


| ژمارەی لاپەڕە | ناوەڕۆك |
| --- | --- |
| أ | ناونیشان |
| ب | ئایەتی قورئان |
| ج | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| د | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ە | پێشکەشکردن |
| و | سوپاس و پێزانین |
| ز-ط | پێڕستی ناوەڕۆك |
| ي | پێڕستی خشتەکان |
| ك | پێڕستی پاشکۆکان |
| ل-س | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی |
| ١ | **١-چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** |
| ٢-٦ | ١ – ١ کێشەی توێژینەوەکە |
| ٦-١٢ | ١ – ٢ گرنگی توێژینەوەکە |
| ١٢-١٣ | ١ – ٣ سنوری توێژینەوەکە |
| ١٣ | ١ – ٤ ئامانجی توێژینەوەکە |
| ١٣-١٤ | ١ – ٥ گریمانەکانی توێژینەوەکە |
| ١٤-٢٤ | ١ – ٦ پێناسەی چەمکەکان |
| ٢٥ | **٢- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە** |
| ٢٦ | **٢ – ١** باخچەی منداڵان |
| ٢٧ | **٢ – ١ – ١** منداڵی قۆناغی باخچەی منداڵان |
| ٢٧-٣١ | ٢ – ١ – ٢ گەشە کردنی عەقڵی و مەعریفی منداڵ لە قۆناغی باخچەدا |
| ٣١-٣٢ | ٢ – ٢ فیلمی فێرکاری |
| ٣٢-٣٥ | ٢-٢-١ لایەنە باشەکانی فیلمی فێرکاری |
| ٣٦-٤١ | ٢-٢-٢ هەنگاوەکانی بە کارهێنانی فیلمی فێرکاری لە فێرکردنی منداڵی باخچە |
| ٤٢ | ٢-٢-٣ جۆرەکانی فیلمی فێرکاری |
| ٤٢-٤٣ | ٢-٢-٤ پۆلێن کردنی فیلمی فێرکاری |

| | |
|---|---|
| ٢-٢-٥ دیزاین و بەرهەم هێنانی فیلمی فێرکاری | ٤٥-٤٤ |
| ٢-٣ دروستکردنی چەمکەکان | ٤٦-٤٥ |
| ٢-٣-١ ئەرك و ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی دروستکردنی چەمکەکاندا | ٤٩-٤٧ |
| ٢-٣-٢ تیۆرەکانی دروستکردنی چەمکەکان | ٥٤-٤٩ |
| ٢-٤ چەمکە جوگرافیەکان | ٥٦-٥٤ |
| ٢-٤-١ فێربونی چەمکە جوگرافیەکان و گەشە پێدانیان | ٥٨-٥٦ |
| ٢-٤-٢ گرنگی فێربوونی جوگرافیا | ٥٨ |
| ٢-٤-٣ گرنگی فێربوونی چەمکە جوگرافیەکان | ٦١-٥٩ |
| ٢-٥ چەمکە مێژووییەکان | ٦١ |
| ٢-٥-١ تایبەتمەندییەکانی چەمکی مێژوویی | ٦٢-٦١ |
| ٢-٥-٢ بەکارهێنانی چەمکی مێژوویی | ٦٥-٦٢ |
| ٢-٥-٣گرنگی خوێندنی مێژوو | ٦٧-٦٥ |
| ٢-٦ توێژینەوەکانی پێشوو | ٦٧ |
| ٢-٦-١ توێژینەوە کوردییەکان | ٦٩-٦٨ |
| ٢-٦-٢ توێژینەوە بیانیەکان | ٧٧-٦٩ |
| ٢-٦-٣ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٨-٧٧ |
| **٣- ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی** | ٧٩ |
| ڕێکارەکانی توێژینەوەکە | ٨٠ |
| ٣ - ١ دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە | ٨٢-٨١ |
| ٣ – ٢ کۆمەڵگای توێژینەوەکە | ٨٢ |
| ٣ –٣ نموونەی توێژینەوەکە | ٨٣-٨٢ |
| ٣ – ٤ کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان | ٨٤-٨٣ |
| ٣-٥ ئامادەکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | ١٠١-٨٤ |
| ٣-٦ ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | ١٠٤-١٠١ |
| **٤- ئەنجامەکانی توێژینەوە** | ١٠٥ |
| ٤-١ خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی یەکەم | ١١٠-١٠٦ |
| ٤-٢ خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی دووەم | ١١٤-١١٠ |
| ٤-٣ خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی سێیەم | ١١٦-١١٤ |
| ٤-٤ دەرئەنجامەکان | ١١٧-١١٦ |
| ٤-٥ ڕاسپاردەکان | ١١٧ |

| | |
|---|---|
| ٤-٦ پێشنیارەکان | ١١٨-١١٩ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١٢٠ |
| سەرچاوەکان بە زمانی کوردی | ١٢١ |
| سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی | ١٢١-١٢٦ |
| سەرچاوەکان بە زمانی ئیگلیزی | ١٢٦-١٢٧ |
| سەرچاوەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی | ١٢٧-١٢٨ |
| نامەی ماستەر و دکتۆرا | ١٢٨-١٣٠ |
| پاشکۆکان | ١٣٢-١٦٠ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ-ج |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A- C |

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی خشتە |
|---|---|---|
| ٨٣ | نموونەی توێژینەوەکە | ٣-١ |
| ٨٤ | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (دوو نموونە) بەپێ گۆڕاو تەمەن بەمانگ | ٣-٢ |
| ٨٩ | بوارو ژمارەی بڕگەکانی پێوەری چەمکە کۆمەلآیەتیەکان | ٣-٣ |
| ٩٢ | هاوکۆلکەی قورسی و ئاسانی برگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان | ٣-٤ |
| ٩٤ | هاوکۆلکەی جیاکاری برگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان | ٣-٥ |
| ٩٩ | جۆری چەمکە کۆمەلآیەتیەکان و ژمارەی فیلمە فێرکارییەکان دوای چاککردن | ٣-٦ |
| ١٠٧ | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی هەردوو گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)لە تاقیکردنەوەی پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان | ٤-١ |
| ١٠٨ | ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە بۆ نمرەکانی هەردوو گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان | ٤-٢ |
| ١٠٩ | قەبارەی کاریگەری فیلمە فێرکارییەکان لە سەر دەستکەوتنی چەمکە کۆمەلآیەتیەکان بۆ مندالآنی هەردوو گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) بە پێی نرخی هاوکێشەی ئیتا | ٤-٣ |
| ١١١ | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمرەکانی گروپی (ئەزمونی ) لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان | ٤-٤ |
| ١١٢ | ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە بۆ نمرەکانی گروپی (ئەزمونی) لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان | ٤-٥ |
| ١١٣ | قەبارەی کاریگەری فیلمە فێرکارییەکان لە سەر دەستکەوتنی چەمکە کۆمەلآیەتیەکان بۆ مندالآنی گروپی (ئەزمونی ) لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بە پێی نرخی هاوکێشەی ئیتا | ٤-٦ |
| ١١٥ | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی هەردوو گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان | ٤-٧ |

# پێڕستی پاشكۆكان


| ژمارەی پاشكۆ | ناونیشانی پاشكۆ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | لیستی شارەزایان و هەڵسەنگێنەران بۆ ئامرازەكانی توێژینەوەكە. | ١٣٢ |
| ٢ | ڕاپرسی شارەزایان لەسەر ناوەرۆكی فیلمە فێركارییەكان. | ١٣٣-١٣٥ |
| ٣ | ڕاپرسی شارەزایان لەسەر پێوەری وێنەی چەمكە كۆمەڵایەتییەكان. | ١٣٦-١٣٧ |
| ٤ | پێوەری وێنەی چەمكە كۆمەڵایەتییەكان بە شێوەی سەرەتا. | ١٣٨-١٤٧ |
| ٥ | پێوەری وێنەی چەمكە كۆمەڵایەتییەكان بە شێوەی كۆتا. | ١٤٨-١٥٧ |
| ٦ | داتاو نمرەی(گروپی كۆنترۆڵكراو) دەربارەی تاقیكردنەوەی پێشینەو پاشینە لەسەرپێوەری وێنەیی چەمكە چەمكە كۆمەڵایەتییەكان. | ١٥٨ |
| ٧ | داتاو نمرەی(گروپی ئەزمونی) دەربارەی تاقیكردنەوەی پێشینەو پاشینە لەسەرپێوەری وێنەیی چەمكە چەمكە كۆمەڵایەتییەكان. | ١٥٩ |
| ٨ | نوسراوی كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت بۆ پشتگیریكردنی توێژەر. | ١٦٠ |
| ٩ | فیلمە فێركارییە ئامادەكراوەكان بە شێوەی (C D) هاوپێچ لەگەڵ توێژینەوەكە | |

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە) بە سەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری مندا لە لایەن خوێندکاری ماستەر (خەرمان عثمان أحمەد) لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەووتنەوە/ باخچە، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ

پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٦ / ٤ / ٢٠٢١

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

ناو : پ.د. صابر بکر مصطفی

سەرۆك بەشی باخچەی منداڵان

ڕێکەوت: ٦ / ٤ / ٢٠٢١

ڕێکەوت: ٦ / ٤ / ٢٠٢١

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی (**کاریگەری فیلمی فێرکاری لە پەرمێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە**) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (**خەرمان عثمان أحمد**) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی (نایاب) بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەوتنەوە/باخچەی پێ بدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ

ناو: **پ.ی.د. سلوى احمد امين**

ئەندام

ڕێکەوت: ١٢/ ٥/ ٢٠٢١

واژۆ

ناو: **پ.ی.د. کریم احمد عزيز**

ئەندام

ڕێکەوت: ١٨/ ٥/ ٢٠٢١

واژۆ

ناو: **پ.ی.د. حسن فخرالدين خالد**

ئەندام و سەرپەرشتیاری

ڕێکەوت: ٣/ ٥/ ٢٠٢١

واژۆ

ناو: **پ.د.صابر بكر مصطفى**

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٢٤/ ٥/ ٢٠٢١

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە (١٦) لە ڕێکەوتی (٢٧/ ٦/ ٢٠٢١) پەسەندکرا.

واژۆ

ناو: **پ.د. علی قادر عثمان**

ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت: ٢٧/ ٦/ ٢٠٢١

# پوختەی توێژینەوەکە

شارەزایانی پەروەردە لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە منداڵی باخچە خاوەنی لێهاتووییەکانی کۆمەڵایەتی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ئەرکی خۆی لەناو کۆمەلگەدا ئەنجام بدات.گەر بمانەوێت ئەو چەمك و زاراوانەی کە بە منداڵ دەدرێت بۆماوەیەکی دورو درێژ لە مێشکی منداڵدا بمێنێتەوە دەبێت باشترین و گونجاوترین و سەرنج ڕاکێشترین ڕێگاو شێواز ئەو شێوازانەیە کە هەستەکان تیایاندا بە کار دەهێنرێت و ڕەفتار لەگەڵ زۆربەی هەستەوەرەکانی منداڵان دەکەن، بە ئامرازی جیاجیا بۆوەرگرتنی زانیاری و گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان پابەند دەبن.

بابەتی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان گرنگیەکی گەورەی هەیە،بەتایبەتی لای منداڵانی باخچە کەزۆربەی گەشەی لایەنی هزری و زانین لە قۆناغی باخچەوە دەستپێدەکەن، لەلایەکی دیکەوە دیاریکردنی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لەلای منداڵانی باخچەی منداڵان یەکێکە لە بابەتە پڕ بایەخەکانی ئەمڕۆ، چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بەپێویستییەکی گرنگ بۆ منداڵ دادەنرێن،لەبەر ئەوەی بۆ دابینکردنی کۆمەڵێك لە پێداویستییەکانی هاوکارو یارمەتدەرە،بەمەبستی خۆگونجاندن لەناو ئەو ژینگەو کۆمەڵگەی تێیدا دەژینوە دەبێتە هۆکارێکی گونجاو لە کەمکردنەوەی ئاڵۆزیەکانی ژینگە چونکە بەشێکی زۆر لە ڕوداو کارەسات و لایەنەکانی تری دیاردەکان رێکدەخاتەوەو وەسفیان بۆ دیاری ئەکات.

گرنگی زانستی ئەم توێژینەوە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە چەمکە کۆمەلآیەتیەکان لای مندالآنی باخچە بابەتێکی گرنگە وبە شێوەیەکی فراوان دەکەوێتە ژێر کاریگەریەکانی تواناکانی مامۆستا لە گەیاندنی ئەو چەمکانە بۆ مندالآن، ونەبونی ئەو توێژینەوانەی کە بایەخ ئەدەن بە ڕۆڵی فیلمە فێرکارییەکان و کاریگەریان لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لەلای منداڵانی باخچەکان لە شاری سلێمانی.

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە گە شەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لە لای منداڵی باخچە تەمەن(٥-٦)ساڵ، وە زانینی جیاوازی ناوەندی نمرەی وەڵامی منداڵانی گروپی ئەزموونی بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز). وە بۆ پشکنینی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر(سێ گریمانەی) دانا، سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە منداڵانی باخچەی(کوردجینیەس ) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی ئەزموونی بەکار هێناوە کە پشت دەبەستێت بە گروپێکی ئەزموونی و گروپێکی کۆنترۆڵکراو. ونموونەی توێژینەوەکەدا پێکهاتبوو لە (٤٠) منداڵی باخچە کە (٢٠) نێر ، (٢٠) مێ. ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە :

أ- ئامادەکردنی (١٠) فیلمی فێرکاری و دروستکردنی پێوەرێکی وێنەی بۆ چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بۆ منداڵی باخچە کە پێکهاتبوو لە (٢٨) بڕگە لە جۆری پرسیاری بابەتی ئەوانیش (هەڵبژاردن(١٤) بڕگە ،گەیاندن(١١) بڕگە ،ڕەنگکردن(٣).

ب- ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەلآیەتیەکان بە مەبەستی پێوانەکردن چەمکە کۆمەلآیەتیەکان لای مندالآنی باخچە، لەپاش دڵنیابوون لە ڕاستی و جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوەکە بە سەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبە جێکرا.

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاماری و شیکردنەوەی داتاو زانیارییە کۆکراوەکان لە کۆمەلگەی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS ) ی بە کارهێنا بۆ داتاکان.لە کۆتایدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

- بوونی ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە سەر گە شەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لە لای منداڵی باخچە تەمەن(٥-٦) ساڵ.
- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینە مندالآنی باخچە هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)، لە تاقیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی.
- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوی پێشینە و پاشینە مندالآنی باخچە بۆ گروپی (ئەزموونی) لە تاقیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان.

- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی باخچە گروپی (ئەزموونی)،لە تاقیکردنەوەی پاشینەیی لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێك دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار خراونەتەڕوو.

# پێناسی توێژینەوەکە

## ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

لەپرۆسەی پەروەردەدا بابەتەکۆمەڵایەتییەکان گرنگیەکی گەورەی هەیە، بەتایبەتی لای منداڵانی باخچە زۆربەی گەشەی لایەنی هزری و زانین لە قۆناغی باخچەوە دەستپێدەکەن، لەلایەکی دیکەوە دیاریکردنی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لەلای منداڵانی باخچەی منداڵان یەکێکە لە بابەتە پڕ بایەخەکانی ئەمڕۆ چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بەپێویستییەکی گرنگ بۆ منداڵ دادەنرێن، لەبەر ئەوەی بۆ دابینکردنی کۆمەڵێك لە پێداویستییەکانی هاوکارو یارمەتی دەرە، بەمەبستی خۆگونجاندن لەناو ئەو ژینگەو کۆمەڵگەی تێیدا دەژین وە دەبێتە هۆکارێکی گونجاو لە کەمکردنەوەی ئاڵۆزیەکانی ژینگە چونکە بەشێکی زۆر لە ڕوداو کارەسات و لایەنەکانی تری دیاردەکان ڕێکدەخاتەوەو وەسفیان بۆ دیاری دەکات.

ئەو کارو چالاکیانەی کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی هزری و کرانەوەی هزری و فراوانبوونی هەستەکانی، قۆناغی باخچەی منداڵان بەیەکێك لەگرنگترین قۆناغەکانی پرۆسەی پەروەردەی منداڵ دادەنرێت کە بنەمایە بۆ دروستکردنی پێوەرو چەمکەکان زۆرترین گەشەی ئدراکی وعقڵی منداڵ لەپێش تێپەڕبونی تەمەنی پێنج ساڵیەوەیە، لەڕویەکی ترەوە چەمکە کۆمەڵایەتیەکان گرنگن بۆ منداڵ چونکە زۆرێك لە پێداویستیەکانی تێدایە کە یارمەتی ئەدات بۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەو ژینگە وە بەشداری دەکات لەتێگەیشتنی بارودۆخەکانی لەدەوروبەریدان، سەرەڕای ئەوەش ئەبنە هۆکارێکی لەبار بۆ چارەسەرکردن و تێگەیشتنی ئەو کێشەو گرفتانەی کە ڕۆژانە ڕوبەڕوی تاکەکان ئەبنەوە، بە تایبەتیش لەم قۆناغەدا کە گرنگترین و شیاو ترینە بۆ

دەستەبەرکردن و بونیادنانی کۆمەڵێ چەمکی زانستی بۆ منداڵان، بەڵام بە هۆی نارِونی زۆربەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بۆ منداڵانی قۆناغی باخچەکان، تەنها یەك رِێگە هەیە بۆ فێرکردن و راهێنانیان، ئەویش فێرکردنە لە رِێگەی زۆرترین هەستەوە. (العیسوي،٢٠٠٠،٥٥). (Lerner,2000) دووپاتی دەکاتەوە کە قورسی و سەختی فێرکردنی بابەتەکان لە لای منداڵان بۆ هەندێك لە ستراتیژیەکان و رِێگاو شێوازی وانە وتنەوە دەگەرێتەوە، کە مامۆستایان لە کاتی وانە وتنەوەدا بەکاری دەهێنن (Lerner,2000,p4).

بەرِای (بلوم ) منداڵانی خوار تەمەن (٥) ساڵ ئاستی گەشەکردنیان لەرِووی عەقڵی و تێگەیشتن لە نیوە زیاترە . ئەم رِاستیانەش گەواهی ئەو بۆچونەن کە دەڵێ: پێویستە پەلە بکرێت لە فێرکردنی منداڵان هەر لە سەرەتای (٦) ساڵیەوە. لەو پێناوەشدا زانایانی دەروونناسی و پەروەردەی بایەخێکی زۆر ئەدەن بە فراوانکردن و چرِکردنەوەی پرۆسەی ئامادەکردنی کۆمەڵێك چەمکی زانستی لەبار بۆ هۆشیارکردنەوەو تێگەیاندنی منداڵان بە ئامانجی ئاشنا کردنیان بەشێوەیەکی وردتر لە پێناو گەیاندنی کرۆکی چەمکە زانستیەکان بە ئاسانی بە منداڵان، لەوپێناوەشدا زانیاری زیاتریان رِەخساندووە بۆ پێگەیاندنی منداڵان هەر لە سەرەتاوە. (مصلح، ١٩٩٠، ١٢٠).

هەستەکان وەك پەنجەرەیەك وایە کە منداڵ لەرێگەیەوە ئاشنای دونیای دەوروبەری دەبێت. لە رِێگەی بەرکەوتن و دەست لێدان هەست بە ساردی و گەرمی دەکەن واتە فێری ساردی و گەرمی دەبن. لە رِێگەی بینابیەوە ئاشنای رِنگ و قەبارەکان و لە یەکتر جیا کردنەوەیان دەبن. بۆیە پێویستە منداڵان لە رِێگەی هەستەکانیانەوە فێربکرێن. هەمەجۆرکردنی ئەو ئەزمونانەی کە

باخچەکانی منداڵان دەستەبەریان دەکەن، لەگەڵ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بینین و بیستن و تاقیکردنەوەو ڕاهێنان و بیرکردنەوە، هۆکار گەلێکن منداڵان هاندەدەن تا خێراتر فێرببن و بابەتەکان بۆ درێژترین ماوە لە ناخیاندا بچەسپێنن. لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی فێرکردن، پێویستە لە هەر یەکەیەکی خوێندندا زۆربەی لایەنە هەستیارەکانی منداڵان بجولێنرێت، بەتایبەتیش ئەولایەنانە کە بەهای گرنگی هەیە بۆ وەرگرتنی زانستی و فێرکاری وەك: ئەندامەکانی (بینین و بیستن)، چونکە لەم دووڕێگەیەوە  زیاترو باشتر فێردەبن، ئاسانتر وەریدەگرن بە بەراورد بە ڕێگەی وانەبێژی. (مندورة، ١٩٩٣، ٤).

کاتیک تەماشای قوچەکی ئیدگاردیل  بۆ هۆکارە فێرکارییەکان دەکەین، دەبینین ئەزموونی ڕاستەو خۆی لە بنکی قوچەکەدا داناوە، کە بە باشترین جۆری هۆکارە فیرکارییەکان دادەنریت چونکە مامەڵە لەگەڵ ئەزموونی ڕاستەقینەدا دەکات.وە لە لوتکەی قوچەکەدا هێما زارەکییەکان دەبینین، کە تەنها هەستی بینین بەژداری دەکات.واتە تا بەرەو لوتکەی قوچەکەکە بڕۆین ڕێژەی بەژداری کردنی هەستەکان کەم دەبیت، وە تابەرەو بنکەی قوچەکەکە بڕۆین ڕیژەی بەژداری کردنی هەستەکان زیاتر دەبیت. ئەگەر سەرنج لە قوچەکی لێهاتووی ئیدگاردیل بدەین سێ جۆر ئەزموونی فێرکاری دەبینین:

**جۆری یەکەم:** ئەزموونی فیرکاری ڕاستەوخۆ ئەو ئەزموونانەیە کە تاک لە ئەزموونە راستەقینەکاندا فێردەبێت، وەک (کارکردن لەکاردا، کارکردن بە هاوشێوە، نواندن ).

**جۆری دووەم:** فێربوون لە ڕێگەی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ بەکارهێنانی هەستەکان وەک (خستنەڕووی بابەت بە ڕونکردنەوە، گەشتی زانستی، مۆزەخانەو پێشانگا، تەلەڤزیۆن و فیلمی وێنەی جوڵاو، تۆماری دەنگی ).

**جۆری سێیەم:** فێرکردن لە ڕێگەی بینینی نابەرجەستە، وەک(چەمکەکان، ووشەو زاراوەکان ).

(أبوفاشة، ٢٠٠٨،٢٠).




قوچەکی شارەزایی ئیدگاردیل(أبوفاشة،٢٠٠٨،٢١)

توێژەران (قربان، ٢٠١٢)، (القلاف، ٢٠١٥)، ( العابدين، ٢٠١٦)، (عوف، ٢٠١٦) پێداگری دەکەن لەسەر بە کارهێنانی فیلمی فێرکاری بۆ مەبەستی پەرەپێدانی هەندێك چەمك و زاراوەی زانستی، چونکە بە هەڵە ڕاهێنان و گەشە پێدان لەم تەمەنەدا ئەستەمە لە داهاتودا هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە. زانایان سەلماندویانە فیلمە فێرکارییە کان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆپتەوکردنی ڕەهەندەکانی فێربوون و زانین لەڕیی هەستەوە، چونکە ئەو فلیمانە بریتین لە دەنگ و رەنگ و دیمەنی جوڵاو، هەروەها بونی زیاتر لە یەك کارەکتەر تیایاندا کە بۆ ئەندامە هەستیاریەکان ئەدویّ، لە تەك ئەوانەشدا، چەندین فاکتەری سەرنج ڕاکێش و وروژێنەرو جوڵە لە خۆ ئەگرن کۆی ئەمانەش هاوکار دەبن لە دروستکردن و گەیاندنی زانیاریەکان بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ بە ناخی منداڵان.

سەر باری ئەوانەی کە باسکران توێژەر خودی خۆی هەستی بە کێشەکە کردووە کاتێك وەك یاریدەدەری توێژەر لە بەشی باخچەی منداڵانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بۆ جێبەجێکردنی مەیدانی سەردانی باخچەکانی کردووە تێبینی کردووە کە منداڵەکان بەرچاو ڕونی و زانیاریان نییە لە سەر چەمکە کۆمەڵایەتییەکان (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی مەدەنی)، وە زۆربەی مامۆستاکان زیاتر جەختیان لەسەر چەمکەکانی تر دەکرد (زانستی، ماتماتیك، زمانەوانی . . . هتد) گەر باسیشیان بکردایە بە شێوازێکی زۆر سادەو دور لە بەکارهێنانی ئامڕازو شێوازی فێرکاری گونجاو کاریگەر،وە تا ئێستا ئەوەندەی توێژەر ئاگادارە هیچ توێژینەوە یەکی دەقاودەق لەسەر هەمان بابەت لە کوردستان و عێراق کە بە شێوەیەکی زانستیانە باس لەم دیاردەیە بکات نەکراوە، هەروەها چەمکە کۆمەلآیەتیەکان لای منداڵانی باخچە

بابەتێکی گرنگە وبە شێوەیەکی فراوان دەکەوێتە ژێر کاریگەری تواناکانی مامۆستا لە گەیاندنی ئەو چەمکانە بۆ منداڵان و نەبونی ئەو توێژینەوانەی کە بایەخ ئەدەن بە ڕۆڵی فیلمە فێرکارییەکان و کاریگەری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لەلای منداڵانی باخچەکان لە شاری سلێمانی.

لە ژێر ڕۆشنای ئەوەی ئاماژەمان پێدا دەتوانین کێشەی توێژینەوەکەلەشێوەی ئەم پرسیارەدا بخەینە ڕوو: **چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لە لای منداڵانی باخچە لە چی ئاستێکدایە؟ ئایافیلمی فێرکاری ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لە لای منداڵانی باخچە؟ ئایا بەکارهێنانی فیلمە فێرکاریەکان تا چەند کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر منداڵانی باخچە دروست دەکەن؟.**

**١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:**

شارەزایانی پەروەردە لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە منداڵی باخچە خاوەنی لێهاتووییەکانی کۆمەڵایەتی بن، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ئەرکی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا ئەنجام بدات. گەر بمانەوێت ئەو چەمك و زاراوانەی کە بە منداڵ دەدرێت بۆماوەیەکی درێژ لە زەینی منداڵدا بمێنێتەوە دەبێت باشترین و گونجاوترین و سەرنج ڕاکێشترین ڕێگاو شێواز بگرینە بەر،گرنگترین شێوازەکانیش ئەو شێوازانەیە کەزۆرینەی هەستەکان تیایاندا بە کار دەهێنرێت و ڕەفتار لەگەڵ زۆربەی هەستەوەرەکانی منداڵان دەکەن، بە ئامرازی جیاجیا بۆ وەرگرتنی زانیاری و گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان (العیسوي، ٢٠٠٠، ٥٥) .

هەربۆیە لەم ڕۆژگارەی ئێستادا تەنها قسەکردن نابێتە هۆی فێربوون،چونکە فیربوون ڕودانی گۆڕانکاری گشتگیر و هەمەلایەنەیە لە مرۆڤدا ،هەروەک ووتراوە:

- پێم بڵێ بیرم دیتەوە
- پیشانم بدە دەیزانم
- لێم بگەڕێ کاری پێبکەم لێی تیدەگەم

هەروەها لەئەنجامی تویژینەوەکەی"cobvn،١٩٧٤" دەرکەوتووە کە هەستەوەرەکان بەم ڕێژانەی خوارەوە بەژدار دەبن لە پرۆسەی فیربووندا:

- چاو ٨٣%
- بیستن ١١%
- بۆنکردن ٣%
- بەرکەوتن ١%
- تامکردن ١%                    (کەریم،٢٠٢١،١٨٥)

ڕاهێنەرانی باخچەکانی منداڵان پێویستیەکی زۆریان بەلایەنێکی نێوەندکار هەیە بتوانێت سەرنج ڕاکێش و بزوێنەربێت بەمەرجێك پێویستییەکانی منداڵان پڕبکاتەوە، نێوەندکارێك بتوانێت  ئەو چەمك و زاراوە زانستییە قورس و وشکانە بەشێوەیەکی دانایانە لە ناخی منداڵاندا بچەسپێنێت کە ئەستەمە بەشێوازە کۆن و کلاسیکییەکان منداڵان لەو تەمەنەدا لە سەرییان ڕابهێنرێت. ئەندامە هەستیارەکان گونجاوترین بژاردەن لە بەردەم پرۆسەی فێرکاری بە بەکارهێنان یان بەشێوەیەکی کاراو لێزانی. لەئێستادا ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرەکی ڕاهێنەرانی باخچەکانی

مندالاَن بریتیە لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان دوور لە شێواز ورێگای وانە بێژی، بەڵکو دەبێت لەسەر شێوازی ئارەزومەندانەی زانستی لەتەك ئامانجەکانی تری بواری فێرکاری زانستیانە (العابدین، ٢٠١٦، ٢). بەو پێیەی مندالاَن لەو قۆناغەدا دەتوانن بە درێژای سالانی پێش قۆناغی سەرەتای قوتابخانە، مانگانە شارەزای تەواو لەمەڕ (٥٠) چەمك و زاراوەی تازە وە دەستبهێنن (nathali,2010,37).

تیۆرە زانستیە نوێیەکان ئەوانەی باس لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن دەکەن بە هەموو بوارەکانیەوە دووپاتی دەکەنەوە کە منداڵ چەقی فێرکردنە لەبەر ئەوە دەبێت مەشق و ڕاهێنان بە هەستەکانی بکرێت و بە باشترین شێوە بەکاریان بهێنن و پێویستە جەخت لە سەر ناساندنی تایبەتمەندی منداڵ بکرێتەوە کەسایەتی و چۆنیەتی پێشکەوتنی و ئاڕاستەکانی بناسرێت تا ببێتە بنچینە لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا بۆ گەشەسەندن و جێبە جێکردنی ئامانجەکانی فێرکردن، (ابوالرز، ٢٠٠٦) لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە"وانە وتنەوە شێوازو ڕێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، شێوازی وانەوتنەوە هونەرە، کە بەدوای ڕێگەو شێوازێکی گونجاودا دەگەڕێت تا بگات بە ئامانجێکی دیاریکراو بە ئاسانترین و باشترین شێواز، وتنەوەی وانە تەنها بە بەکارهێنانی دەم و دوو نییە، بەڵکو بەردەوام بوونی هزرە، کە پێویستە ئەو بابەتانە هزرێکی هۆشمەندانەی لە پشتەوە بێت و تێگەیشتنێکی قوڵی هەبێت و هەستی پێبکرێت تا مەبەستی ئەو ئامانجە بێتە دی ئەوانەی گرنگی دەدەن بە ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوە ژمارەیەکە زۆر لە ڕێگاو شێوازی وانە وتنەوەیان بۆ بەجێهێشتووین، کە هەندێك لەو شێوازانە بۆ بابەتێکی زانستی دەگونجێن، هەندێك

لەو ڕێگەو شێوازانە دەشێت تایبەت بن بە وتنەوەی بابەتە زانستییە جیاجیاکانی تر (ابوالرز، ٢٠٠٦، ٥٧).

بە پێی پۆلێنی (پیاژێ) منداڵانی باخچە هێشتا توانای بیرکردنەوەی تەواویان نیەو عەقڵیان کامڵ نەبووە. بۆیە پێویستە جەخت لەسەر فێرکردن و ڕاهێنانیان بکرێت لە ڕێی ئەزمونکردن و بەهێزکردنی چالاکی هەستەوەری و کردارییەوە لەوانەش: (فیلمی فێرکاری شیاو بە خۆیان)، چونکە منداڵان لەو تەمەنەیاندا بەردەوام پێویستیان بە پاڵنەرو هاندەرو جۆشاندن دەبێت بۆ گەشەکردنی عەقڵ و بیرکردنەوە لەسەر ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین، لەبەر ئەوەی قۆناغی باخچە بە بەردی بناغەی قۆناغە کانی دواتر دادەنرێت دەبێت بایەخ بدرێت بە ڕێگاو شێوازی فێرکردنی ڕاست و دروست (بهادر، ١٩٩٦، ٢٨).

لەم ڕووەوە پێویستە لە سەر پلاندانەرانی پرۆگرامی خوێندن، کە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ لەبەر چاوبگرن تالەو ڕێگەیەوە بتوانن ئامانجە پەروەردەییەکان بەدەستبهێنن (شاهین، ٢٠١١، ٢٢)، توێژەران و لێکۆڵەران، شێوازی بەکارهێنان و نمایشکردنی فیلمە فێرکارییەکان بۆ منداڵان بە باشترین ڕێگاو شێوازی گونجاو ئەزانن، چونکە لەلایەکەوە هەستی منداڵان دەوروژێنن بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی زانیاری، لەلایەکی ترەوە کاریگەری ئەرێنیشیان دەبێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکاری وە بە دیهێنانی ئامانجەکانی، لەبەرئەوەی فیلمە فێرکاریەکان پرۆسەکە زیندوترو بەچێژتردەکات، دەرفەتێکی فراوانتر بۆ لە نزیکەوە بینین و تێبینی و تاقی کردنەوەو جوڵاندن و بیرکردنەوە، هەروەها تێگیشتنی زیاتر بۆ منداڵان دەڕەخسێنێت لەتەك خوێندن و فێربونی تیۆری. (الحیلة، ٢٠٠٢، ٦٤)

هەروەها ئەو جۆرە فیلمانە سەرنجی منداڵان زیاتر بۆ چالاکی و گەشە دان بە ئارەزووەکانیان بۆلای خوێندن و فێربوون زیاترو چالاکترو باشتر ڕادەکێشێت چ لە ڕووی توانای بیرکردنەوە و چ لە ڕووی توانا دەستییەکانیان (دەست ڕەنگینی). وێڕای ئەوانەش ئەبنە هاندەرێکی باشتر بۆ منداڵان تا بایەخی زیاتر بدەن بە پەرەپێدانی بیرۆکەو بەهرەکانیان لە بوارەکانی خوێندن و خۆڕێکخستنەوە تا پڕۆسەکانی خوێندن و فێرکاری باشتر لە ناخیاندا بەرجەستە بێت و بچەسپێت. (زيتون، ٢٠٠١، ٢٧٧).

هەروەها (مردان، ٢٠٠٥) ئاماژەی بەوە کردووە کە فیلمی وێنەی جوڵاو بە چێژترین جۆری بەرنامەیە بۆ منداڵان کە سەرنجیان ڕادەکێشێت و لە بەردەمی دادەنیشن و گوێڕادەگرن و بە وردی تەماشای کەسایەتی و ڕوداوەکان دەکەن و سەرنج لەو شتانەی دەوروپشتیان دەدەن، پێی کاریگەر دەبن، وەڵامی زمانەوانی و شێوازی قسەکردنیان دەدەنەوە (مردان، ٢٠٠٥، ٧٤).

(النعيمي، ٢٠٠٠) ئاماژەی کردوە بە فیلمە فێرکارییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر گەشەسەندنی کەسایەتی منداڵان هەیە، هەر لەبەر ئەوە بە ڕەگەزێکی ڕێکخراو بۆ گواستنەوەی زانیاری و چەمکەکان و بەهاکان بە شێوەی زنجیرە بەندی دادەنرێت (النعيمي، ٢٠٠٣، ٣١).

پرۆگرامە کلاسیکییەکان (نەریتیەکان) زیاتر لە چڕبوونەوە لەسەر لایەنی زانیاری کە لە لێهاتووی لەبەرکردن لانادات بۆ هێنانەوەی زانیاری بۆیە بە پێویست دەزانرێت ڕوو بکرێتە فێرکردنێك گرنگی بدات بە گەشەی گشتی منداڵ لە لایەنی زانیاری و ڕۆشنبیری و دەروونی و جەستەی و ویژدانی و کۆمەڵایەتی، وە گەشەدان بە پێداویستییەکانی منداڵ لە ڕووی لێهاتووییانەوە بۆیە پسپۆڕانی پرۆگرامەکانی فێربوون و وانە وتنەوە ڕویان لە هەڵبژاردنی ڕێ و

شێواز و نموونەی نوێیە لە فێرکردن بە مەبەستی زیادکردنی هاندان و پاڵنەر و سەرنج ڕاکێشانی منداڵ بۆ فێربوونی خۆیی و کارکردن بۆ زیادکردن و فراوانکردنی لێهاتووی منداڵ و گەشە پێدانی چەمکە زانستییەکان و لە نێوانیشیاندا چەمکە کۆمەلآیەتیەکان، کە بەشێوەی قوچەکێك لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغەکەی تر دەڕوات و گەشە دەکات بەپێی گەشەکردنە زانستیەکان و پێگەشتنی تاك لە ڕووی جەستەی و مەعریفییەوە (الاغا و اللولو، ٢٠٠٩ ، ٣٩).

گرنگی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ دڵنیا بونە لە ڕۆڵی بەکار هێنانی فیلمە فێرکاریەکان لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان چونکە دەتوانێت سەرنجی منداڵان بۆ دیمەنەکان ڕابکێشێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، دەکرێت گرنگی توێژینەوەکە لە دوو بوار کورت بکرێتەوە:

**١-٢-أ گرنگی تیۆری:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی لای خوارەوە دا کورت دەبێتەوە :

١. گرنگی قۆناغی باخچە بەو پێیەی کە قۆناغێکی فێرکاری بنەڕتییە بۆ قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.
٢. گرنگە بۆ ئەوەی منداڵانی باخچە بتوانن بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش و ئارام زانیاری لەسەر چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بەدەست بهێنن.
٣. گرنگی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان وەك دەفرێك وایە پڕە لە ڕاستی و زانیاری کە یارمەتی دەرە لە بنیاتنانی گشتاندنەکان.

٤. پێشکەشکردنی ڕێگایەکی گونجاو بۆ بە دەستهێنان و گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. سەرپەرشتیاران و کارمەندانی بواری پەروەردە دەتوانن لەکاتی داڕشتنی پلان و پرۆگرامە کانیان بۆ منداڵانی باخچەکان سودی لێوەربگرن.

**١-٢-ب گرنگی پراکتیکی:**

گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەوڵ دەدات بە شێوازێکی ئەکادیمی پێوەرێکی زانستی پراکتیکی بۆ هەڵسەنگاندنی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە کە سەرجەم مەرج وتایبەتمەندییە زانستییەکانی تێدا بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان سوودی لێ وەربگرن وبەکاری بیهێنن لە توێژینەوەکانی ئایندەدا، کەدە کرێت خوێندکارانی خوێندنی باڵا سود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی، کۆکردنەوەی زانیاریە، میتۆد و هەنگاوەکانی جێبەجێکردن، ئەنجام و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە وەربگرن چونکە دەبنە هەوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەی تر.

**١-٣ سنوری توێژینەوەکە:**

١. سنووری بابەتی : کۆمەڵێك فیلمی فێرکاری بۆ گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە واتە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە (فیلمی فێرکاری) و (چەمکە کۆمەڵایەتیەکان) .

٢. سنوری شوێنی: باخچەکانی منداڵان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی.
٣. سنوری مرۆیی: منداڵانی تەمەن (٥-٦) ساڵ لە باخچەکانی پارێزگای سلێمانی.
٤. سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١.

**٤-١ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بە دیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

١. پێوانە کردنی چەمکە کۆمەڵایتییەکان لای منداڵانی باخچەی منداڵان ئاستی دووەم تەمەن (٥-٦) ساڵ لە شاری سلێمانی.
٢. پێوانە کردنی چەمکە کۆمەڵایتییەکان لەلای منداڵانی باخچەی منداڵان ئاستی دووەم تەمەن (٥-٦) ساڵ لە شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).
٣. زانینی ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لەلای منداڵانی باخچە ئاستی دووەم (٥-٦) ساڵ لەشاری سلێمانی.

**٥-١ گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

١. هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەبەبەکارهێنانی فیلمی فێرکاری وڕێگای ئاسای منداڵانی

باخچە هەردوو گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)، لە تاقیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان نییە.

2. هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوی پێشینە و پاشینە ی منداڵانی باخچە بۆ گروپی (ئەزمونی) لە تاقیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان نییە.

3. هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی باخچە گروپی (ئەزموونی)، لە تاقیکردنەوەی پاشینەیی لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ) نییە.

**١-٦ دیاری کردنی زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

**أ- پێناسەی ڕۆڵ** The Role

1. **علی (٢٠٠٠) :**

تواناى بەدەستهێنانی ئەنجامێکی مەبەستدارە، بەپێی پێوانەیەکی دیاریکراو و ئامادەکراوی پێشوەخت، یان توانای بەدەستهێنانی ئامانجەکانە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان بە پێی ئاستییێکی تەواو گونجاو (علی، ٢٠٠٠، ٤٥).

2. **الفتلاوی (٢٠٠٣):**

کارێکە بەوپەڕی تواناوە ئەنجامدەدرێت، بەمەبەستی بەدەستهێانی ئامانجەکان، لە ڕێگەی گەیشتن بەدەرهاویشتەی خوازراوە هەڵسەنگاندنی بە پێی بنەماکانی گەیشتن بۆ دەکات (الفتلاوی، ٢٠٠٣، ١٩) .

**٣. مجدى (٢٠٠٩):**

توانای کاریگەریە بۆ گەیشتن  بە ئامانجەکان و بەدەستهێنانی ئەنجامە  خوازراوەکان بە باشترین شێوە ( مجدى، ٢٠٠٩، ٧٤٥ ).

**پێناسەی تیۆری ڕۆڵ:**

ئاستی گۆڕانکاریی بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو لە زانیاری و لێهاتووییەکانی مەعریفی منداڵ بە مەبەستی گەیشتن  بە ئامانجە دیاریکراوەکان.

**پێناسەی ڕێکاری ڕۆڵ:**

گۆڕانکارییەکی پێشبینیکراوە لە ئاستی مەعریفی منداڵانی باخچە لە ڕێگای بەکارهێنانی چەند فیلمی فێرکاری  بۆگەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە.

**ب-  پێناسەی فیلمی فێرکاری**

١. Dean McClusky,1999

لە ڕوانگەی پەروەردەو فێرکردنەوە بە یە کێك لە ڕێگا کاریگەرەکان دادەنرێت کە بە شێوازێکی واقعیانە ڕاستییەکان نیشاندەدات و شتە نادیارو پەتییەکان تیایدا دەبینرێت، زیاتر لە هەستێك بەشداری دەکات بۆیە پرۆسەی فێربوون تیایدا هەتا هەتاییە ( Dean McClusky,1999, 371).

**٢. خليل و عيسى (٢٠٠٧)**

یەکێکە لە هۆکارە فێرکارییە پەروەردەییە نوێیەکان هەردوو هەستی بینین و بیستن تیایدا بەژداری دەکات وە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پڕۆسەی فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ لە وەرگرتنی چەمکەکان و زانیاریەکان و لێهاتوییەکان (خليل و عيسى، ٢٠٠٧، ٣٥).

**٣. حبيب (٢٠١٣ )**

جۆرێکە لەفیلمی مەعریفی و ڕۆشنبیریە گشتیەکان زانیاری وداتاو ڕاستی زانستی بە وردی و بە ڕونی هاوکات زۆرترین ئاسانکاری، تایبەتە بەفێرکردنی چەمکەکان وزانیاریەکان ولێهاتوییەکان زوربەی کات لە باخچەی منداڵان وە بنکە فێرکاریەکاندا بەکاردێت. (حبيب، ٢٠١٣، ١٢).

**پێناسەی تیۆری فیلمی فێرکاری:**

ئامرازێکی فێرکردنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گفتووگۆ لەگەڵ هەستەوەرەکانی منداڵ دەکات، وکاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر دڕکپێکردنی زانیارییەکان بۆ منداڵان.

**پێناسەی ڕێکاری فیلمی فێرکاری:**

بریتیە لەو کۆمەڵە فیلمەی کە توێژەر ئامادەی کردووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکەی، کە (١٠) فیلمی فێرکاری لەخۆگرتووە (نیشتیمانەکەم، ژینگەکەم، سەرچاوەکانی پیسبونی ژینگە، شێوەکانی سەر ڕووی زەوی، سەرچاوەکانی ئاو، کەش و هەوا، وەرزەکان، شەو ڕۆژ، ئاڕاستەکان، ڕەفتارو هەڵسوکەوتی جوان) مەبەست لەم فیلمانە گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە.

### ج- پێناسەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان

**١. لبيب (١٩٧٤)**

"ڕونکردنەوەیەکە، دەربڕینێکە، یان تیشك خستنە سەر ڕەگەزە هاوبەشەکانە لە نێوان کۆمەڵێك هەڵوێۆست یاخود ڕاستیەکان بەجۆرێك دەربڕینەکە ناوێك یان ناونیشانێك دەدات، تێگەیشتنەکە بریتینیە لە ووشەیەك بەڵکو ناوەرۆکەکەیەتی". (لبيب،١٩٧٤،٥٣)

**٢. محمد (١٩٧٥)**

"وێنایەکی زەینیە یاخود بیرۆکەیەکی گشتیە واتا ناوێك یان هێمایەك یاخود نازناوێك دەگەیەنێت دەربارەی دیاردەیەکی جوگرافی هەمەجۆر بە ڕێگای کۆکردنەوەی لێکچونە هاوبەشەکان تاوەکو شێوەکانی دیاردەکە دیاری بکات"، واتە دەربڕینێکە. (محمد، ١٩٧٥ ،٤٢).

**٣. سعادة (١٩٨٤)**

چەمکی مێژوو ئەو چەمکەیە کە زۆر بە ڕونی خۆی دەنوێنێت کۆمەڵە خەسڵەتێکی هاوبەش دەربارەی ڕوداوە مێژوویەکان بە ئەنجام دەگەیەنێت و بە شێوەیەکی کارا هەوڵی بۆدراوە، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی چەمکی مێژوو بریتییە لە : گشتاندن، هێمابەندی، بەرەو پێشەوە چون (سعادة، ١٩٨٤، ٣١٥).

**٤. جوهری (١٩٨٥)**

"ناوێکە یان زاراوەیەکە ئاماژە بە بیرۆکەیەکی دیار دەکات بە مەبەستی دەربڕین لە دیاردەیەکی جوگرافی، یان لقێکە، بەشێکە لە دیاردە فرەجۆرەکانی جوگرافیای سروشتی و

مرۆیی وەکو جوڵە یان لەرینەوەکانی ناخی زەوی، شاخێك، ڕوبەرێکی ئاوی، تەنێکی گەردوونی " (جوهري،١٩٨٥ ، ٧٠).

٥. **سعادة ( ١٩٨٨)**

تێگەیشتن لەعەقڵ وەك سروشتێکی گۆڕاو هەڵدەستێت بەدروستکردنی پەیوەندی لەنێوان شتەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، لە شێوەی دەربڕین دەردەکەوێت. (سعادة، ١٩٩٨، ٦٥).

٦. **الطيطي (١٩٩٣)**

کۆمەلێك شمەك و کەرەستەیە یاخود هێماو ڕودانە سەرجەمیان لە سەر بناغەی خەسڵەتی هاوبەش کۆکراونەتەوە و بە ناوێك یاخود بە هێمایەکی دیاری کراو ئاماژەی پێدەکرێت (الطيطي،١٩٩٣،٥).

٧. **(برونر) و (جودنو) و (ئۆستن) (٢٠٠٠)**

"کۆمەڵێك زانیاری پێشوەختەی بەیەکەوە بەستراوە کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك لە تایبەتمەندی تێبینی کراوی شتێك یان ڕوداوێك کەیارمەتی دەرە بۆ دیاریکردنی دەستەیەکی دیاریکراو شوێنکەوتنی زانیاری زیاترلەسەر تایبەتمەندیە تێبینی نەکراوەکان" (الشربيني وصادق،٢٠٠٠،٤٣).

٨. **جابر (٢٠٠٢)**

چەمك پێناسە کراوە بەوەی: بریتیە لە کۆمەڵێك هێماو ئاماژە کەلەسەر بنەمای تایبەتمەندییە هاوبەشە گشتییەکان یەکدەگرنەوەو دەکرێت لە چوارچێوەی قەبارەیەکی

داخراو تێکەڵبکرێن و ئینجا بە نازناوێك یاخود هێمایەکی تایبەت ئاماژەی پێبکرێت. (جابر، ٢٠٠٢، ٣٣٢) .

٩. **شحاتة و النجار (٢٠٠٣)**

پێکهاتەیەکە مێشکی-زەینییە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی تایبەت یاخود زیاتر لە بیرکردنەوەیەك دروست دەبێت کە تایبەتمەندی هەبێت بە جۆرێك خۆی لە دەوروبەر جیادەکاتەوە، لە پاشاندا هەریەك لەو دەربڕین و تایبەتمەندییە ناوێك بۆ خۆی هەڵدەگرێت. (شحاتة و النجار،٢٠٠٣،٢٨٦).

١٠. **عثمان (٢٠٠٤)**

زاراوەیەکە هەستاوە بە دەربڕین دەرئەنجامی وێناکردنێکی زهنی وە هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی پەیوەندیەکی هاوبەش لە نێوان کەرەستەکان و ڕاستییەکان و ڕوداوەکان. (عثمان، ٢٠٠٤،١٧٥).

١١. **سکبانی (٢٠٠٨)**

بریتیە لە کۆمەڵێك هێماو نیشانە، یاخود ڕوداوی تایبەتن پێکەوە گرێدراون لەسەر بنەمای لێکچوون و خەسڵەتە هاوبەشەکان کۆکراونەتەوە، هەروەها دەکرێت بە هێمایەك یاخود ناوێکی دیاریکراو ئاماژەی پێبکرێت. (السكباني، ٢٠٠٨، ٤٠) .

**١٢. باوزیر و  قربان (٢٠١١)**

چەمکی مێژووی و جوگرافی گوزارشتە لە وێناکردنی زەینی پەتی یان هەستپێکراو کە لە شێوەی ووشە، یان شێوەی ڕستەبۆ کۆمەڵێك ڕوداو یان هەڵوێست، یان ڕاستی مێژووی، یان دیاردە جوگرافییەکان، یان ڕاستییە زانستییە پێشکەوتووەکان ( باوزیر و  قربان، ٢٠١١، ٢٠-٢١).

**١٣. علی( ٢٠١١)**

ئەوبابەتانەی کەمرۆڤ توێژینەوەی لەبارەوە کردون لە ڕابردوو لە ئێستادا، لە ڕوی پەیوەندی بە مرۆڤەوە وەك تاکێك نوێنەری کۆمەڵ، وە پیوەندی بە دۆخی ئەو کۆمەڵگەی کەتیایدا دەژی (علی، ٢٠١١، ٩).

**١٤. الکحلوت (٢٠١٢)**

وێناکردنێکی زهنیە یاخود بیرۆکەیەکە ناوێك دەبەخشێت یاخود زاراوەیەك دەدات بۆ دەربڕین لە سەر دیاردەیەکی جوگرافی دیاریکراو، واتە تێگەیشتن و دەربڕینێکە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی خەسڵەتە هاوبەشەکان کۆدەبێتەوە بە جۆرێك تاکەکانی ئەم دیاردەیە جیاواز دەردەخات  . (الکحلوت،٢٠١٢،٢٦) .

**١٥. دبور (٢٠١٦)**

وێناکردنێکی زەینییە، هێمایەك ناوێکی دیاریکراو نیشان دەدات، هەروەها لە کۆکردنەوەی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی تاکەکان وێناکردنەکە دەبینرێت. (دبور، ، ٢٠١٦، ١٦٥)

بەم جۆرە لەسەر بنەمای ئەوپێناسانە توێژەر پێیوایە چەند ڕەگەزو بیرۆکە و بۆچونێنێکی هاوبەش هە یە لەوانە :

١- كۆمەڵێك ئامرازوو هێما و بیرۆکە و ڕوداوە کەزۆربەیان ئاماژە بەدیاردەیەکی جوگرافی دەکەن پاشان بە وشەیەك یاخود بە هێمایەك دەربڕینی بۆ دەکرێت .

٢- دەربڕینێکی داماڵراو یاخود وێناکردنێکی زەینییە.

٣- هەبوونی خەسڵەت و لێکچونی هاوبەش و هێماو نیشانەکان.

دەتوانین پوختەی ئەو پێناسانەی بۆ چەمك خرانە ڕوو لە دوو ڕەگەزی بنەڕەتیدا کۆبکەینەوە.یەکەمیان چەمك دەربڕینە بە ووشەیەك یان بیرۆکەیەك یان وێناکردنێکی زەینییە جا پەتی (مجرد) بێت یان هەست پێکراو، دووەمیان بونی تایبەتمەندییەکی هاوبەش یان زیاتر بۆ هەمان چەمك کە دەتوانرێت بە ناوێك یان هێمایەکی دیاریکراو ئاماژەی بۆبکرێت.

**پێناسەی تیۆری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان:**

وێناکردنێکی زەینییە کە منداڵی باخچە تەمەن (٥-٦) ساڵ دروستی دەکات لە ڕێگەی تایبەتمەندییە نەبینراو یان هەستپێکراوەکان کە لە شێوەی ووشەیەك یان ڕستەیەك بۆ کۆمەڵێك ڕوداو هەڵوێست، یان ڕاستیە مێژووییەکان، یان شێوە جوگرافییەکان، یان ڕاستییە زانستییەکان، وە دەتوانرێت پێوانە بکرێت لە ڕێگەی ئەونمرانەی کە منداڵی باخچە بەدەستیدەهێنێت لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کراوە.

**پێناسەی ڕێکاری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان:**

بریتییە لەو نمرانەی کە منداڵانی باخچەی (نموونەی توێژینەوەکە) بەدەستی دەهێنن لە سەر بنەمای تاقیکردنەوەی پێوانەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان کە توێژەر ئامادەی کردووە.

**د- پێناسەی منداڵی باخچە**

1. **الصایغ (٢٠٠٦)**

ئەوجۆرە منداڵانەن کەتایبەتمندی جودای خۆیان هەیە,,دەتوانین وردتر بڵێین منداڵانی هەردوو پۆلی یەکەم و دووەمی باخچە کە تەمەنیان لە نێوان ٣- ٦ساڵان دەگرێتەوە. ( صایغ، ٢٠٠٦, ٢).

2. **پێناسەی بدر( ٢٠٠٧)**

ئەو قۆناغەیە کە تیایداچاودێری ئەومنداڵانەی تێدا دەکرێت کە تەمەنیان لەنێوان٣-٦ ساڵاندایە لە دامەزراوە پەروەردەی و کۆمەڵایەتیە کاندا کە ئامانج یان گەشەپێدانە لە هەموو لایەنێکەوە (جەستەیی، عەقڵی، دەرونی، کۆمەڵایەتی) (بدر، ٢٠٠٧، ١٨).

**پیناسەی تیۆری منداڵی باخچە:**

ئەو منداڵەیە کە تەمەنی لە سەرەتای سێ ساڵییەوە دەستپێدەکات تا کۆتای ٦ساڵی، ئەم قۆناغەش ناودەبرێت بە منداڵی سەرەتای.

**پێناسەی ڕێکاری منداڵی باخچە:**

ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان ( ٤-٦ ) ساڵیدایە دەخرێنە باخچە بە مەبەستی فێربوونی هەندێك چەمك وبەهاو لێهاتویی، وە هەموو ئەو شتانەی دی کە لەو قۆناغەدا پێویستی پێیەتی.

**هـ- پێناسەی باخچەی منداڵان**

1. **(صایغ، ٢٠٠٦)**

ئەو دەزگا پەروەردەییە تایبەتمەندییە کە لە کەش و هەوایەکی کراوەدا پاك و خاوێنانە بایەخ دەدات بەباری منداڵ ڕایاندەهێنێت، بواری چالاکیەکی ئەوتۆیان بۆ دەڕەخسێنی کەبە یاری و چالاکی هەمە جۆری خۆش و سوودمەند کاتەکەیان بەسەر بەرن (لیلی، ٢٠٠٦، ٢).

2. **پێناسەی نبهان (٢٠٠٩)**

دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی سەرەتای وە دەستەبەرکردنی ئازادی تەواو بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانیان وە دەرخستنی تواناو لێهاتوییەکانیان لە تەمەنی(٣-٦)ساڵیدا. (نبهان،٢٠٠٩،١٠)

3. **پێناسەی بدر(٢٠١٠)**

بریتیە لەو دەزگا پەروەردەییەی کە چاودێری منداڵ دەکات لە نێوان (٣-٤) تا (٦) ساڵی، ئامانج لێی بەدەست هێنانی گەشەی تەواو و هاوسەنگە لەگشت بوارەکانی ژیری و دەرونی و کۆمەڵایەتی هەروەها پاڵپشتیکردن و گەشەکردنی تواناکانیەتی لەڕێگەی ئەنجامدانی جوڵەو چالاکی سەربەست (بدر، ٢٠١٠، ٧٧).

**٤. بۆكانی(٢٠٢٠)**

دامەزراوایەکی فێرکاریی پەروەردەییە، لە پێش خوێندنی تەوزیمییەوە لە زۆربەی وڵاتاندا منداڵانی تەمەن سێ و پێنج ساڵان وەردەگرێت.(بۆكانی،٢٠٢٠،٥٥)

**پێناسەی تیۆری باخچەی منداڵان:**

دامەزراوەیەکی پەروەردەییە کە منداڵان دەگرێتە خۆی پێش چونە قۆناغی قوتابخانە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی پڕۆگرامی پەروەردەو فێرکردنی گونجاو لەسەر منداڵ لە تەمەنی ( ٤-٥)ساڵی.

# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## ٢-١ باخچەی منداڵان

گومانی تێدا نییە کە بەشێک لە خێزانەکان ناتوانن ژینگەیەکی دروست و لەبار و گونجاو بۆ منداڵکانیان دابین بکەن، تەنانەت خێزانە دەوڵەمەند و بەتواناکانیش لەم سەردەمی شارستانییەت و تەکنەلۆژیا و تەقینەوەی کانیاوی زانستەکاندا ناتوانن هەموو پێداویستیە فسیۆلوژی و دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ تێربکەن و تینوێتی زانستی و حەز و ئارەزوەکانی تێربکەن، بەڵام باخچەی منداڵان کە لەسەر نەخشەیەکی زانستیانە، پرۆگرام و پیداویستیەکانی بۆ دانرا، ئەوە دەتوانێت بەو ئەرکە گەورە و پیروزە هەڵبستێت و خزمەتێکی گەورە بە منداڵ و جیهانە پاك و بەرفراوانەکەی پێشکەش بکات .

باخچەی منداڵان دەزگایەکی پەروەردەیی تایبەتەبە منداڵانی قۆناغی تەمەنی پاش دایەنگە و پێش چونە قوتابخانەی سەرەتالەخۆدەگرێت، ئەم دەزگایە ملکەچە بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و هونەری لە دەسەڵاتی پەروەردەی فەرمیدایە، لەم شوێنەدا منداڵ رادەهێنرێت بۆ چونەدەرەوە لە سنوری خێزان بۆ نێو کۆمەڵگەی قوتابخانە و هاوپۆل و هاورێ . لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەدا پەرتووکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بەوە جیادەکرێتەوە وێنەی گەورەو مانادارو وشەی کەم و ئاراستە کراو بۆ لای مامۆستایان و دایك و باوکان لە خۆ دەگرێت (عبدالکافي، ٢٠٠٥، ١٤٦) .

### ٢-١-١ منداڵی قۆناغی باخچەی منداڵان

قوناغی سەرەتای منداڵی قوناغێکی دیار و هەستیاری گەشەی منداڵە، چونکە ئەو کاتەیە کە منداڵ زیاتر ئامادەیە بۆ گەشەو خۆگونجاندنی دەروونیی و ژینگەیی، بۆیە دەروناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە قۆناغی سەرەتایی منداڵی بە (قۆناغی هەستیار) ناو بەرن، لەبەر ئەوە کاریگەری وشوێنەواری زۆری دەبێت لەسەر پێگەیشتن و بونیاتنانی کەسێتی لە ئاییندەدا، هەروەها کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی و ئامادەیی بۆ فێربوون هەیە، لەم قۆناغەدا ویژدانی منداڵ دەخولقێنێت و تیایدا لە خود سەنتەری وردە وردە دەردەچێت، سەرەتایی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و مافی کەسانی تر لەسەری دەستپێدەکات، ئەمە جگە لەوەی لەم قۆناغەدا بنەمای ئاکار و ڕەوشت لای منداڵ دروست دەبێت، لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان وەك: سەربەخۆی و ئارەزوی کارکردن و هاوکاری و جێبەجێکردنی و پەیڕەو کردنی سیستەم. بۆیە پەروەردە کاران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بە هەموو توانایەکەوە گرنگی بدرێت بەم قۆناغە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلوژیا زۆر بە خێرایی بەرەو پێش دەچێت، . (سالمة، ٢٠٠٤، ٢١٢).

### ٢-١-٢ گەشە کردنی عەقڵی و مەعریفی منداڵ لە قۆناغی باخچەدا

هەر قوناغێك لە قوناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ، مۆرك و سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە قۆناغەکانی تری جیا دەکاتەوە، قۆناغی باخچەی منداڵانیش یەکێکە لەو قۆناغە گرنگانەی کە خاسێت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و کۆمەڵێك گۆرانکاری (جەستەییی،

کۆمەڵایەتی، عەقڵی، هەڵچونی ... هتد) لە خۆ دەگرێت .لەبە ئەوە باشتر وایە کە مامۆستا یانی باخچەی منداڵان شارەزایی و زانیاری پێویستیان دەربارەی ئەو قۆناغە و پێداویستی و گرفتەکانی هەبێت، بۆ ئەوەی لە کارەکانیاندا سەرکەوتو بن و ئامانجەکانی باخچەی منداڵانیش بهێننە دی. (قەرەچەتانی، ٢٠١٤،٤٠) .

دەکرێت بڵێین کە پەروەردەی منداڵ لە روویەکەوە زانستە و لە رویەکی ترەوە هونەرە، زانستە لەو لایەنەوە کە ئامرازە پەروەردەییەکان رێکدەخات لە پێناو چاودێرییەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی منداڵ، تیۆر و پرەنسیپی پەروەردەی بۆ دادەنرێت تا پەروەردە کاران و کەسانی لەو بوارەدا کار دەکەن پەیرەوی بکە و لە سەری برۆن، هونەریشە لەبەر ئەوەی ئەوکەسانەی تێدا سەرکەوتودەبن کە منداڵیان خوش دەوێت و توانای مامەڵە کردنی زانستیانە و گونجاویان هەیە لەگەڵ منداڵدا دەتوانن خواست و ئارەزو پێداویستیە دەرونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتیی و جەستەییەکانی منداڵ بناسن و بیکەن بە بنچینە بۆ کارکردن و رێکخستنی ژینگەکەیان (سالمة، ٢٠٠٤، ٢١٢).

مەبەست لە توانستە عەقلییەکان (سەرنجدان، وریایی، هەستکردن، زانین، یادکردنەوە، بەراوردکردن، هەڵسەنگاندن، داهێنان، بیرکردنەوە ... هتد) سەرجەم ئەو توانستە عەقڵییانە (کەم یان زۆر) لە لای منداڵ هەیە، بەڵام پێویستیان بە گەشە کردن و پەرە پیدان هەیە، سەرچاوەی سەرەکی ئەو توانستە عەقڵییانەش ژینگە و ئەو بار و دۆخەیە کە منداڵ تێدا دەژی. لەبەر ئەوە باشتروایە کە مامۆستا و کارمەندانی تری باخچەی منداڵان لە رێگای (فیلمی فێرکاری،

یاریکردن، چیرۆك، وێنە و نیگار، سەما و هەڵپەرکێ، سروود و گۆرانی، گەشت و گوزار و چالاکییەکانی تر ) لە هەوڵی گەشە پێکردنی ئەو توانستە عەقڵییانەدا بن و منداڵان لەسەر زانینی ژینگە و تاکەکانی کۆمەڵ و دیاردەکانی تری ژیان هانبدەن، واتە گەشە کردنی عەقڵی منداڵ پشت بە چالاکی و کارلێکردنی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵ و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی دەبەستێت و پێویستە منداڵ رۆڵی سەرەکی لە چالاکی و کارکردن و یاری کردندا هەبێت و مامۆستاش رێنمایی و ئامۆژگاری بکات و کەرەستە و بارو دۆخی گونجاوی بۆ بخولقێنێ و نابێت ماموستا منداڵەکان بە یەکتر بەراورد بکات و نازناوی (، تەمەڵ، نەزان، گەمژە ... هتد) لە منداڵان بنێت بە تایبەتیش خراپەکانی وەك ( تەمەڵ، نەزان، دواکەوتو ... هتد) (هرمز و ابراهیم، ١٩٨٨، ١٧٧)

هەستەوەرەکانی منداڵ سەرچاوەی یەکەمی تێگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر جیهانی دەرەوە، لەبەر ئەوەی زۆر پیویستە لە رێگای چالاکی جۆرا و جۆرەوە (وروژێنەرەکان) گەشە بە هەستەوەرەکانی منداڵ بدرێت و دەبێت سەرجەم چالاکی و یارییەکان هەست پێ کراو بن ومنداڵ لە میانەی هەستەوەرەکانی ( بینین، بیستن، بۆنکردن، تام وچێژ، دەست لێدان) هەستیان پێ بکات و دوور بن لە شتی پەتی و بێ مانا و زەحمەت و نەشیاو بۆ منداڵ، هەروەها دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت کە یەکەم جار شتە سوك و ئاسانەکان ئینجا قورس و گرانەکان پێشکەش بە منداڵ بکرێت و دەبێت لە سادەوە بۆ ئاڵوز دەست پی بکرێت و وەڵامی پرسیارەکانی منداڵ بدرێتەوە و لەسەر قسە کردن و بیرکردنەوەی ئازاد هانبدرێت . (احمد، ٢٠١١، ٢٨).

منداڵ له باخچەی ساوایان له ڕیگای یاریکردن و گورانی و سروود و چیرۆك زۆر شارەزاییی و زانیاری فێر دەبێت و زمانی پاراو ژمارەی ووشەکانی زیاد دەبێت و هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکرێتەوە و یادکردنەوە و ئاگاداری و سەرنجدان و خەو و خەیاڵی بەهێز دەکریت و شارەزایی هەندێك له دیاردەکانی ژیان دەبێت . (قەرەچەتانی، ٢٠١٤، ١١) .

هەموو ئەو کارمەندانەی له بواری پەروەردە و فێرکردندا کار دەکەن گرنگی دەدەن به گەشەی عەقڵی، ئەمەش بەهۆی هەڵبژاردن و دیاریکردنی باشترینی ئەو هەلومەرجانەی دەگونجێت بۆ پەرەدان به ئامادە باشییەکانی منداڵ و بەهرەکانی بۆ بەرزترین ئاست که بتوانێت پێی بگات، به شێوەیەك ئەمه کاریگەری دیاری هەیە لەسەر پلەکانی فێرکردنی و هەروەها چالاکییەکانی منداڵ له تێکرای جۆرەکانی چالاکی فێربوون.لەبەر ئەمەش ناتوانرێت جیاکاری بکرێت لەنێوان گەشەی عەقڵی و لایەنەکانی تری کەسایەتی منالەکە چونکە کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتر، وەڵامدانەوەکانی منداڵ هەرچییەك بێت بێگومان بێبەش نییە له چالاکییەکی هزری، سادە بێت یان ئاڵۆز بەشێوەیەك ئاستەکانی ئەم چالاکییە لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا ئاڵۆزتر دەبێ پلەکانی ئاڵۆز بوونیشی به پێی رادەی زیرەکییەکەی و هەروەها کاریگەری دروست دەبێت به کردارەکانی گەشەکردن و شارەزاییەکان و فێربوونەکان بەهۆی ئەمەشەوە جیاوازە له نێوان منالەکاندا بەپێی پلەی پێگەیشتنیان و زیرەکیان و جۆری ئەو هەڵوێستانەی که تێیدەکەون و لێوەی فێر دەبن. (الناشف، ٢٠٠٨، ٥٠) .

ئامانجە مەعریفییەکان لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا دێتە دی لە ڕێگای ئامادەکردنی منداڵەوە بۆ فێربوونی چەمکەکان و شارەزاییە بنەرەتییەکان ئەم ئامانجە واتای گەشەی منداڵ دەگرێتەوە لەو زانیاری و زانست و مەعریفە و چەمکانەی کە فێری بووە. وە گەشەی توانای منداڵ لە بواری هزری و مەعریفی و پەیبردن، بەواتای ئەو توانایانەی کە منداڵ وەریدەگرێت لە ئیدراك کردن شتی نوێ و فێربوونی نوێ.ئامانج لەم بوارەدا گرنگی دەدات بە پرۆسەی کردارەکی عەقڵی و چالاکییەکانی مێشکی و گەشەی . دادەنرێت کە گەشەی ( بیرکردنەوە) لای منداڵ بە ئامانجێکی سەرەکی پەیوەست بە بواری عەقڵی و مەعریفی، کە هاوکارە بۆ فێربوونی خودی منداڵ کە پشت دەبەستێت بە دۆزینەوەکان و گەڕان و جیاوازی کردن.(لەڕوانگەی توێژەرەوە)

## ٢-٢ فیلمی فێرکاری

فیلمی فێرکاری بەوەناسراوە کەهەموو هەستەکانی منداڵ ئەووروژێنێت و کاردانەوەی لە سەر هەستەکانی هەیە یارمەتیشی دەدات لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان، فیلمی فێرکاری زانیارییەکان پێشکەش بەمنداڵان دەکات بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و یەك لە دوای یەك هاوکات دروست کردنی حەزی تەماشاکردن بەبێ هیچ هەوڵدانێك، وەئەم فیلمانە کات و ماندوبون بۆ مامۆستایان و منداڵان دە گەڕێنێتەوە لە هەمان کات دا، وەدەبێتە نەریتێکی باو لەم

سەردەمەی ئێستادا، وە فیلمی فێرکاری گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر چالاکییە کان (لەڕوانگەی توێژەرەوە).

مرۆڤ بیری لە هۆکارێك کردۆتەوە بۆدەربڕین و گوزارشت کردن لە ڕای خۆی لەبەرامبەر ئەوانی تر، لەمانەشدا هەندێك وێنەو هێما لەخۆبگرێت لەسەدەکانی ڕابردودا مرۆڤ حەزی گوزارشت کردنی بۆدیاردە سروشتییەکان هەبووە بە چەندین شێوە، عیراقییە کۆنەکان لەناوچەی (ڕافیدەین) نمونەی جۆراو جۆریان بەکاردەهێنا لە وێنەکردن و نەخشاندنی بەردەکان (سليم و سعد، ١٩٦٨، ٣٢٠)، وە هەروەها سکرات جەختیکردۆتە سەر ئەوەی کە دەبێت مامۆستا لەفێرکردنی نوسیندا ڕێگای هەڵکۆڵین لەسەر پارچە تەختە بگرێتە بەر وە داوا لە فێرکار بکات کە هەمان کار دووبارە بکەنەوە ئەمەش لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ناو دەبرێت بە نمونەکان .

(ابن هيثم) داهێنەری فیلمە گەردونیەکان (الافلام الكونية) پشت بەست بە تیۆری بینینی شتەکان بە چاوو . (كاظم و جابر، ١٩٨٢، ٣٤٠)، ئەمەش بریتیە لە بینینی شتەکان بەچاو لە ماوەی (١-١٠) چرکە لەدوای نەمانی (الكلوب ١٩٨٧، ٣٧)، بەدوای ئەودا کۆمینۆس (١٥٩٢-١٦٧٠) ئگوزارشتی لەوە کردوە کەهەموو شتێك لەسەر بنەمای هەستەکان بێت کە ئەمە خۆی شتێکی گونجاوە هەمیشە زانین لەڕێگەی هەستەکانەوەیە، وە جان جاك رۆسۆی فەرەنسی (١٧١٢ -١٧٧٨) جەختی کردۆتە سەر تێبینی کردنی ڕاستەوخۆی شتە بەرجەستەکان و شێوە سروشتییەکان لە جییاتی بە تەنها بەکارهینانی ووشە (حبيب ٢٠١٣، ١٨) .

**٢-٢-١ لایەنە باشەکانی فیلمی فێرکاری :**

گرنگی بەکارهێنانی فیلمی فێرکاری بۆمنداڵانی باخچەی منداڵان لە چەندخاڵێکدا دەخەیینە ڕوو :

١. یارمەتی منداڵ دەدات لەسەرکەوتن بەسەر هەندێك لە ئاستەنگییەکان بە تاییبەت ئەوانەی پەیوەستن بەپرۆسەی فێربوون، زمانی وێنە زمانێکی جیهانییە کە پێویست ناکات منداڵ توانای خوێندنەوەی هەبێت، ئەو منداڵەی کەدرککردن بە هەندێك چەمکی زانستی ئاستەنگە بۆی وەك (ئاژەڵە ماڵییەکان) وە توانای خوێندنەوەیان نییە ئەم فیلمانە ئاسان کارییان بۆدەکات لەبەدەست هێنانی ئەزموون وە خستنەڕوی بابەتەکان بەشێوازێکی هونەری جوان.

٢. هاوکارە بۆ مانەوەی بابەتەکان لە یادەوەری منداڵەکەدا بۆ ماوەیەکی دوو رو درێژ، زیاتر لە هەستێك بەکار هاتووە لە بەدەست هێنانی زانیارییە کان دا چونکە کۆکراوەی دەنگ و ڕەنگ و جوڵەیە وە زیاتر لە هەستێك بە ژداری دەکات لە وەرگرتنی زانیاریەکان ئەمەش فێربوون چالاك تردەکات بە جۆرێك هەر هەستێك دە بێتە پاڵنەری فێربون لە ڕێگەی هەستی دووەم.

٣. کار لە سەر دووبارە داڕشتنەوەی وێنە و ڕوداوەکان دەکات بە جۆرێك کە سەرنج ڕاکێش بن وە لە ڕاستییەوە نزیك بن، کە وا لە منداڵ دەکات رۆچێتە ناو بابە تەکەو وەڵامدانەوەی بۆی هەبێت.

٤. ئەزمونی هاوبەش پێشکەش بە منداڵان دەکات، وە کارلەسەر ئەزمونی تاك بە تاکی کۆمەڵگە دەکات، لە کاتی نیشاندانی کێشەیەك لە ڕێگەی فیلمەوە بوار دەدات بە تاکەکان کە گفتوگۆ بکەن وە ڕای جیاوازیان هەبێت.

٥. زاڵ دەبێت بە سەر ڕێگرە سروشتیەکان وەك دوری، قەبارە، مەترسی، ژیانی نەتەوە کان، وەژیانی بونەوەرە زیندووەکان لە قوڵایی دەریاو زەریاکاندا، دە گوازێتەوە بۆ ناو ژوری چالاکیەکان بە ئاسانی.

٦. کات و ماندوبون دە گێڕێتەوە، وە فێربوون لە ڕێگەی فیلمەوە چێژ بەخشترە، لەبەرئەوەی هەندێك ئەزموون و هۆکار نیشاندەدات کە لە ژووری چالاکیەکاندا بەردەست نییە.

٧. ئاسانکاری لە فێربونی چەمك و بیرۆکە زەحمەتەکان کە بە تیۆری ئەستەمە منداڵ فێرببێت وەك گەشەی ڕووەکەکان و بەشەکانی.

٨. تۆمارکردنی ڕوداوە کتوپڕەکان وەك گڕکان و بومە لەرزە و جەنگەکان وهەڵکشان و داکشانی زەریاکان چەندین دیاردەی دی.

٩. یارمەتی تێگەشتنی پەیوەندیەکان و چەمکە نابەرجەستەکان وەك لێکۆڵینەوە لە مێژوو وە زمان. (مطر، ٢٠٠٤، ٢٦) .

١٠. دەتوانرێت خێرای ڕوداوەکان کۆنترۆڵ بکرێت، ئەو ڕوداوانەی کە ئەستەمە بۆ منداڵ لێی تێبگات فیلمەکان بە شێوەیەکی خاو نیشانی دەدات بۆنمونە شێوەی

دروست بون و گەورەبونی ڕووەکەکان وە یان قۆناغی گەورەبونی مرۆڤ بەم جۆرەش ئاسان دەبێت بۆ منداڵ کە فێرببێت (حبیب، ٢٠١٣، ٢٢).

١١. نیشاندانی کەسایەتی و ڕوداوەکانی پێشوتر بە دەنگ و ڕەنگ، ئەم تایبەتمەندیەش جیای دەکاتەوە لە هۆکارە فێرکاریەکانی دی.

١٢. بە کاردێت بۆ بە تایبەت کردنی فێربوون، واتە منداڵ دەتوانێت بە تەنها چەندجارێك تەماشای بکات و لە بابەتەکە تێبگات (القضاة، ٢٠٠٣، ٢٠٦) .

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە پەرە پێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە، جەخت کراوەتە سەر ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە وتنەوەی بابەتی کۆمەڵایتی، ئەمەش زۆر گرنگە، وە ئامانج لە فێربونی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە کە منداڵ چەمکە کۆمەڵایەتیەکان فێرببێت.

لە گرنگ ترین سودەکانی فیلمی فێرکاری لێرەدا بریتییە لە: لابردنی زارەکی، دەستەبەرکردنی لێهاتوییە نابەرجەستەییەکان بۆ تێگەشتنی زۆرترین ڕاستی و زانیاری و جێبەجێکردنە پراکتیکیەکان، بە تایبەت گرنگی ئەم فیلمانە بۆ منداڵانی باخچە، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا پێویستی بە هۆکارێکە کە زیاتر لە هەستێك بە ژدارە تێدا، تا زانیاریەکان لە بیر نەچنەوە.(سلامة،٢٠٠٧،٢٩٢).

### ٢-٢-٢ هەنگاوەکانی بە کارهێنانی فیلمی فێرکاری لە فێرکردنی منداڵی باخچە

ڕێژەی سەرکەوتنی بە کارهێنانی فیلمی فێرکاری وەستاوەتە سەر مامۆستای باخچە چ جۆرە ستراتیجیەتێك دەگرێتە بەر ئەگەر پلانەکانی باش نەبێت ڕێژەی سەرکەوتن و سود وەرگرتن کەم دەبێت، لە کاتی بە کارهێنانی فیلمی فێرکاریدا پێویستە مامۆستایانی باخچە ڕەچاوی ئەم هەنگاوانە بکەن:

**أ- ئامادەکردن (پێش بەکارهێنان) ئەم قۆناغەش ئە مانە دەگرێتەوە:**

- هەڵبژاردنی بابەتێکی زانستی گونجاو بۆ منداڵانی باخچە: لەهەڵبژاردنی فیلم هەندێك مەرج لەبەرچاو دەگیرێت گرنگترینیان تاچەند پەیوەندی بە ئامانجی چالاکیەکەوە هەیە وە وردی و ڕونی ڕاستی بابەتە زانستیەکە وە ڕێگای دەرهێنانی فیلمەکە و ڕادەی گونجاوی بابەتەکە لە گەڵ تەمەن و ئەزمونی منداڵەکاندا، وە دروستی هونەری بابەتەکە وەك ڕونی وێنە و ڕەنگەکان وە ڕونی دەنگەکان وە خێرای نیشاندانی بابەتەکان، وە باشتر وایە کە منداڵەکان بەشداریبکەن لە هەڵبژاردنی فیلمەکەدا وە ئامادەکردنی ژورەکە و کارپێکردنی ئامێرەکان (الخطيب، ٢٠٠٩، ٨٩) .
- ئامادە کردنی فیلمەکە بە باشترین شێواز: پێویستە مامۆستای باخچە پێش نیشاندانی فیلمەکە خۆی تەماشای کردبێت تا دڵنیا بێت لەوەی کە دیمەنەکان تەواو گونجاون لە گەڵ ئامانجی چالاکیەکاندا وە لادانی دیمەنی نە گونجاو کە لە

گەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگەدا نا گونجێت بە تایبەت ئگەر فیلمەکە دەرهێنراوی وڵاتە بیانیەکان بێت. دواتر مامۆستای باخچە پوختەی ناوەرۆکی بابەتەکە دەنوسێت وە جومگە سەرەکیەکانی بابەتەکە دەخاتە ڕوو، وە لە سەر مامۆستای باخچە پێویستە ئامانجە ڕەفتارییەکان دیاریبکات کا چاوەڕوان دەکرێ منداڵەکان بەدەستی بهێنن دوای تەماشاکردنی فیلمەکە، وە بابە تەکان گفتوگۆ دەکات لە گەڵ منداڵەکان  کە ئەم شێوازە باشترە لە ئامادەکردنی کۆمەڵێك پرسیار بۆ هەڵسەنگاندنی منداڵەکان.

- دانانی پلانی کارکردن: پێویستە مامۆستای باخچە پلانی پێش وەختە دابنێت لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنان و نیشاندانی فیلمەکە لە ژوری چالاکیەکاندا، لە هەمان کاتدا هەندێك چالاکی فێرکاری ئامادە بکات کە منداڵەکان ئەنجامی بدەن.
- ئامادە کردنی هزری منداڵی باخچە بۆ بەکارهێنانی فیلمی فێرکاری: مامۆستای باخچە هەڵدەستێت بەئامادەکردنی منداڵەکە بۆ فێرکردنی ڕێگای گفتوگۆکردن لە سەر بابەتی فیلمەکە وە نیشاندانی ئەو پەیوەندیانەو پیوەندی بە بابەتی فیلمەکەوە وە دیاری کردنی  ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت  منداڵەکە ئەنجامی بدات دوای سەیرکردنی فیلمەکە.
- ئامادە کردنی شوێنێکی گونجاو بۆ نیشاندانی فیلمەکە: بە ڕەچاو کردنی ئەو تێبینیانەی کە تا چەند گەیەنەری کارەبا لەگەڵ ئامێری نیشاندانەکەدا گونجاوە وە ئامادە کردنی شوێنی ئامادە کەر (مامۆستای باخچە) و ئامڕازی پەخشکردنەکە،

ئەمە باشترە  لە وەی جارێکی تر هەستێت بە ئامادەکردنی پەخشکردن و چاککردنی وێنە و دەنگ و ڕەنگ وە دیاریکردنی شوێنی شاشەو شوێنی دانیشتنی منداڵەکان (العمايرة، ٢٠٠٣، ٨٩) .

**ب-  هەڵبژاردنی فیلمی فێرکاری بۆ باخچەی منداڵان:**

کۆمەڵێك شت هەن، کە یارمەتی  مامۆستای باخچە دەدەن، بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێت لە هەڵبژاردنی فیلمی فێرکاری دا و بە کارهێنانی بە شێوەیەکی باش و کاریگەر لە ژوری چالاکیدا، گرنگترین ئەو شتانە بریتین لە:

١. ئامادەکردنی هەندێك هۆکاری فێرکردن بۆ بیستن و بینین کە دەبنە هۆکاری جوڵە.
٢. هەبونی ئامانجێکی فێرکاری پەروەردەی لە بەکارهێنانی فیلمی فێرکاری لای مامۆستای باخچە.
٣. سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فیلمی فێرکاری تێدابێت، بابەتەکە باش و گونجاو سەردەمیانە بێت، وە دەنگ و ڕەنگ و  وێنەکان زۆر باشبن.
٤. دەبێت مامۆستا زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر بابە تە تۆمارکراوەکە، پێش ئەوەی نیشانی منداڵەکانی بدات خۆی تەماشای کردبێت وە زانیاریەکانی پوختکردبێت و کەموکوڕیەکانی چاك کردبێت و پرسیارو وەڵامی لەسەر ئامادە کردبێت (حبيب، ٢٠١٣، ٣٧) .

٥. دەرفەت دان بە منداڵەکان لە ناو خۆیاندا گفتوگۆی بابەتەکان بکەن و سود لە یەك وەربگرن بیرو بۆچونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و وەڵامەکان ڕاست بکەنەوە.

٦. ناوەرۆکی بابەتەکان سادە و ئاسان بن دوربن لە قورسی و ئاڵۆزی.

٧. لە ڕوی کاتەوە گونجاوبێت لە گەڵ تەمەنی منداڵەکاندا،واتە ماوەی فیلمەکان زۆر درێژ نەبێت ئەمە لە لایەك وە ناوەرۆکی فیلمەکان لەگەڵ ئاستی پێگەیشتنی مێشکی منداڵەکان لە لایەکی ترەوە.

٨. مامۆستا زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر کارپێکردن و پەخشکردنی فیلمەکە و مامەڵەکردن لەگەڵ کلیلەکانی دەنگ و ڕەنگ و ڕادەی ڕونی بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ منداڵەکان.

٩. دانانی پلانێکی ڕون کە کاتی کارپێکردنی فیلمەکە و کاتی تایبەت بە گفتوگۆکردن و ئامادەکردنی هەندێك چالاکی بۆ منداڵان.

١٠. بەژداری پێکردنی هەندێك لە منداڵەکان لەنیشاندان و کارپێکردنی ئامێرەکان دوای دڵنیابون لە توانای منداڵەکان بۆ ئەو کارە ڕەچاو کردنی سەلامەتی منداڵەکان لە کاتی کارپێکردنی ئامێرە کارەباییەکان بۆ هەر حاڵەتێکی لە ناکاو .

١١. لە سەر مامۆستای باخچە پێویستە لە پلانەکەیدا ڕەچاوی ئەگەری ڕودانی کێشەی هونەری بکات لە کاتی کارپێکردنی پرۆگرامەکە بۆیە دەبێت جێگرەوەی گونجاوی ئامادە کردبێت (فلاتة، ١٩٨٨، ٢٧٨) .

**ج- خستنه ڕوی فیلمی فێرکاری**

له سەر ماموٚستای باخچه پێویسته ئاگایی و سەرنجی منداڵەکان ڕاکێشێت بۆ لای خاڵی سەرەکی فیلمەکه وه هاوکاریان بکات له زانینی وەڵامی پرسیاره ئاڕاسته کراوەکان، هەندێ کات تەنها وێنه به بێ دەنگ بەسه ماموٚستاکه ڕونکردنەوه دەدات له سەر خاڵه نارِونەکانی ناو فیلمەکه و خۆی باسی دەکات بۆیان (یوسف، ١٩٩٩، ٣٤) .

دەتوانرێت هەندێك بەرپرسیارێتی بدرێت به منداڵەکان که لەسەر بابەتەکه بدوێن، دەبێت ماموٚستا ئاگاداربێت زۆردرێژه به ڕونکردنەوەکانی نەدات لەوانەیه ئەوه ببێته هۆی بێزاری منداڵەکان و سەرنج یان بۆ فیلمەکه نه مێنێت (صائغ، ٢٠٠٦، ١٣٢)، وه ماموٚستا دەتوانێت هەندێك پرسیار ئاڕاستەی منداڵەکان بکات له سەر دەقەکانی فیلمەکه، به مەبەستی چالاکردنی کەشی تەماشاکردن وه سەرنج ڕاکێشانی منداڵەکان بۆ خاڵه گرنگه کانی فیلمەکه.

**د- پاش نمایشکردنی فیلمی فێرکاری**

له م قۆناغەدا ماموٚستا لەگەڵ منداڵەکاندا وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوه وه گفتوگۆ لەسەر کێشه کانی پێش نمایشکردن دەکەن، هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەدیهاتنی ئامانجی چالاکیەکه لای منداڵەکان وه له ژێر ڕۆشنای ئەو گفتۆگۆیەدا چاکسازی بکات له ستراتیجیەتی نمایش کردنی فیلمەکه و ئەو تاقیکردنەوه ڕونکردنەوەییانەی که ئەنجام دەدرێن یان هەر گرفتێکی دی گەر هەبوو، ڕاستەوخۆ ڕۆشتنی منداڵەکان دوای کۆتای

هاتنی فیلمەکە وادەکات فیلمەکە ئامانجە پەروەردەییەکە نە پێکێت بەڵکو دەبێت مامۆستا داوا لە منداڵەکان بکات چەند چالاکییەك کە پەیوەندی بە ناوەرۆکی فیلمەکەوە هەیە ئەنجامی بدات، وەك دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان یاخود نمونە هێنانەوە لە سەر بابەتی فیلمەکە یان ئاڕاستە کردنیان بۆ خوێندنەوەی هەندێك بەشی دیاریکراو لە کتێبی خوێندن بە مە بەستی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان فیلمەکە و بابەتی خوێندن، یان پەیوەندی دروست بکات لە نێوان بابەتی فیلمەکە و ئەرکەکانی ماڵەوەی منداڵەکان.

**٥- بەدوادا چوون**

لەم هەنگاوەدا مامۆستا هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی چالاکی فێرکاری هەمە جۆر پەیوەست بە فیلمەکەی نیشانی منداڵەکان دراوە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییەکان، ئەمەش لە پێناو گشتگیری و گەشەسەندنی ئەو لێهاتوییەی بەدەست هاتووە، وەك ئەنجامدانی تاقیکردنەوە یان گەشتی مەیدانی یان دروستکردنی تابلۆ یان هەر شتێکی دی بە تاك بن یان بە گروپ، ئەم چالاکیانەش بڕی زانیاری لای منداڵەکان زیاتر دەکات، یان هەندێك لێهاتوی بە دەست دەهێنن، یان گەشەدانە بە حەزو داب و نەریتی دروست (البرکاتي، ٢٠٠١، ١٩) .

### ٣-٢-٢ جۆرەکانی فیلمی فێرکاری

چەند جۆرێك فیلمی فێرکاری هەیە  لەوانە:

١. فیلمی فێرکاری کورت: ئەو فیلمانەیە کە ماوەی  نیشاندانی  لە نێوان (٤-٢٠) خولەکدایە وە هەندێك جار خولەکێك یان دوو خولەك دە خایەنێت، زۆربەی کات فیلمەکە باس لە کێشەیەك یان چەمکێك یان تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو دەکات جا بە دەنگەوە بێت یان بێدەنگ.

٢. فیلمە تۆمارکراوەکان: ئەو فیلمانەیە کە تۆماری ڕوداوەکان وژیانی کەسایەتیەکان و شوێنەکان وەك ئەوەی کە  لە  ژیانی ڕاستیدا هەن، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە دەرهێنەر دەقاو دەق پەیوەستە بەوەی کە لە ڕاستیدا هەیە، بەڵکو  گرنگترین بارو دۆخەکان وەردەگرێت و  دەیخاتەڕوو، وە هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی  ژیانی ڕاستەقینە لە گۆشە نیگایەکی تایبەتەوە  وە نیشانی دەدات لە ڕاستی وتێگەیشتنەکانی تایبەت بە منداڵ. ئەم جۆرە فیلمانە کاتی زیاتردەبات وەك لە کورتە فیلمەکان واتە کاتی نیشاندانی لە نێوان (١٥-٣٠) خولەك دایە (بلال، ٢٠١٣، ٣٤) .

### ٤-٢-٢ پۆلێنکردنی  فیلمی فێرکاری

١. فیلمی توێژینەوەیی یاخود بەدواداچونی: بەکارهێنانی فیلم وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی توێژینەوەی زانستی.

٢. فیلمی فێرکاری وانەبێژی: مەبەست لەوفیلمانەیە کە وەك هۆکاریك بۆ باسکردنی زانیاریەکان لە چالاکییە فێرکاریەکاندا بەکاردەهێنرێت لە قوتابخانە و باخچەکاندا.

٣. فیلمی زانستی گشتی: ئەوفیلمانەیە کە بەکاردێت وەك ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست لە ناو بازنەیەکی بەرفراوانی منداڵ.

٤. فیلمی دروستکاری: ئەو فیلمانەیی کە گرنگی دەدات بە نیشاندانی تواناو لێهاتوییەکان (Depta ، 1975,154) .

خاڵە لاوازەکانی بە کارهێنانی فیلمی فێرکاری لە باخچەی منداڵاندا

١. کەمی ئەو فیلمە فێرکاریانەی کە خاوەن تایبتمەندییەکی بەرزن وە گونجاون بۆ منداڵی باخچە.

٢. نە گونجاوی ژوری چالاکییەکان بۆ بەکارهێنان و نیشاندانی فیلمەکان.

٣. نەبونی پسپۆڕی هونەری تایبەت لە کاتی ڕودانی کێشەی تەکنیکی یان هەر کێشەیەکی تر.

٤. نەبونی چاکردنەوەی بەردەوام بە شێوەیەکی ڕێکخراو (النباهین، ٢٠١١، ٢٦) .

٥. توێژەر وای دەبینێت کە کەمووکورتییەکانی بەکارهێنانی فیلمی فێرکاری لە باخچەکاندا دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ دوو جۆر: کەموکورتیە ناوەکیەکان وەك نەبونی تایبەتمەندی بەرز وەك ڕونی لە دەنگ و ڕەنگ و وێنە دا وە کەموکورتییە دەرەکیەکان وەك نەبونی ژینگەیەکی فیزیکی گونجاو بو بە کارهێنانی فیلمە فێرکارییەکان.

**٢-٢-٥ دیزاین و بەرهەم هێنانی فیلمی فێركاری**

دیزاینی فێركاری باش بە دڵێكی زیندوو دادەنرێت بو هەموو فیلمێكی فێركاری، بەشێوەیەكی گشتی بنەماكانی دیزاینكردنی فیلمێكی فێركاری دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە دیزاینی فیلم، نمونەی زۆر دانراوە بۆ دروستكردنی فیلمی فێركاری، كە لە هەندێك خاڵدا جیاوازن وە لە هەندێكیشیاندا هاوڕان، لێرەدا نمونەیەك دە خەینە ڕوو كە كۆمەڵێك ڕێوشوێن و هەنگاوی تێدایە دە توانین ڕەچاوی بكەین لە بەرهەم هێنانی فیلمی فێركاری بۆ منداڵی باخچە تەمەن (٥-٦) ساڵ ئاستی دووەم باخچەكان.

أ- هەڵسەنگاندنی پێداویستیەكان: ئەم هەنگاوە هەستكردن بە كێشەیەكی دیاریكراو دەگرێتەوە، ڕەنگە كێشەكە پێداویستی منداڵەكان بێت بە یەكێك لەو فیلمانە كە یارمەتییان دەدات لە تێگەشتن و وەرگرتنی ئەزموون لە سەر شێوەكانی سەر زەوی، كە پێدەچێت پێشكەشكردنی لە ڕێگەی فیلمی فێركارییەوە چارەسەری ئەو كێشەیە بكات، وە پاڵنەری منداڵەكان بۆ خوێندنی بابەتەكانی دیكە زیاد دەكات، ئەم هەنگاوە هەست كردنی خودی یان دەرئەنجامی هەندێك ڕای تاكی منداڵ، یاخود پێداویستی تایبەتی منداڵ بەو ئەزمونانە.

ب- پلانی سەرەتای: ئەم هەنگاوە پێكدێت لە كۆمەڵێك ڕێكاری كە دەبێت لە بەرچاو بگیرێت، لەوانە: (دەست نیشان كردنی ئامانجە گشتییەكان، دەستنیشان كردنی ئامانجە ڕێكارییەكان، دەست نیشان كردن و هەڵبژاردن و ڕێكخستنی ناوەرۆك، دەست نیشان

کردنی پێداویستییەکانی پرۆسەکە پێش دەست پێکردن، کاتی کۆتای هاتنی فێرکردن، هەڵسەنگاندنی سەرەتای)

ج- دیزاینکردنی سیناریۆ: ئەم هەنگاوە پەیوەستە بە هەرشتێك کە لەخولەکێکی دیاریکراودا لە سەر شاشەکە دەردەکەوێت، لە دەقە نوسراوەکە، وە وێنەی جێگیرو جوڵاو، وە دەنگ و مۆسیقا.

د- کۆنترۆڵکردنی تاقیکاری: ئەم هەنگاوە لە سەر ئامێری کۆمپیوتەر دەکرێت، وە تیایدا وەرگێڕان بۆ هەموو ئەوانە دەکرێت کە لە سەر کاغەز داڕێژراوە بۆ فیلمی فێرکاری، وەك (دیاریکردنی ئەو ئامێرانەی کە پێویستە بۆ بەرهەم هێنانی فیلم، دواتر بەرهەم هێنانی دیزاینی سەرەتای فیلم، دواتر تاقیکردنەوەی سەرەتای، دواتر کۆنترۆڵکردنی لە بەر ڕۆشنای ئەو هەڵانەی کە لە تاقیکردنەوە سەرەتاییەکەدا دەرکەوتووە، وە بەرهەم هێنانی کۆتای فیلمی فێرکاری، دواتر ڕاستاندنی بەرنامەکە، وە دانانی زانیارییە فێرکارییەکان لە سەر بەرگی ئەو سیدییەی کە فیلمەکەی لەسەر تۆمار کراوە، وەدیاریکردنی پرۆگرامەکان کە پێویستە بۆ کارپێکردنی فیلمەکە) (عزمي، ٢٠١١، ١٤-١٥) .

## ٣-٢ دروستکردنی چەمکەکان

(ڤیجۆتسکی) ئاماژە بە دروستکردنی چەمك دەدات بەوەی کە بریتیە لە چالاکیەکی ئاڵۆز کە تاك سەرجەم چالاکیە ژیریە سە رە تایەکانی تێدا بەرجەستە دەکات، کاتێك ئەم ئەرك و چالاکیانە بەرجەستە دەکات ئەمە مانای ئەوە نیە کە چەمکە کە فێربوبێت، دروستکردنی چەمك کردارێکی ئاڵۆزو قۆناغدارە وە پێویستی بە بەردەوامی دوبارە کردنەوەی پرۆسەکانە کە لە لایەن تاکەوە ئەنجام دەدرێت لە هەلومەرجە دیاریکراوەکاندا، دروستکردنی چەمك بە قۆناغی یەکەمی پەرەسەندنی چەمك دادەنرێت کە قۆناغەکانی دیکەی لەسەر بنیات دەنرێت کە چەمك بۆقۆناغێکی ئاڵۆزتر دەبات لە دوای لە دایك بوون چەمك ڕاستەو خۆ دەست بە دروستکردن دەکات لە لای منداڵ، لە سەرەتادا بە چەمکی سادەو لێك دابڕاو دەست پێدەکات کە ئەم چەمکانە ئاماژەن بۆ هەندێ جوڵەی هەستی کە منداڵ ئەنجامی دەدات بۆئاشنا بوون بە ژینگەی دەوروبەر، بەگەشەکردنی منداڵ توانای جیاکاری و پۆلێنکردنی چەمکەکان زیاتردەبێت. (الشربيني وصادق،٢٠٠٠،٤٥).

منداڵ بۆ تێگەشتن لە چەمکەکان پشت دەبەستێت بە سەرنج دان تا دەگات بە ورد کردن بۆ شێوە جیاوازەکان کە دەکەوێتە ژێر هەستەوەرە کانیەوە پاشان دەست دەکات بە جیاوازی کردن لە نێوان شتەکان لە ڕوی لێکچون و لێکنەچونیان لە ڕوی ڕوکەشەوە پاشان دەستدەکات بە شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانیان بۆئەوەی بزانێت خاڵی هاوبەش و خاڵی جیاوازی نێوان شتەکان چییە، وە لە کۆتایدا دەست دەکات بەبستنەوەی ئەنجامەکان بە یەکەوە تا دەگات بەو هێما زارەکیانەی کە خەڵك بە کاری دێنن وە ناو نانی لە شتەکان بە قۆناغی کۆتای دادەنرێت لە دروستکردنی چەمکدا ( باوزیر و قربان، ٢٠١١، ٢٤).

### ٢-٣-١ ئەرك و ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی دروستكردنی چەمكەكاندا

خێراترین قۆناغ بۆگەشەكردنی زمان بریتییە لە قۆناغی پێش چونە قوتابخانە لە ڕوی وەرگرتن و تێگەیشتن و دەربڕینەوە، لەم قۆناغەدا گەشەی زمانە وانی بایەخێكی گەورەو نایابی هەیە لە دەربڕین لە خود وە خۆگونجاندنی كەسی و كۆمەڵایەتی و گەشەی هزر. (زهران، ١٩٧٧، ١٧٨).

لەم قۆناغەدا زمانی منداڵ جیادەكرێتەوە بە كۆمەڵێك تایبەتمەندی كە بریتیە لە:

١. منداڵ لەم قۆناغەدا بەزۆری ناوەكان بە كاردەهێنێت بە ڕادەیەك ناو هێنانی كەسەكان و شتەكان سێ لەسەر چواری قسەكانیان پێك دەهێنێت بە شێوەیەك ڕێژەكەی دەگاتە ٧٤،٦%، پاشان لە پلەی دووەم دا چالاكی و كردارەكان ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە قسەكانیاندا بە ڕێژەی ٩،٢١%، بە ڵام پیتەكانی تر بەهەموو شێوازو جۆرەكانییەوە لە پلەی سێیەم دادێت و ڕێژەی ٣،٥% پێك دەهێنێت، ئەم تایبەتمەندییەی كە باسكران ئەبێتە دوپاتكردنەوەی توێژینەوەكەی (وافي،ب.ت) لە دەركەوتن و گەشەی زمان لە لای منداڵ باسی دەكات و دەڵێت لەلای زۆربەی منداڵان ئەو وشانە بەكاردەهێنرێت و دەردەكەوێت كە ناوی كەسەكان و شتەكان دوای ئەوە كردارو چالاكییەكان و دواتر سیفەتەكان و ڕاناوەكان دوای ئەوە هەستەكانی ناو ناخیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە بەرزبونەوەی ئاستی زمانەوانی پەیوەستە بە بەرزبونەوەی ئاستی تێگەیشتنی، ئاستی گەشەی بیرو هۆشی لە سەرەتای قۆناغەكەدا بریتییە لە تێگەیشتن

له ووشه‌كان و  كاره هه‌ستپێكراوه‌كان و به‌رجه‌سته‌كان ئه‌وه‌ی كه زمانه‌وانه‌كان پێی ده‌ڵێن ناوه‌كانی خود (اسماء الذات) ، كاتێك بیرو هۆش گه‌شه‌ی كرد ئه‌وا ئه‌توانین ماناو مه‌به‌ستی ئه‌وووشانه بزانین كه بۆ  كاره مه‌عنه‌وی و ده‌رونییه‌كان به كارده‌هێنرێت، له‌و كاته دا شێوازو تایبه‌تمه‌ندی و كاتی ڕودانی كرداره‌كان ده‌رده‌كه‌وێت له زمانی منداڵدا، پیته‌كان و پێكه‌وه به‌ستنه‌كان له كۆتای قۆناغی پێش قوتابخانه‌دا ده‌رده‌كه‌وێت به شێوه‌یه‌كی زۆر ورد بۆ جۆری  ووشه‌كان (كرم الدين، ١٩٨٩، ١٩٨٤).

٢. له قۆناغی پێش قوتابخانه‌دا زمانی منداڵ وێنا ده‌كرێت به كه‌می له ژماره‌ی ووشه و ده‌سته‌واژه و ده‌ربڕینه‌كان مه‌به‌ست له‌ووشه و ده‌ربڕینانه‌یه كه مانای چه‌مكه داماڵرا و په‌تییه‌كان ده‌گه‌یه‌نن كه ڕێژه‌ی ده‌كاته ٧,٧%، ئه‌م كه‌می ڕێژه‌یه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئاستی بیرو هۆشیان كه به كار ده هێنرێت لای منداڵان له قۆناغی پێش چونه قوتابخانه‌دا، وه ئه‌نجامه كانی (پیاژێ) ش ئه‌وه ڕوون ده‌كاته‌وه كه منداڵان  له نێوان ٢-٧ ساڵانیدا ئیش ده‌كه‌ن به ئاستی پێش كردارو ئیشه‌كان ، بۆیه پێكهاته‌ی بیرو هۆشی  زه‌ین (العقل) ی ئه‌و منداڵانه بچوكه‌و بێ توانایه بۆ پرۆسه زه‌ینییه‌كان كه پێویسته بۆ مامه‌ڵه كردن له گه‌ڵ شته په‌تی و  نادییاره‌كان كه له چوارده‌وری منداڵدا هه‌ستی پێناكرێت.

٣. له قۆناغی پێش چونه قوتابخانه منداڵان به زۆری جه‌خت ئه‌كه‌نه سه‌ر خود، به ئه‌ندازه‌یه‌ك  هه‌ستێكی ناوه‌كی (ڕه‌نگدانه‌وه‌ی خود) له گفتوگۆی منداڵاندا ده‌رده‌كه‌وێت له نێوان ٣-٦ ساڵانی دا به ڕێژه‌ی٦٥%، وه ئه‌م ڕێژه‌یه له باسكردنی خود كه‌م ده‌بێته‌وه و له به‌رامبه‌ردا ڕیژه‌ی گفتوگۆكردن به شێوازی  كۆمه‌ڵگه و  له سه‌ر كۆمه‌ڵگه ده‌رده‌كه‌وێت

وە زیاد دەبێت لەگەڵ گەورە بونی تە مەنی منداڵدا ڕێژەی باسکردن و جەختکردنە سەر خود کەم دەکات بۆ٤٧% لە لای منداڵانی ٥-٦ ساڵاندا، ئەم تایبەتمەندییە دەگونجێت لە گەڵ توێژینەوەکانی (پیاژێ) کە دە لێت لە ٥٤% -٦٠ % گفتوگۆی منداڵان لە ٣-٥ ساڵانی دا لەسەر خودە ئەم باسکردنی خودە کەم دەبێتەوە لە ٥-٧ ساڵانی دا دەگاتە ڕێژەی٤٥% و وای لێدێت وتە کانییان دەبێتە باسی خەڵکی (کرم الدین،١٩٨٩،١٩٨٤) .

ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنی چەمکەکاندا:

١. ئەندامەکانی هەست کردن: بێگومان دروستی هەستەوەرەکان گرنگە لە بەدەستهێنانی چەمکەکاندا.
٢. زیرەکی: منداڵی زیرەك باشتر درك بە لایەنەکانی هەڵوێستەکە دەکات وەك لە منداڵێکی دی کە ئاستی زیرەکی کەمترە.
٣. چانسی فێربوون: ئەمەش پەیوەستە بو ژینگەیەی کە منداڵکە تێیدا دەژی تا چانسی فێربونی زیاتربێت گەشەی چەمکەکان زیاتر دەبێت.
٤. جۆری ئەزموون: یەکەم دروستکردنی چەمکەکان پشت دەبەستێت بە ئەزموونە هەستپێکراوە ڕاستەوخۆکان، دواتر لە ڕێگەی ئەزموونە ناڕاستەو خۆکان ئەویش بە بەکارهێنانی هۆکاری فێرکردن بۆنمونە وێنەی کارتۆنی.(حوار، ٢٠١٧، ٢٥) .

**٢-٣-٢ تیۆرەکانی دروستکردنی چەمکەکان**

چەندین ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە پەیوەندی هەیە بە چەمکەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەیان لەوانە:

١. تیۆری پیاژێ (piaget)

به پیی تیۆرەکەی پیاژێ لەڕێگەی هەردوو پرۆسەی مژین و خۆ گونجاندنەوە رۆژ له دوای ڕۆژ زانیاری و شارەزایی منداڵ و ژمارەو جۆری هیلکارییەکان بەرەو زیاد بوون دەڕوات.بێگومان گەشەکردنی زانیاری و شارەزای منداڵ پشت بە کۆمەڵێک هۆکار دەبەستێت لەوانە(سەلامەتی کۆئەندامی دەماری ناوەندی و هەستەوەرەکان،ژینگەی ماددی و کۆمەڵایەتی،پرۆسەی کارلێککردن له نێوان منداڵ وهەردووژینگه مادیی و کۆمەڵایەتییەکە.پیاژێ له و بڕوایە دایە کە گەشەکردنی ئەقڵی منداڵ بە چەند قۆناغێکدا تیدەپەریت،هەریەک لەو قۆناغانەش خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و له قۆناغەکانی تری جیادەکاتەوە ،بەڵام هەرقۆناغیک دەبێتە بناغە بۆ قۆناغی دوای خۆی.پیاژی لەو بڕوایەدایە هە موو مرۆڤیک بە چوار قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەریت،قۆناغەکانیش یەمانەی لای خوارەوەن:

١. قۆناغی هەستی – جوڵەیی: ئەم قۆناغە دووساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ دەخایەنێت،منداڵ لەم قۆناغەدا بە پلەی یەکەم پشت بەهەستەوەرەکان و ئەندامەکانی جەستەی دەبەستیت، زۆر بە دەگمەن پەنا بۆ بە کارهینانی زمان و هیماکان دەبات.

٢. قۆناغی پیش پرۆسه مەنتقیەکان: ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان(٢-٧)ساڵی تەمەن. لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ ڕودەدات ،گۆڕانکارییەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

- گەشەکردنی زمان وفێربوونی هیماکان.
- بەکارهینان و تیگەیشتنی چەمکەکان.
- زاڵبوونی دیاردەکانی گیان بە بردا کردن و دروستکردن و گیانی هاوکاری و پێکەوە کارکردن ودیالۆگ.
- قسەکردن لە سەر ژێوازی مۆنۆلۆژ نەک دیالۆگ و ڕاگۆڕێنەوە.
- سەرنەکەوتن لە لیکدانەوەی مەنتقی دیاردە فیزیقیەکان.

٣- قۆناغی پێش چەمکەکان : ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان(٢-٤)ساڵییەوە،ئەم قۆناغە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو چالاکیانەیە کە ووشەو هێماکانی تیادا بەکار دەهێنرێت. لەم قۆناغە دا وەڵام دانەوەی منداڵ تەنها بۆ شتە مادیی و فیزیقییەکان نیە، بەڵکو منداڵ هەمان وەڵامدانەوەی شتە مادیی وفیزیقییەکانی بۆ ئەو هێماو ووشانەی کە گوزارشت لە و شتە مادی و فیزیقیانە دەکەن هەیە. وە هەوڵی چارەسەرکردنی هەندیک لە گرفتەکان دەدات لە ڕێگەی بەکار هێنانی ووشەو هێماکانەوە.

٤- قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەست پیکراوەکان: ئەم قۆناغە دەکەوێتە نیوان سالەکانی(٧-١١) لەم قۆناغەدا پرۆسەی بیرکردنەوەی منداڵ زۆر مەنتقیە و لە توانایدا هەیە کە بە بەڵگەی زانستی و مەنتقی بەرگری لە بیروبۆچوونەکانی خۆی

بکات، دەتوانێت هۆیە مەنتیقیەکانی دیاردە سروشتییەکان هەست پیبکات.

(قەرەچەتانی، ٢٠٠٩، ١٠٤-١٠٠-٩٦-٩٥)

٢. تیۆری برونەر (Bruner)

تیۆری برونەر پێی وایە کە گەشەی چەمکەکان لە ڕێگەی مامەڵەی تاکەوە لەگەڵ شتەکان و هەڵوێستەکاندا دەست پێدەکات، ئەویش لە ڕێگەی هەستی ڕاستەوخۆ وە پاشان وێنای زەینی لە مێشکدا لە سەر ئەو چەمکە لەلای خۆی دروست دەکات.دواتر پۆلێنی دەکات بە پێی مەبەست بۆ تایبەتمەندیە لێکچووەکانی، پاشان بە کارهێنانی هێما بۆ مامەڵەکردن لە گەڵیاندا، دواتر توانای بۆ گشتاندن و بەدەست هێنانی زمان دەربارەی ئەو ڕۆڵەی کە چەمك پێی هەڵدەستێت لە ڕژێمی چەمکیدا، پرۆسەی پەرە پێدانی چەمکەکان لە ڕێگەی: دروستبوونی چەمکەکانەوە، مامۆستا هەڵدەستێت بە ناو هێنانی چەمکەکە، پاشان پێناسەکردنی و باسی سیفەت و تایبەتمەندییەکانی و دواتر ڕونکردنەوەو ئاسانکاری فێربوونی.(الشهراني والسعيد،١٩٩٧،١١٨)

٣. تیۆری جانییە (Gagne)

وای دەبینێت کە بەدەست هێنانی چەمك وەستاوەتە سەر ئەوەی کە تاك تاچەند زانیاری پێشووی هەیە کە پەیوەندی هەیە بەو چەمکە تازەیەوە کە دەویسترێت فێری بکرێت، وە

پێیوایە پەرەپێدانی چەمك لە لای خوێندكار بەوە دەبێت كە مامۆستا ناوی چەمكەكە بە فێرخواز بڵێت و پاشان سیفەت و تایبەتمەندیەكانی وە بەكارهێنانەكانی بە نموونەو نموونە نییە. (سعادة،١٩٨٨،١٣٦-١٣٧)

٤. تیۆری ئۆزبل (Ausubel) ئەم تیۆرە ڕاوەستاوە لە سەر:

فێربوونی بە مانا (Meaning full Learning): بەوە دەبێت كاتێك زانیاریە نوێیەكە پەیوەندی هەبێت بە زانیاریە هەڵگیراو پارێزراوەكانی ناو زەینی تاكەكە كە پێشتر وەریگرتوون. فێربوونی ئامێری (Learning Rote): بەوە دەبێت كاتێك زانیاریە نوێیەكان هیچ پەیوەندییەكیان نەبێت بە زانیاریەكانی پێشووەوە.

ئامڕازی پێكەوە بەستنی مەعریفی : هەڵدەستێت بە پێكەوە بەستنی زانیاری و چەمكە كۆنەكان و چەمكەكانی دیكەی كە دەویسترێت فێرببێت، ئەمەش زیاتر گشتی تر دەبێت.

ئۆزبل وای دەبینێت كە هەموو تاكێك كۆمەڵێك چەمكی هەیە كە جیاوازە لە چەمكەكانی هەرتاكێكی تر، ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموون و زانیاریەكانی پێشوتریەوەیە، لە كەسێكەوە دەگۆڕێت بۆ كەسێكی تر هەروەها جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی هەرتاكێك زانیارییەكی بنیاتنەرانەی هەیەكە شایەنی زیادكردنە، كە ئەوەش هەموو ئەو ڕاستی و چەمك و تیۆرانە دەگرێتەخۆ كە موڵكداریان دەكات، هەروەها بڕوای وایە بنیاتنانی مەعریفی تاك شێوەیەكی قوچەكی هەیە، لوتكەی قوچەكەكە ئەو چەمكانەیە كە گشتگیر ترن، وە پاشان كەمتر گشتین پاشان تایبەتین، هەروەها بنیاتنانی مەعریفی هەرتاكێك لە تاكێكی دی جیاوازە

بەڵام  لێکتێگەیشتن ڕودەدات لە نێوانیاندا لە ئەنجامی بونی چەمکە گشتییەکانەوە.(الخليلى وأخرون،١٩٩٦،١٥١).

### ٤-٢ چەمکە جوگرافیەکان

زانستی جوگرافیا بە زانستێکی کۆن دادەنرێت، دەرکەوتنی بە تەواوەتی وابەستەی مێژووی مرۆڤایە تییە کە پێویستی بە زانیاریبووە لە سەر ڕێگاکان و سە رچاوەکانی خۆراك و ئەو شوێنانەی گونجاو لە بارن بۆ ژیان و جێگیر بوون، جوگرافیا ئەو زانستەیە کە لە گۆی زەوی و دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی لە سەریدایە دە کۆڵێتەوە .  (Gardner,Mills,2009,2 )

ووشەی جوگرافیا (Geography) زاراوەیەکی گریکە کۆنەکانە لە دوو بڕگە پێکدێت یەکەمیان (Geo) واتا زەوی، دووەمیان (Graphica) بە واتای وەصف، یاخود زانستی نوسین دە گەیەنێت، بەم جۆرە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە جوگرافیا وەسفکردنی زەوی و باسکردنی ئەو دیاردانەیە کە لە سەریەتی، یان زانستی نوسین لە سەر دیاردەکانی سەر زەوی، لە سەرتادا کاتێك گەڕیدەکان سەردانی وڵاتان و هەرێمە تازە دۆزراوە کانیان کردووە هەر چیان بینیوە بە وردی تۆماریان کردووە، زانای گریکی (ئیواتۆس تێز) لە ساڵی (٢٤٠) پ.ز یەکەم کەس بوو لە پەرتوکێکیدا بە ناوی (جوگرافیا) ئەم ووشەی بەکار هێناوە، ئینجا دواتر نوسەرە ئیسلامیەکان هەستاون بە بەکارهێنانی ناوی جوگرافیاو نوسینی چەندین کتێب بە هەمان ناو (الوليعي، ٢٠٠٢، ١٥) .

لەم سەردەمەدا کە پێی دەوترێت سەردەمی تە قینەوەی زانستەکان لە سەرجەم بوارەکان زانست دا پێشکەوتنی هەمەجۆر هاتۆتە ئاراوە، بۆیە زانستە مرۆییەکانیش بە هەمان ئاڕاستەو بە بەردەوامی پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە دیوە، بۆییە نابێت ڕۆڵی مامۆستاو وانە بێژی تەنها لە گەیاندنی زانیاری لە بوارێکی دیاریکراودا قەتیس بکرێت، بە ڵکو پێویستە خوێندکار لەم سەردەمەی ئێستادا بە جۆرێك فێربکرێت بە درێژای ژیانی بە دوای زانست و زانیاریدا بگەڕێت و بە نوێترین شێواز خۆی فێربکات و پێدا چونەوە بکات وە بەردەوام زانیاریەکانی نوێ بکاتەوە، هەروەها پێویستە زانیاریەکان و شێوازی فێربوون دووبارە ڕێکبخرێنەوە..بە واتایەکی دی چەمکە بناغەییەکان و تێگەیشتنە زانستیەکان پێویستە بە جۆرێك پۆلێن بکرێن بە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکاندا شارەزای زیاتر وەربگرن و ئاگادار بکرێنەوە لە هەر شێوازێکی مۆدێرن و نوێی خوێندن و بواری فێربوون هەمیشە لە بنیاتنانەوەدابێت.. بەم جۆرە کۆمەڵگەو لایەنە بەرپرسەکانی زانست و فێرکردن دەتوانن پێشکەوتن بە دەست بێنن. ( صالح،٢٠٠٣،٢٣٧).

لەم سەردەمەدا یەکێك لەو مەسەلە سە رەکیانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی بواری فێرکردن دەبێتەوە بریتییە لە چۆنیەتی یارمەتیدانی نەوەی نوێ لە خۆگونجاندن لە گەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی خێرای زانستە نوێیەکان ئە مەش وای کردووە کە گرنگی بدرێت بە بناغەکانی زانست بە تایبەتی واتاو چەمکەکان و گشتاندنیان لە کاتی پێدانی وانەکان و دانان و وتنەوەی پرۆگرامە جۆراو جۆرەکانی سالانە لە وانەش بابەتی زانستی جوگرافیا کە لە ئێستادا هەنگاوی بەرچاوو خێرای بڕیوە لە ئامانج و ناوەڕۆکەکان پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە

له ڕووی گرنگی دان به ڕێگاكانی ڕونكردنەوەو دەستنیشانكردنی چەمكە زانستیەكان و چۆنیەتی دروستكردنیان و گەشەپێدانی، ئینجا فێركردنی فێرخوازان. (باوزیر وقربان،٢٠١١،٩٧)

جێ ی باسە جوڵانەوەو هەوڵدان بۆ دەستنیشانكردنی چەمكە سەرەكی و بناغەییەكانی زانستە جۆراو جۆرەكان وەك سەرەتا دە گەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو وە هەتا ئێستا بەردەوامە، لەم ڕووە وە (ئلیسEllis ) كە لێكۆڵەرە ئاماژەی بەهەوڵە زۆرەكانی زانایان كردووە كە چۆن بۆ مەبەستی پێناسە كردنی چەمكە گرنگەكان پرۆگرامی جۆراو جۆریان داناوە هەمیشە بەردەوامن، لەبواری بابەتی جوگرافیاش یاخود پەروەردەی جوگرافیا بەم شێوەیە ڕونكراوەتەوەو خراوەتە ڕوو: جوگرافیا بە سەرجەم بە شە جیا جیا كانیەوە بریتیە لە زەوی، نیشتیمان، كات سەردەم، شوێن، مرۆڤ، ڕۆشنبیری، ژینگە، كۆمەڵگە، دانیشتوان، دیاردە سروشتی و مرۆییەكان، بیناسازی، شارستانیەت، ڕووبەر، ئاژەڵ، خاك، جیهانگیری، هەرێمەكان، مانەوە، بەم جۆرە وەرگرتنی چەمكە سەرەكیەكانی زانست یەكێكە لە ئامانجە گرنگە كان سەبارەت بە ئامادە كردنی مامۆستا، واتە پرۆسەی دەستنیشانكردنی پێناسەو چەمكەكانی جوگرافیا بناغەیەكی پێویستە بۆ مامۆستایانی جوگرافیا وە گرنگییەكی گەورەی دەبێت. (Ellis,1978,132-133)

### ٢-٤-١ فێربونی چەمكە جوگرافیەكان و گەشە پێدانیان

أ- بەكارهێنانی ڕێگەی پێوانە (ئیستقرائي)

بۆ پەرە پێدان و تێگەیشتن لە چەمکە جوگرافیەکان دەکرێت ئەم ڕێگایە بە کاربهێنرێت بۆنموونە ئەگەر مامۆستایەکی جوگرافیا لە کاتی وتنەوەی وانەیەك دەبارەی چەمکی (پیشەسازی کلاسیکی) دەتوانێت چەند نمونەیەکی ئەرێنی لە سەر بابەتەکە پێشکەش بکات وەك بە بیرهێنانەوەی ئەو جلو بەرگە کۆنانەی کە بە دەزو چنیویانە، پەیکەری دروستکراو بە تەختە، وە جانتای دەستی کە لە چەرم دروستکراوە، ئینجا مامۆستا ئەگەر بیەوێت نمونەی نەرێنی باس بکات و بیهێنێتە بەر چاو وەك: جلوبەرگی ئامادە کراو، هاوردە، دواتر ئەنجامگیری بکرێت لە نێوان هەردوو شێوازی نموونەکان تاوەکو تایبەتمەندیەکانی پیشە سازی میللی دەربکەوێت کە کارێکە نەوە لە دوای نەوە دەستاو دەست دەکرێت . (صالح،٢٠٠٣،٩٨)

ب- بە کارهێنانی ڕێگای دەرئەنجامی-هەڵێنجان (استنتاجي)

دەکرێت ئەم ڕێگایە بەکاربهێنرێت بۆ گەشە پێدانی چەمکە جوگرافیەکان و ڕونککردنەوەیان، بۆ نموونە ئەگەر مامۆستایەك بیەوێ چەمکی دوورگە ڕونبکاتەوە پێویستە خەسڵەت و سیمای دورگە وێنا بکات واتە دەبێت بڵێت دورگە پارچەیەکی وشکانییە لە هەموو لایەکەوە بە ئاو دەورە دراوە هەروەها پێویستە نموونەی ئەرێنی بخاتە ڕوو دواتریش نموونەی نەرێنی بخاتە ڕوو سەرئەنجامیش پێویستە مامۆستا داوا لە فێرخواز بکات پراکتیز بکات و نموونە و خەسڵەتی نوێ پیشان بدات بۆنموونە ئەگەر

مامۆستا دورگەی قوبرس بە نموونە نیشان بدات دە بێت فێرخواز دورگەی ماڵتا بە نموونە بهێنێتەوە. (شەمەیی،٢٠٠٩،٧٦)

## ٢-٤-٢گرنگی فێربوونی جوگرافیا

مرۆڤ ئەگەر چی ئاستی فێربونی کەم و لاواز بێت و ڕۆشنبیرییەکی بەرزی نەبێت، بەڵام لە ئێستاداو لەم سەردەمەدا پەیوەندییەکی توندو تۆڵی هەیە بە زەویەوە، چونکە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە و هەمووان لەسەر گۆی زەوی ژیان بەسەر دەبەن، چونکە ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەیبینین و دەیبیستین لەسەر بومەلەرزەو لافاو ئاگرکەوتنەوەو برسیەتی و دۆزینەوەی کانزاو گەشتنە سەر مانگ و جوڵە گەردونیەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هیچ زانیارییەك لە سەر زەوی شاراوە نییە بەردەوام لە زیادبوندایە، ئەمانەش هانی مرۆڤی داوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە زەوی بدرێت و زانیاری زیاتری لەسەر کۆبکرێتەوە چونکە خۆی ژیانی لەسەر بەسەر دەباو مەودای هیواو ئاواتەکانیەتی.گرنگی جوگرافیا تەنها بەوە خۆی قەتیس نە کردووە کە تەنها ستایش بێت و شیکردنەوە بکات و هۆکاری ڕوداوەکان بخاتە ڕوو کە مرۆڤەکان دەیبینن، بەڵکو لە بواری کۆمەڵایەتیشدا خۆی دەردەخات کە یارمەتی دەرە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی مرۆڤ و ژینگەکەی هەروەها یارمەتی دەرە بۆئەوەی مرۆڤ سود لە کەرەستەکان وەربگرێت بۆ بەرزترین ئاست و مەودا، پاشان بەراورد بکرێت لە گەڵ ژینگەکانی تری دوروبەر، واتە ئەوزانیاریانەی کە وێنای ژیانی دەرەوەی دەکات ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بەیەکەوە و ئاڵوگۆڕکردنی سودەکان پێکەوە.دەکرێت گرنگترین

**٢-٤-٣ گرنگی فێربوونی چەمکە جوگرافیەکان:**

ژمارەیەك لەتوێژەرانی بواری پەروەردەی جەختیان کردوە لە گرنگی فێربونی چەمکەکانی جوگرافیا لەوانە (نصار، ٢٠٠٨، ٥٨) و (حمیده واخرون، ٢٠٠٠، ١٢٢-١٢٣) و (خضر،٣٢٥،٢٠٠٦) و (الزيادات و قطاوی،١٦٧،٢٠١٠) و (محمود، ٢٠٠٥، ٦١-٦٢) و (نزال،٥٣،٢٠٠٣) ..بەم جۆرە گرنگی چەمکەکانی جوگرافیا خراونەتە ڕوو:

١. هاوکار دە بێت لە دانانی پرۆگرامێکی خوێندن بۆ خوێندنگاکان بە شێوەیەکی بەردەوام و پرۆفیشناڵی گشتگیر لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن.
٢. پێداویستیەکانی خوێندکاران پڕدەکاتەوە لە کاتی گەڕان بە دوای ڕاستی و هۆکارەکانی ڕودانی دیاردە جوگرافییەکان وێڕای پڕکردنەوەی خواستی گەڕان.
٣. بە ئامڕازێکی کاراو کلیلی سەرەکی دادەنرێت بۆ بیرکردنەوەو گە ڕان بەدوای ڕاستییەکاندا هەروەها بەردی بناغەیە بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی جوگرافیا، بە بێتێگەیشتن لە چەمکەکان پرۆسەی فێربوونی جوگرافیا زۆر لە ئامانجەکان لە دەست دەدات .
٤. هاوکار دەبێت لە زیادکردنی تواناکانی خوێندکار بۆ بە گەڕ خستنەوەی تواناکانی ژینگەو ئەو توانا جۆراو جۆرانەی کە هەیەتی.
٥. کاریگەری دروست دەکات لە سەر دروست بونی کە سایەتی مرۆڤ لە چەند ڕویەکەوە ئینجا ئەزمونی پێدەبەخشێت، واتە تێگەیشتن لە چەمکەکان دەبێت بە بە شێك لە

کەسایەتی تاکەکان، هەروەها لەو ڕێگەیەوە چەندین خواست و داب و نەریت بەدەست دەهێنێت کە گەشە دەدات بە لایەنەکانی تری ژیان.

٦. هاوکار دەبێت لە وەرگرتنی لێهاتووی و ئەزموون، بۆنموونە کاتێك مامۆستای جوگرافیا وانەی چۆنیەتی بە کارهێنان و خوێندنەوەی نەخشە دەڵێتەوە لە سەرەتادا چەمکە بناغەییەکان ڕوندەکاتەوە وەك (ناونیشانی نەخشە، ئاڕاستەو پێوەری نەخشە، قەبارەی نەخشە، کلیلی نەخشە، هێماو ڕەنگەکان...هتد)

٧. یارمەتی دەرە لە کۆکردنەوەی ڕاستیەکانی جوگرافیا، ئینجا وادەکات پرۆسەی فێربوون پڕبەها و واتا دار بێت و پرۆسەی خوێندن بەرەو گواستنەوەیەکی جۆری دەبات.

٨. پۆلێنکردنی چەمکە سەرەکیەکان دە بێتە هۆکار بۆ ئاسانکردنی گرێ کوێرەکانی ژینگە، یارمەتی خوێندکار دەدات لە ناوە ڕۆکی پێکهاتەی دیاردە جیاجیاکانی جوگرافیا.

٩. یارمەتی بەرەو پێشچونی زەینی خوێندکار دەدات، چونکە لە کاتی بە کارهێنانی چەمکەکان خوێندکار ئەزموون پەیدا دەکات و کاردانەوەی دەبێت لەسەر گەشەکردنی مێشك.

١٠. هاوکار دەبێت لە زیادکردنی تواناکانی خوێندکار بۆ بەکارهێنانی ئەرکە زانستیە سەرەکیەکان لە ڕوی تێگەیشتن و شیکردنەوەو پێشبینیکردن و ڕێکخستن و تێکەڵکردن و بیستن و پەیوەندی...هتد

لێرەدا توێژەر پێی وایە گرنگی فێربوونی چەمکەکانی جوگرافیا میکانیزمێکە ڕۆڵی هەیە لە دەرکەوتنی کەسایەتی فێرخوازی ڕۆشنبیر کە لە زۆربەی لایەنەکانی زانست

لێهاتووەو دەردەکەوێت، چونکە جوگرافیا زانستێکە پەیوەندی توندو تۆڵی هەیە لە گەڵ زانستەکانی تردا وەك (ئابوری و ڕامیاری و جیۆلۆجیاو مێژوو و گەردوونناسی و ئەوانی تر...) .

**٢-٥چەمکە مێژوییەکان**

**٢-٥-١ تایبەتمەندییەکانی چەمکی مێژووی :**

هەرچەند چەمکەکانی کە لەبواری مێژوودا بەکارهاتوون فرەچەشنن بە لاٚم لە سیماو تایبەتمەندییەوە هاوبەشن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. چەمکە مێژووییەکان پێکهاتوە لە بەرهەمی مێژوونوسان، بەواتایەکی تر چەمکی مێژووی بریتیە لە وێنا کردنێکی زەینی مێژوو نوسەکە کە دەرئەنجامی هەوڵەکانی لە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ڕوداوە مێژووییەکاندا پێیگەیشتووە.
٢. تێگەیشتنی مێژووی بریتیە لە بنیاتنانی ئایدیا دەربارەی ڕوداوە مێژووییەکان بەو دەرئەنجامەی مێژونوسەکە بەدەستی هێناوە، چەمکی مێژووی لێرە دا وابەستەی ئاست و ئایدیای مێژوونوسەکەیە.
٣. چەمکی مێژووی ئامڕازێکە بۆ پۆلێنکردنی ڕوداوەکان و ڕیزبەندی کردنیان پاشان پێدانی واتایەکی دیاریکراو پشت بەستن بە ڕهەندی پلە بەندی لە چۆنیەتی دروستکردنی زانیارییەکی دەست لێدراو درکپێکراو بۆ زانیاریەکی زیاتر ڕوون و بینراو،

ئینجا له تایبه‌تییه‌وه بۆ گشتی، له ساده‌و ئاسانه‌وه بۆ قورس و ئاڵۆز. (باوزیر و قربان،٢٠١١، ٦٢ ).

## ٢-٥-٢به‌كارهێنانی چه‌مكی مێژوویی

پێشتر ئاماژه‌ی پێكرا كه‌گرنگی چه‌مكه مێژووییه‌كان له وه‌دایه له ڕێگه‌یه‌وه مێژوو نوسان توانیویانه شیكردنه‌وه‌و لێكدانه‌وه بۆ ڕوداوه مێژووییه‌كان بكه‌ن، ئینجا تێكه‌ڵاوی په‌یوه‌ندی نێوان ڕوداوه‌كان و ئه‌و به‌ڵگه زانستیانه كه له به‌رده‌ستدان له چوارچێوه‌ی سه‌رده‌مێكی مێژووی دیاریكراو ئاشكرا. (باوزیر و قربان، ٦٤، ٢٠١١)

هه‌روه‌ها لێكۆڵینه‌وه مێژووییه‌كان ئه‌و ڕاستیه به‌سه‌ر مێژوو نوساندا ده‌سه‌پێنێت و ناچاری ده‌كات چه‌مكه مێژووییه‌كان به‌كاربێنێت و له لێكۆڵینه‌وه‌كان به‌گه‌ڕی بخات، وێڕای ئه‌و به‌كارهێنانه‌ش ناكرێت سنوری چه‌مكه‌كان له ڕوانینێكی وشك و متدا بوه‌ستێت، به‌ڵكو ده‌بێت چه‌مكه‌كان كراوه‌و جوڵاوه بێت به پێی گۆڕانكارییه سه‌رده‌میه مێژووییه‌كان كه ڕوده‌دات، هه‌رجۆره چه‌مكێك تێگه‌یشتنی مێژوویی خۆی هه‌یه وه‌ك و زه‌روره‌ت، به واتایه‌كی تر ئه‌ركه له سه‌ر هه‌ر مێژوو نوسێك كارامه له هه‌موو چه‌مكێكی مێژووی وشك خۆی ئازاد بكات و زیاتر به كراوه‌ی بیانخاته ڕوو، واته ده‌بێت چه‌مكه‌كان ئامڕاز بن بۆ خسته ڕوی گرفته‌كان و دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌ر بۆیان، هه‌روه‌ها رێگه‌كان ئاسان ونوێ بكات بۆ لێكۆڵینه‌وه‌و كیۆماڵیكردن له ئاسه‌واره مێژووییه‌كان ئینجا وه‌كو ده‌رچه‌یه‌ك بێت بۆ لێكۆڵینه‌وه‌ی بێكۆتای. (العروي، ١٩٩٧، ٤٨) .

## أ- چەمکی مێژووی بۆ منداڵی باخچە

سەبارەت بە مێژووی ئاڕاستە کراو بۆ منداڵان پێویستە بابە تەکە ڕوون و پلە بەندی بێت، چالاکیەکانی ڕۆژانەی منداڵانی باخچەکان هاوکارو یارمەتیدەرن لە گەشەسەندنی بیرو ڕوانینی منداڵ لەڕووی سۆزو دەروون و بیرکردنەوەو زمانەوانی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو بابەتانەی وەکو پرۆگرام ڕۆژانە بۆ منداڵان تەرخانکراوە، منداڵی بچوك لە ڕووی تەمەنەوە جیاوازە لە منداڵی تەمەن مام ناوەند ئینجا منداڵی تەمەن گەورەتر جیاواز ترە، لێرەدا مەبەست توانای وەرگرتنی منداڵانە لە فێربوون و لە چیرۆك و چالاکیەکان و پرۆگرام و یاریەکان، هەرقۆناغێکی تەمەن جۆرە چالاکییەکی پێویستە، بۆنموونە منداڵی تەمەن سەرەتا زیاتر باس و مەتەڵی ئاژەڵی دیارو دەستەمۆ کراوبە لایەوە پەسەندەو جێی تێڕامانیەتی وەکو باسکردنی پشیلەو چۆلەکە، منداڵی تەمەن مام ناوەندیش زیاتر گرنگی دەدات بە باسکردنی ئاژەڵی خەیاڵی – ئەفسانەی وەکو داینا سۆر، منداڵی تەمەن کۆتایش حەزی بە باسکردنی ئەو ئاژەڵانەیە کە لە دووتوێی مەتەڵەکاندا ڕۆڵی پاڵەوان بگێڕێت.

چەمك و پێناسە مێژووییەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە گەشەکردنی منداڵان لە چوار لایەنەوە:

١- لە بواری دەرونیدا: چەمکەکان هاوکار دەبن بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی دەرونی بۆمنداڵان.

٢- لەبواری کات بەسەربردنەوە: چەمکەکان یارمەتیدەرئەبن بۆ یاریکردن و ڕۆڵگێڕان لە چەند ڕۆڵێك لە نواندنی شانۆیی خوێندنگاکان یان ناو پۆل.

٣- لە ڕوی فێربوونەوە: چەمکەکان زانیاری لە سەرجەم بوارەکانی زانست و زانیاری بە منداڵان دەبەخشێت.

٤- لەبواری ویژدانی و سۆزەوە: چەمکەکان هاوکارن لە دەربڕینی سۆزو ئەو بوارانە کە وابەستەی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانە هەروەها بواری ئایدیاو ئاینەکان لەوانە ڕۆژوگرتن لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، بۆنەوجەژنەکان، ڕۆژی ئاڵا، خۆشەویستی نیشتیمان... هتد. (باوزیر،قربان٢٠١١، ٦٣-٦٤)

**ب- ئامانجە گشتیەکان لە خوێندنی مێژوودا**

١- جەختکردن و دڵنیا بوونەوە لە سەر ئەو ڕاستیەسەلمێنراو گرنگانەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە وەك:

- تەنهایی و تاقانەی پەروەردگار کە یەك شتە مرۆڕڤایەتی زانیویەتی
- گەورەی دەسەڵاتی خوداو زانینی ئەوەی کە دروستکەرو بە دیهێنەری مرۆڤ و بونەوەرە.
- مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە بە شێوازێکی تەواو ڕیکو پێك وبە باشترین شێوە دروستکراوە.

٢- پەیوەستکردنی منداڵ بە زەوی و نیشتیمانەکەیەوە لە هەموو کات و شوێنێکدا.

٣- وەرگرتنی پەندو ئامۆژگاری لە ڕوداوەکانی ڕابردوو بە کارهێنانی بۆچارە سەر کردنی کێشەکانی ئێستاو داهاتوویان.

٤- منداڵ دەتوانێت پەیوەندیەك دروست بکات لە نێوان ئێستاو داهاتوی جیهان.(باوزیر وقربان،٢٠١١،٧٢-٧٣)

**٢-٥-٣گرنگی خوێندنی مێژوو**

بە بێ تێگەیشتن لە ڕابردوو شیکردنەوەی مرۆڤ ناتوانێت لە ئێستای تێبگات، زانین و تێگەیشتن لە ڕابردوو واتە وەرگرتنی وانەی چەندان ساڵی دورو درێژی پێشووتر، بە بیرکردنەوەو تێڕامان لە ڕابردوو مرۆڤ دوور دەکەوێتەوە لە خودی خۆی و دەتوانێت ئەوە ببینێت کە پێشتر نەیتوانیوە بە ئاسانی بیبینێت لە تایبەتمەندیەکانی کەسانی ترو هەروەها هەڵەکانیان، ئەمە وای لێدەکات کە بتوانێت بە باشی هەڵسوکەوت بکات لە ئێستاو لە داهاتوو ئەمە لە دوای ئەوەی زانیاری و ئامۆژگاری وەرگرت لە ڕابردوو.

ڕابردووی گەلان و ڕابردووی مرۆڤەکان پڕیەتی لە ڕوداو وێنەی جیاواز کە پێوبستە مرۆڤ لە هەمووبارێکدا ئاگای لێبێت، جا ئەم ڕوداوانە یەکسانن ئەگەر خۆش بن وەك دەسەڵات و خۆشگوزەرانی یان ناخۆش وەك بەڵاو ناڕەحەتیەکان، هەر گە لێك بە پێی پێویست نە زانێت و ئاگادار نە بێت لە ڕابردووەکەی ئەوا لە ڕیزی گەل و نەتەوە پێشکەوتوەکان ئەژمار ناکرێت.

مرۆڤ نابێت تەنها توێژینەوەی ڕابردوو بکات وەك ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی بەڵکو پێویستە بزانێت و ئاگاداری مێژووی گۆڕانکاریەکان و کردارو کارەکان و کاریگەریەکانیان بێت بۆئەوەی بزانێت کامەیان ڕاستبووە تاگەشەی پێبدات.

دەکرێت گرنگی خوێندن و توێژینەوە کردن لە سەر مێژوو لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە:

١- مێژوو زانیاری دە بەخشێت بە مرۆڤە کانی سەردەم وبەژدارە لە دیاریکردنی ڕاستی و هەڵەی کارە کانی پێشووی تاکە کان و شێوای بەشداریکردنیان تێیدا.

٢- مێژوویەکی متمانە پێکراو ڕاستی زانیاری دروستی لە سەر چەقی شێوازی ڕوداوەکان دەبەخشێت.

٣- مێژوو زانیاریمان پێدەدات لە سەر ژیان و مێژووی (ڕاوییەکان ئەو کەسانەی هەواڵ و ڕوداوەکانیان گێڕاوەتەوە) لە ڕوی کات و بەژداریی و چاوپێکەوتنیان و ئەو گەشتانەی کە کردویانە بۆ داواکردنی زانست و گەڕان بە دوای ڕاستیەکان و ئەو تێکەڵاوییەی کە هەیانبووە، هەروەها لە ڕوی ساڵی مردنیان، ڕونکردنەوەی بارودۆخی ڕاویەکە لە ڕوی ڕاستگۆییەوە کە ئەمە زۆر کاریگەرە لە سەر ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵ وڕوداوەی گێڕاویانەتەوە. مێژوو ئاوێنەیەکە ڕابردووی گەلان پیشان دەدات و ئێستاش ڕونی دەکاتەوە وە لە مێژووشەوە دەتوانین پێشبینی داهاتو بکەین، جێگەی گرنگی پێدان و پاراستن و گواستنەوەو شیکردنەوەیەتی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بۆ نەوە کانی

تر، بەشێوەیەك کە ببێتە چراو ڕێنیشاندەر بۆ ئێستاو ئاینده یان.هەر میلەتێك مێژووی نە بێت بونی نییە، کاتێك میلەتان بە کردنی کارێك هەستاون ئەو کارە دەمێنێتەوە بە هۆی مێژووەکەی دەمرێت و لە ناو دەچێت بە نە مانی مێژووەکەی.

٤- لەڕێگەی مێژووەوە کات و شوینی ڕوداوەکان دیاریدەکرێت هەروەها ئەوەش کە هاوکاریەتی لە گۆڕانکاریەکان و سەرئەنجامەکانیان.

٥- مێژوو زانیاریمان پێدەدات لەسەر حاڵ و بارو دۆخی میللەتان و گەلان لە ڕوی هێزو لا وازیان و ئاستی زانیاری و زانستیان وە یان ئەندازەی دواکەوتوییان، هەروەها چالاکیەکانیان و هەموو ئەوتایبەتمەندیانەی تری گەڵان کە هەیان بووە.

٦- مێژوو هیواو توانا دەداتە مرۆڤ بۆدەستپێکردنی کاری باش و پێشبڕکێ کردن لە چاکسازی و بەخشیندا.

٧- مێژوو سەرکردە ڕاستگۆو دڵسۆزەکان دەردەخات کە لە درگا فراوانیەکانیەوە چونەتە ناو مێژووەوە، هەروەها ئەوەی بەجێیان هێشتووە لە ئیشوکاری جوان و پاکیان کە بە هیچ شێوەیەك لە بیر ناچێتەوە بە تێپەڕبونی ڕۆژوساڵەکان.

٨- لە گرنگترین سودەکانی مێژوو زانین و دەرخستنی هەڵەی پێشووەکان وئاگاداربونە لەو شتانەی کە پێیان تێیدا هەڵخلیسکاوە بە درێژای مێژوو. (باوزیر وقربان،٢٠١١،٧٣-٧٤)

## ٢-٦ توێژینەوەکانی پێشوو.

**٢-٦-١ توێژینەوە کوردییەکان**

١- توێژینەوەی (مصطفی، ٢٠١٦) بە ناونیشانی: ( (کاریگەریی فیلمی وێنەی جوڵاو و چیرۆکی وێنەیی لە سەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە بابەتی پەروەردەی مەدەنیدا)) لە ناوەندی پارێزگای شاری سلێمانی.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی کاریگەی فیلمی وێنەی جوڵاو و چیرۆکی وێنەی لە سەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە بابەتی پەروەردەی مەدەنیدا، وە توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزمونی و وەسفی  بە کار هێناوە، وە  نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە خوێندنگەی (مەحوی بنەڕەتی) کە ژمارەیان (٥٦) فێرخواز بوو، بەسەر سێ گروپدا دابەشکرابوون، گروپی (ا) (١٩ فێرخواز)، گروپی (ب) (١٩ فێرخواز) گروپی (ج) (١٨ فێرخواز) لە پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکاتووە لە بە کارهێنانی فیلمی وێنەی جوڵاو بەکارهێنانی چیرۆکی وێنەی وتاقی کردنەوەی دەسکەوتی خوێندن پێوەری بەها کۆمەڵایەتیەکان، لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گیشتووە : سەلمێنرا کە فیلمی وێنەی جوڵاو و چیرۆکی وێنەی ڕێگایەکی کاریگەرو باشترن لە وانە وتنەوە، بە

بەراورد بە ڕێگای ئاسای کە پەیڕەوکراوە لە دەسکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتیەکان.

**٢-٦-٢ توێژینەوە بیانیەکان**

أ- توێژینەوەی (الجهني،٢٠٠٠) بە ناونیشانی: کاریگەری بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو لە چەسپاندنی هەندێ بەهای گشتی لای منداڵانی قۆناغی دەستپێک.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە ناساندنی بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو لە بەدەستهێنانی هەندێك بەهای گشتی و پارێزگاریکردن لێی لای منداڵانی قۆناغی دەستپێك لە (المدينة المنورة). پاشان زانینی کاریگەری  لە سەر هەردوو ڕەگەزی (نێر/مێ) نمونەی توێژینەوەکە بۆ بەدەستهێنان و پارێزگاریکردن و وەبەرهێنان بۆ ئەم مەبەستەش چەند گریمانەیەکی دارشت کە پەیوەست بوون بە ڕەگەزەکانەوە بۆ وەدەستهێنان و پارێزگاریکردن، لە نێوان هەرسێ بەشەکەدا بۆ ئاستی کۆتا لە باخچەی ساوایاندا بۆ فێرکردنی  منداڵانی شاری (المدينة المنورة) .کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی قۆناغی (دەستپێک) لە شاری (مەدینة)، هەڵبژاردنی دوو گروپ بە شێوازی هەڕەمەکی، یەکەم گروپی ئەزمونگەری ئەوەی تریان گروپی کۆنترۆڵکراوبوو، ژمارەی تاکەکانی هەر گروپێك لە گروپەکان گەیشتە (١٢منداڵ) . هەرچی ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە بوو پێکهاتبوو لە (تاقیکردنەوەی مان-وتنی) – فیلم کارتۆنی حەوت کورتە

باڵا. وە کەرەستە ئاماریە کانی بە کار هاتبوو پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی (تا) - لادانی پێوەری- کای سکوێر.لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

١- جیاوازی بەڵگە داری ئاماری  هەیە لە نێوان تێکڕای نمرەی بەدەستهاتووی گروپی ئەزمونی یەکەم و گروپی کۆنترۆڵکراو.

٢- جیاوازی بەڵگە داری ئاماری  هەیە لە نێوان تێکڕای نمرەی پارێزگاریکردن گروپی ئەزمونی یەکەم و گروپی کۆنترۆڵکراو .

٣- جیاوازی بەڵگە داری ئاماری  هەیە لە نێوان تێکڕای نمرەی بەدەستهاتووی گروپی کوڕان و کچان لە گروپی ئەزمونی.

ب- توێژینەوەی (قربان ،٢٠١٢) بە ناونیشانی: کاریگەری بەکارهێنانی فیلمی وێنەی جوڵاو لە سەر گەشە پێدانی هەندێك چەمکی زانستی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچەی ساوایان لە شاری (مكة المكرمة) .

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لەزانینی  کاریگەری بەکارهێنانی فیلمی وێنەی جوڵاو لە سەر گەشەپێدانی هەندێك چەمکی زانستی و بە ها کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچەی ساوایان. کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٥٠) منداڵ کەبە ڕێگای مەبەستدار لە باخچەی ساوایانی دەیەم کە دابەشکرابوون بە سەر دووگروپدا، یەکەمیان گروپی ئەزمونی و دووەمیان گروپی کۆنترۆڵکراو. هەرچی ئامڕازی توێژینەوەکە بوو پێکهاتبوو لە (چاوپێکەوتن، ئامادە کردنی کۆمەڵێك فیلمی وێنەی

جولاو) . وه کەرەستە ئاماریە کانی بە کار هاتبوو پێکهاتبو لە شیکاری داتاو دۆزینەوەی جیاوازی ئاماری وەك تاقکردنەوەی (T-test) بۆ هەردوو نموونەکە .

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

١- بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە پێوەری پاشینەی ئاستی زانستی تێگەیشتن و بەها کۆمەڵایەتیەکان، بە جودا بۆ هەردوو بوارەکە پێکەوە، کە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونکراو بوو، واتە فیلمی وێنەی جولاو کاریگەری هەیە لە سەر گەشەی ئاستی زانستی تێگەشتن و بە ها کۆمەڵایەتیەکان.

٢- بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان پێوەرەکانی پێشینەو پاشینە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونکراو بۆ هەردوو ئاستی زانستی تێگەیشتن و بەها کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها نمرەی تەواو بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت، ئەویش لە بەرژەوەندی پێوەری پاشینە بوو، بو مانایەی کە وێنەی جولاو کاریگری هەیە لە سەر وتنەوەی وانەکە.

ج- توێژینەوەی (القلاف،٢٠١٥) بە ناونیشانی: کاریگەری فیلمی وێنەی جولاو لەسەر توانای داهێنان (ابداع) لای منداڵی بەهرەدار لە قۆناغی باخچەی منداڵان لە کویت.

ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری فیلمی وێنەی جولاو لەسەر توانای داهێنانی منداڵ (پاراوی،نەرمی، ڕەسەنایەتی)، توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزمونی

بەکارهێناوە، وە نمونەی توێژینەوەکە لە (٢٠) منداڵی باخچەی منداڵان ، کە تەمەنیان لە نێوان (٥-٦) ساڵاندا بوو دابەشکرابوون بە سەر دوو گروپدا (١٠) منداڵ وەك گروپی ئەزمونی (١٠) منداڵی دی وەك گروپی کۆنترۆڵکراو، وە ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە پرۆگرامێك لە سەر بە کارهێنانی وێنەی جوڵاو و لەسەر تایبتمەندی منداڵە بەتواناکان بۆ دۆزینەوەی منداڵەکان، وە تاقیکردنەوەی بیکردنەوەی داهێنانی بۆ منداڵی باخچە وەك جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی، وە دوای چارەسەرکردنی ئاماری بە بەکارهێنانی (ناوەندی ژمێرەی لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەی( ولکوکسون) تاقیکردنەوەی (مان وتنی ) بۆ نمونە ڕێککراوەکان)، وە توێژینەوەکە گەشتبوو بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- هەبوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی.

٢- هەبوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی.

ئەمەش ئاماژە بە بوونی کاریگەری فیلمی وێنەی جوڵاو لەسەرگەشەپێدانی تواناى داهێنەرانە لەلای منداڵانی باخچە.

د- توێژینەوەی (اللبان،٢٠١٥) بە ناونیشانی: کاریگەری ستراتیژی بازنەی چەمکەکان لە سەر وەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەی لە (بابل).

بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتی بوو لە کاریگەری ستراتیژی بازنەی چەمکەکان لە سەر وەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان لای خوێندکارانی

پۆلی پێنجەمی وێژەی توێژەر ئەم گریمانانەی لای خوارەوەی داڕشت: ( بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونی، نمرەی ئەو خوێندکارانەی گروپی ئەزمونی بەپێی بازنەی چەمکەکان وانەکانیان خوێندووە بەرز تربێت لەو خوێندکارانەی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە شێوازی ئاسای وانەکانیان خوێندووە لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان).

بەمەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لەوە توێژەر ڕێبازی ئەزمونگەری بەکار هێناوە دوو گروپی وەرگرتووە یەکەم گروپی ئەزمونی دووەم گروپی کۆنترۆڵکراو، وە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆوەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان، توێژینەوەکە لە سەر خوێندکارانی یەکێك لە قوتابخانە ئامادەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (بابل)، نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی لە (ئامادەی طلیلە ی کچان) وەرگیراوە. سێبەش (یەکەم و دووەم و سێ یەم) لە بابەتی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی ئامادەی بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) وەرگیراوە، وە توێژەر پلانێکی وانەوتنەوەی دانا بۆ وتنەوەی وانەکان بۆ هەردوو گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)، وە ئامڕازەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ئامادە کردنی تاقیکردنەوەیەك کە پێکهاتبوو لە (٦٠) بڕگە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك. توێژەر تاقیکردنەوەی (تائی) بە کارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتا ئامارییەکان. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیبوو لە بەکارهێنانی ستراتیژی بازنەی چەمکەکان کاریگەی زیاترە لە ڕێگا ئاساییەکە لە وەرگرتنی چەمکەکان.

٥- توێژینەوەی (العابدین،٢٠١٦) بە ناونیشانی: کاریگەری فیلمی فێرکاری لە گەشەپێدانی چەمکە زانستیەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥-٦) ساڵ لە اللاذقیة - سوریا.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی کاریگەری فیلمی فێرکاری لە گەشەپێدانی چەمکە زانستیەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥-٦) ساڵ وە زانینی ناوەندی ژمێرەی وەڵامی تاکەکانی گروپی ئەزمونی بەپێی گۆڕاوەکانی (جۆر، شوێنی باخچە) .وە لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی نیمچە ئەزمونی بەکار هاتوە، وە منداڵەکان دابەشکرابوون بۆ دوو گروپ (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) .وە توێژەر هەستاوە بە ئامادە کردنی (٨) فیلمی فێرکاری وە نیشانی کۆمەڵێك لە شارەزایانی ئەو بوارە درا دوای گۆڕانکاری وچاککردن خراوەتە ڕوو بۆ منداڵەکانی گروپی ئەزمونی، لەکاتێکدا منداڵانی گروپی کۆنترۆڵکراو بە شێوازی ئاسای فێرکراون.بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەش پێوەرێکی وێنەی دروستکراوە بۆ چەمکە زانستیەکان، وە دوای دەرهێنانی ڕاستی و دروستی پێوەرەکە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێ کراوە، کە پێکهاتووە لە (٤٠) منداڵ لە دوو باخچە وەرگیراون باخچەیەکیان لە گوندێکی سەر بە پارێزگای اللازقیة ئەوەی دی لە شارێکی سەر بە پارێزگای اللازقیە، وە توێژەر پرۆگرامی (SPSS) بەکار هێناوە بۆ شیکردنەوەی داتاکان.لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- بوونی کاریگەری فیلمی فێرکاری لە گەشەپێدانی چەمکە زانستیەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥-٦)ساڵ.

٢- بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەی وەڵامی تاکەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە جێبەجێکردنی پێوەری چەمکەزانستیە وێنەییەکان لە بەکارهێنانی فیلمی وێنەی لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونی.

٣- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەی وەڵامی منداڵانی گروپی ئەزمونی لە جێبەجێکردنی پاشینەی ڕاستەوخۆی پێوەری چەمکە زانستییە وێنەییەکان بە پێی گۆڕاوی (جۆر، شوێن) .

٤- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەی وەڵامی منداڵانی گروپی ئەزمونی لە جێبەجێکردنی پاشینەی ڕاستەوخۆی دواخراوی پێوەری چەمکە زانستییە وێنەییەکان.

٥- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەی وەڵامی منداڵانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە جێبەجێکردنی پاشینەی دواخراوی پێوەری چەمکە زانستییە وێنەییەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونی.

و- توێژینەوەی ( یوسلیگیت و ئاراڵ،٢٠١٦) بە ناونیشانی: کاریگەری فیلمی ئەنیمەیشن لە سەر گەشەپێدانی تێگەشتن و بینین و بیستن لای منداڵی باخچە لە (تورکیا).

ئامانجی  توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی کاریگەری فیلم ئەنیمەیشن لەسەر گەشەپێدانی توانای تێگەشتن و بینین و بیستن لای منداڵی باخچە تەمەنی (٥-٦) ساڵ، توێژینەوەکە هەستاوە بە وەرگرتنی داتای پێش تاقیکردنەوەو پاش تاقیکردنەوە لە سەر گروپێکی کونترۆڵکراو کە پێکهاتووە لە (١٢) منداڵ (٧کچ) و (٥کوڕ) بۆ گروپی یەکەم، وە (١٢) منداڵ (٧کچ) و (٥کوڕ) بۆ گروپی دووەم، وە (١٤) منداڵ (٨کچ) و (٦کوڕ) بۆ گروپی سێیەم کە گروپی ئەزموونییە. واتە یەکەم گروپ و دووەم گروپ بە ئارەزوی خۆیان سەیری فیلمیان کرد بەڵام گروپی سێیەم ناچارکران کە سەیری فیلمەکان بکەن. وە توێژەر فۆڕمی تاقیکردنەوەی بەکارهێناوە بۆ پێوانە کردنی هەستی تێگەشتن و بینینی منداڵەکان .منداڵەکان سەیری (٨) فیلمیان کردووە لە ماوەی (١٦) هەفتە هەر پازدە ڕۆژ جارێك فیلمێك سەیرکراوە.وە داتای تاقیکردنەوەکان بە (average) ناوەندی ژمێرەی وەرگیراوە بە (parameter data). ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست ئەومنداڵانەی کە بە تەواوەتی سەیری فیلمەکانیان کردووە باشتربوون لە ڕوی تێگەیشتن و ئاستی بینینەوە لەو منداڵانەی کە سەیریان نەکردووە.

ز- توێژینەوەی (یاسین و ئەوانی تر،٢٠١٦) بە ناونیشانی: کاریگەری پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن لە گەشەپێدانی زمانەوانی بۆ منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە لە (ئەردەن).

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن لە گەشەپێدانی زمانەوانی بۆ منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەرەکان سەرجەم پێداویستیەکانی تاقیکردنەوەکەیان ئامادە کرد، کە پێکهاتبوو لە (٣٠) پرسیارنامە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە (١٧) بەش ئاستی باڵا وە (١١) بەش ئاستی ناوەند وە (٢) بەش ئاستی نزم. وە ئەو بەشانەی کە ترکیزی کرابوە سەر سکیڵی گوێگرتن بوو کە بەرز ترین تێکڕای بەدەستهێنابوو دواتر گفتوگۆکردن، نوسین، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە جیاوازی هەیە بە پێی کاریگەریەکانی تایبەتمەندی لە زمانی عەرەبی وە جیاوەزی هەبووە بە پێی ئەزموون. بەڵام جیاوازی نەبووە بە پێی کوالیتی. واتە زمانی پرۆگرامەکان وە ئەزموونی منداڵەکان لە سەیرکردنی پرۆگرامەکان کاریگەری هەبووە.

### ٢-٦-٣ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

هەندێك خاڵی لێکچوون وە جیاوازی لە نێوان توێژینەوەی ئێستاو توێژینەوەکانی پێشوو هەیە:

١- لە ڕوی ئامانجی توێژینەوەکە: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو وە توێژینەوەی ئێستاش هەمان ئامانجیان هەیە ئەویش زانینی کاریگەری فیلمی فێرکاری (وێنەی جوڵاو و ئەنیمەیشن و کارتۆن) تەنها توێژینەوەی (اللبان) هاو ئامانج نییە، ئامانجی

زانینی کاریگەری ستراتیژی بازنەی چەمکەکان لە سەر وەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەی.

٢- لە ڕووی میتۆدی بە کارهاتوو لە توێژینەوەکاندا: توێژینەوەکەی ئێستاو سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو هەمان میتۆدیان بە کارهێناوە ئەویش میتۆدی نیمچە ئەزمونییە جگە لە توێژینەوەی (اللبان) میتۆدی ئەزمونگەری بەکارهێناوە.

٣- لە ڕووی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەی ئێستاو سەرجەم توێژینەوەکانی پێشووهەمان ئامڕازیان بەکارهێناوە ئەویش ئامادەکردنی فیلمە جگە لە توێژینەوەی (اللبان) ئەویش ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەکی (٦٠) بڕگەی بوو بۆ زانینی کاریگەری ستراتیژی بازنەی چەمکە کان لەسەر وەرگرتنی چەمکە جوگرافیەکان.

٤- لە ڕووی کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەی ئێستاو هندێك لە توێژینەوەکانی پێشوو (قربان، قلاف، العابدين، يوسليگيت) کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهاتبوو لە ( منداڵانی باخچەی منداڵان) بە دوو گروپ (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)، توێژینەوەی (اللبان) کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەی) بە دوو گروپ (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو).

توێژینەوەی (مصطفى) کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (منداڵانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی) بە دوو گروپ (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) .

# بەشی سێیەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە بە وردی باس لەو ڕێگەو شوێنانە دەکات کە توێژەر گرتویەتیە بەر،وە دیزاینکردن و ئامارازو پێداویستییەکانی توێژینەوەکە.هەڵبژاردنی میتۆدی ئەزموونی بە یەکەم هەنگاو دادەنرێت،کە توێژەر هەڵدەستێت بە ئەزموونکردنی توێژینەوەکە،دیاریکردنی میتۆدێکی دروست و باش وا لە توێژەر دەکات بگاتە ئەنجامی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە گریمانە کانی توێژینەوەکەدا خراونەتە ڕوو،هەربۆیە توێژەر پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی (میتۆدی ئەزموونی)، لەبەرئەوەی گونجاوە لە گەڵ ئەم توێژینەوەیە،بۆبەدەستهێنانی ئامانجەکان،ئەویش لە پێناو ناساندنی ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە،لە (دوو گروپ)، کە (گروپی ئەزموونی) و (گروپی کۆنترۆڵکراو)، (گروپی ئەزموونی) وانەیان پێوترا لە ڕێگەی بە کارهێنانی فیلمی فێرکاری، (گروپی کۆنترۆڵکراو) وانەیان بە ڕێگای ئاسای پێوترا،وە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی یان بۆ ئەنجام درا، وە ئەم بەشە باس لەو هەنگاوانە دەکات کە ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێیدا تێپەڕیوە تا گەیشتووە بەدواشێوەی ،لە دوای وەرگرتنی تێبینییەکانی شارەزایانی ئەو بوارە . بۆتەواو کردنی هە موو ئەوانە بە جۆرێك پرۆگرامەکە ئامادەبێت بۆ جێبەجێکردنی زانستی.

### ١-٣ ديزاينی ئەزموونیی توێژینەوەكە :

دیزاینی ئەزموونی بە ناوی (دیزاینی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراوی هەڕەمەكی) خاوەن تاقیكردنەوەی پێشینە وپاشینە بۆ جێبەجێكردنی ئەزموونی بەكارهاتووە، كە یەكێكە لە دیزاینی ئەزموونییەكانی (كۆنترۆڵكردنی توندوتۆڵ) (الزوبعي،١٩٧٤ - ١٩٨٧،١١٢) توێژەر ئەم ڕێكارییانە جێبەجێكرد:

١. زانیاری لە سەر ئەدەبیات و لایەنی پەروەردەی توێژینەوەكانی پێشوو كە بابەتی توێژینەوەكە لەخۆدەگرێت.
٢. زانیاری لەسە رپرۆگرامی باخچەی منداڵان تەمەن (٥-٦) ساڵ ئەمەش لە پێناو دیاریكردنی هەندێك لە چەمكە كۆمەڵایەتییەكان كە یەكەكانی (من و هاوڕێكانم، نیشتیمانەكەم، ژینگە، وەرزەكان، ئاو) تێیدا هەڵبژێردراوە.
٣. ئامادەكردنی كۆمەڵێك فیلمی فێركاری كە كۆمەڵێك چەمكی دیاری كراو لەخۆدەگرێت.
٤. پتەوكردن و ڕێكوپێككردنی فیلمە فێركارییەكان لە ڕێگەی نیشاندانی بە كۆمەڵێك شارەزاو پسپۆڕی ئەو بوارە.
٥. تاقیكردنەوەی فیلمەكان لە سەر نموونەیكی بەدواداچوونی بە مەبەستی گۆڕانكاریكردن و چاككردنی.
٦. ئامادەكردنی پێوەرێكی وێنەی چەمكە كۆمەڵایەتییەكان بۆ پێوانە كردنی ئاستی بەدەست هاتووی چەمكەكان لای منداڵەكان وە نیشاندانی بە شارەزایان وە پەرە پێدانی لە ڕێگەی تاقیكردنەوەی لە سەر سامپڵەكە.

٧. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ ئامڕازەکانی توێژینەوەکە.

٨. جێبەجێکردنی مەیدانی و بەکارهێنانی فیلمە فێرکارییەکان لە فێرکردنی هەندێك چەمکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەلای منداڵەکان.

٩. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پاشەکی ڕاستەوخۆ بۆپێوانە کردنی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان.

١٠. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پاشەکی دواخراو لەسەر ئەندامانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ئەوەش لە دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ بەسەر پێوانەکردنی ئاستی بەدەستهێنانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لەلای منداڵەکان.

**٢-٣ کۆمەڵگای توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی بنەڕەتی سەرجەم منداڵانی ئاستی دووەم قۆناغی باخچەی منداڵان کە تەمەنیان (٥-٦) ساڵ تۆمارکراون لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) کە ژمارەیان (١٧٧٢٠) منداڵە کە (٨٨٧١) کور و (٨٨٤٩) کچ بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە.

**٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە**

توێژەر سامپڵێکی بە مەبەست هەڵبژاردووە بۆی لە گەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەی گونجاو بێت کە لە (٤٠) منداڵ پێکهاتووە، لە باخچە منداڵانی (کوردجینیەس) هەڵبژێراون.و بەپێی دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەیەکسانی لەرووی ژمارەوە بۆ دوو

كۆمەڵ دابەشكراون , كۆمەڵەيەكيان ئەزموونى, و ئەوى تريان كۆنترۆڵكراو , وەك لە خشتەى ژمارە (٣-١) ڕوونكراوەتەوە.

**خشتەى (٣-١)**

**نموونەى توێژينەوەكە**

| كۆمەڵە | ژمارەى منداڵ | | |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | كۆ |
| ئەزموونى | ١٠ | ١٠ | ٢٠ |
| كۆنترۆڵكراو | ١٠ | ١٠ | ٢٠ |
| كۆى گشتى | ٢٠ | ٢٠ | ٤٠ |

## ٣-٤ كۆنترۆڵكردنى گۆڕاوەكان :

بەمەبەستى بەدەستهێنانى هاوسەنگى لە نێوان منداڵانى باخچە (نموونەى توێژينەوەكە) هەردوو كۆمەڵەى (ئەزموونى و كۆنترۆڵكراو)دا، بە پێى ئەو گۆڕاوانەى كە ڕەنگە كاريگەريەكانيان بە شێوەى ئەرێنى يان نەرێنى لە سەر ئەنجامى توێژينەوەكە هەبێت، لە بەر بوونى پەيوەندى لە نێوان گۆڕاوى تەمەن و توانا عەقڵيەكانى منداڵاندا، وە فەرامۆشكردنى جياوازى تەمەنى منداڵان كاريگەرى لە سەر ئەنجامى توێژينەوەكە دەبێت، دەستكرا بە كۆنترۆڵكردنيان بە پێى گۆڕاوى تەمەن، بۆ ئەو مەبەستە دەستكرا بە كۆكردنەوەى زانيارى لە سەر تەمەنى منداڵانى باخچە، بە پێوەرى مانگ بە پێى ڕەگەزنامەى بارى شارستانيەكانيان، هەر لە ڕۆژى لە دايكبوونەوە، تا

یەکەمین ڕۆژی دەست پێکردن بە پڕاکتیزەکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/١)، وەك لە پاشکۆی (٦) بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و پاشکۆی (٧) بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دەردەکەون، پاشان دەستکرا بە دۆزینەوەی بەهای تائی بۆ تێکڕای تەمەن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-Test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ, وەك لە خشتەی ژمارە (٣-٢) دا خراوەتەڕوو .

**خشتەی (٣-٢)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (دوو نموونە) بەپێ گۆڕاو تەمەن بەمانگ**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٢٠ | ٦٢,٤٠ | ٤,٥ | ٣٨ | ٠,٢٥٩ | ٢,٠٤٨ | ٠,٧٩٩<br>بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٦٢,٠٥ | ٤,١٩٩ | | | | |

وەك لە خشتەی ژمارە (٢) دا دەردەکەوێت ، بەهای (تائی) هەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٢٥٩)، ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی، کە یەکسانە بە (٢،٠٤٨)، بە پێی نمرەی ئازادی (٣٨) ، لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠،٠٥)، واتا هیچ جیاوازیەك لە نێوان تەمەنی مندالآنی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی، کۆنترۆڵکراو) دا نییە، کەواتە هاوسەنگن لە ڕووی گۆڕاوی تەمەن.

## ٣-٥ ئامادەکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە

بەوپێیەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە ڕۆلی فیلمی فێرکاری لە گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵآیەتیەکان لای مندالآنی باخچە. ئەمەش دەرخەری ئەوە ڕاستییە، کە توێژینەوەکە

به سروشتی خۆی له ئامرازێك زیاتری پێویسته، هەر بۆیە ئامرازی توێژینەوەکە بۆ دوو بەش دابەشدەکرێت:

أ- **پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەلآیەتیەکان:** به مەبەستی پێوانەکردن چەمکە کۆمەلآیەتیەکان لای مندالآنی باخچە. پاشکۆی (٤)

ب- **فیلمی فێرکاری:** بۆ پێوانە کردنی کاریگەری فیلمی فێرکاری لە گەشەپێکردنی چەمکە کۆمەلآیەتیەکان لای مندالآنی باخچە. بڕوانە (CD) هاوپێچ.

دوای ئەوەی توێژەر هەستا بە تەماشاکردن و خوێندنەوەی ئەدەبیات وتوێژینەوەکانی پێشوو کە پەیوەندیان هەیە بە بابەتی توێژینەوەکە،باگراوندێکی زانستی بۆ دروست بوو کە یارمەتی دەر

بوو لە دیاریکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر دەستی کرد بە ئامادەکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە.

### ٣-٥-أ پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمە ڵایەتییەکان

توێژەر هەستاوە بە دروستکردنی پێوەرێکی وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بە پشت بەستن بە ناوەرۆکی ی فیلمە فێرکارییەکان و ئامانجەکانی کە جەخت کراوەتە سەری لە گەشەپێدانی هەندێك چەمکی کۆمەڵایەتی،وە پێوەرەکە دروستکراوە بە لە بەرچاو گرتنی ڕێنمایی و ڕێساو یاساکانی تاقیکردنەوە بابەتییەکان،کە پێکهاتووە لە هەڵبژاردن لە چەند دانە یەك،گەیاندن،تەواوکردنی وێنەمەبەست ڕنگکردنی،وە توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتۆتە بەر لە ئامادەکردنی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان:

١- دیاریکردنی مەبەست لە پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان: پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بەکار هاتووە بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکە وەك:

- بۆ جێبەجێکردنی میتۆدی توێژینەوەکە وەك پێوەری پێشینە بۆ پێوانە کردنی ئاستی هەبوونی چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە یەکە دیاریکراوەکان لە لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە و دابەشکردنیان بۆ دوو گروپی (ئەزموونی - کۆنترۆڵکراو) .
- بەکار هاتووە وەك پێوەری پاشینەی ڕاستەوخۆ بۆ پێوانە کردنی ڕۆڵی فیلمی فێرکاری لە گەشە پێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان.
- بەکار هاتووە وەك پێوەری پاشینەی دواخراو بۆ پێوانە کردنی کاریگەری فیلمی فێرکاری لە گەشە پێدان چەمکەکۆمەڵایەتییەکان لەدوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە بە (یەك) مانگ.

٢- داڕشتنەوەی ئامانجە ڕەفتارییە ڕێکارییەکان: لە ئامادە کردنی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ منداڵی باخچە دەتوانرێت ئەم ئاستە زانستیانە لە خۆبگرێت (یادکردنەوە،تێگەیشتن،جێبەجێکردن) ئاستەکانی (شیکردنەوەو پێکهێنانەوە و هەڵسەنگاندن کەمێك ئەستەمە بۆ منداڵی باخچە،ژمارەی ئامانجەکان (٢٨)، بەم شێوەیە دابەش بوون: یاد هێنانەوە (١٤)، تێگەیشتن (١١)، جێبەجێکردن (٣) .

٣- ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان: بشت بەست بەو ڕاستییەی کە ئامانجە ڕەفتارییە ڕێکارییەکان دادەنرێت بە کۆڵەکەی بنەڕەتی بنیادنانی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵاەتییەکان ئامانجە ڕەفتاریەکان (٢٨) ئامانجەو

هەر ئامانجێك  پرسیارێکی بۆ ئامادە کراوە،لەسەر ئەو بنەمایەش خشتەی تایبەتمەندی ئامادەکراوە کە ئامانج لێی زانینی گشتگیری و هاوسەنگی لە پرسیارەکانی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان.

❖ **داڕشتنی بڕگەکانی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان:**

بڕگەکانی پێوەرە وێنەییەکە بە جۆرێك داڕێژراوە کە سەرەتای هەموو پرسیارێك یەك بیرۆکەی لە خۆگرتووە و وەڵامەکەی یەکێك لەو هەڵبژاردانەیە کە بۆ پرسیارەکە دانراوە،یان ڕاستەو خۆ گەیاندنی هەر پێشەکیەك بە بڕگەی گونجاو،یان ڕنگکردنی وێنە،وە ڕونی و دروستی لە داڕشتنی زمانەوانی پرسیارەکان بە جۆرێك زیاتر لە ڕونکردنەوەیەك هەڵنەگرێت،هاوکات دەستەبەرکردنی زانیاری و لێهاتووی کە بەژداربێت لە تێگەیشتن لە هەڵوێستەکە.

❖ **دەستنیشانکردنی ڕاستی و جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوەکە**

ڕاستیی ڕواڵەتی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان

مەبەست لە ڕاستی هەر ئامرازێك ئەوەیە، ئەو ئامرازە تا چەند توانای پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییە یان ئەو دیاردەیەی هەیە، کە لە پێناویدا داڕێژراوە و بۆی ئامادەکراوە (ملحم،٢٠١١،٨٤)، چەند جۆرێك لە ڕاستیی هەن، یەکێك لەوانە ڕاستیی ڕواڵەتییە.  بۆ دەرخستنی ڕاستیی ڕواڵەتی لە هەر ئامرازێکی توێژینەوە، دەبێت ئامرازی توێژینەوەکە بخرێتە بەردەستی کۆمەڵك لە پسپۆڕ و بڕیاردەران، کاتێك بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریان لەسەر

بڕگەو بابەتەکانی دا ئەوا بەو ئامرازە دەوترێت ڕاستیی تێدایە و دەگونجێت بۆ بەکارهێنان و پێوانەکردن.

توێژەر بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستیی ئامرازەکە و دڵنیا بوون لە ئاستی زانستی بوونی پێوەرەکە، کە تاچەند بڕگەکانی بە ڕوونیی و بە ووردی داڕێژراون و لە توانیاندا هەیە پێوانەکردن بۆ چەمکە کۆمەڵآیەتیەکان لای منداڵآنی باخچە بکەن، بۆ ئەو مەبەستە بڕگەکانی پێوەری چەمکە کۆمەڵآیەتیەکان کە ژماریان (٢٨) بڕگە بوو خرایە بەردەستی ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و ڕێگەکانی وانەوتنەوە و دەرووناسیی ، کە ژمارەیان (١١) پسپۆڕ بوون، پاشکۆی (١) .

توێژەر کۆدەنگی نێوان پسپۆڕەکانی بۆ دیاریکردنی ئاستی شیاوی بوار و بڕگەکانی فۆڕمی تێبینییەکە وەرگرتووە، و پەسەندکردنی هەر بوار و بڕگەیەك لە بڕگەکانی فۆڕمەکەی وەرگرتووە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٨٠ %) ی کۆدەنگی پسپۆڕەکان. دوای ئەوەی ڕاوبۆچوون و سەرنج و تێبینیی و پێشنیازیی شارەزا و پسپۆڕان، دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکان بەسەندن بە پێی بوارەکانی پێوەرەکە بەشێوەیەك (١٤) بڕگە لە بواری یادهێنانەوە و (١١) بڕگە لەبواری تێگەیشتن و (٣) بڕگە لە بواری جێ بەجێکردن، بەمەش ڕاستیی پێوەرەکە دەردەکەوێت وەك لە خشتەی (٣-٣) دیاریکراوە.

**خشتەی (٣-٣)**

**بوارو ژمارەی بڕگەکانی پێوەری جەمکە کۆمەلآیەتیەکان**

| بوارەکانی پێوەری جەمکە کۆمەلآیەتیەکان | ناوەندە ژمێرەیی |
|---|---|
| یادهێنانەوە | ١٤ |
| تێگەیشتن | ١١ |
| جێبەجێکردن | ٣ |
| کۆی گشتیی | ٢٨ |

## ❖ جێگیری پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان

مەبەست لە جێگیری واتە وردی و نەگۆڕی پێوەرەکە و بەدەستهێنانەوەی هەمان ئەنجام یان زۆر نزیك لەو ئەنجامە، لەکاتی دوبارە پیادەکردنەوەیدا (النبهان، ٢٠٠٤، ٢٢٩) . بۆ دۆزینەوە و زانیینی ڕادەی جێگیریی ئامرازی توێژینەوە چەند ڕێگەیەك هەیە، یەکێك لەوانە؛ ڕێگای تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە ، کە تا ڕادەیەك لە ڕێگەکانی دیکە باوترە،و بۆ دەرخستنی ڕادەی جێگیریی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان ئەم ڕێگەیە بەگونجاو زانرا.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر (٢٠) منداڵی باخچە، کەوەرگیراوە بەشێوەی هەڕەمەکی، لەکاتی جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر مندالآنی باخچەدا بەدوادا چونیەکە،ڕێنمایی و زانیاری درا

به منداڵەکان لە سەر چۆنیەتی وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، ودوای تێپەڕبوونی (١٤) ڕۆژ بەسەر جێ بەجێکردنی یەکەمدا توێژەر هەستا بە دووبارە جێ بەجێکردنەوەی

پێوەرەکە لەسەر هەمان نموونەی سەرەوە وەدوای پشکنینی فۆرمەکان، توێژەر بۆ ڕادەی جێگیریی ئامرازی پێوەرەکە، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) ی بەکارهێناوە کە ئەنجامەکەی گەیشتە (٠,٨٧)، وبەم نمرەیە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەری توێژینەوەکە جێگیرە.

### ❖ ئامادە کردنی زانیاری ورێنمای پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان:

زانیارییەکانی پێوەرە وێنەییەکە بە زارەکی ڕوندەکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی تێگەیشتنی منداڵەکان لەو ئەرکەی کە داوایان لێکراوە ئەویش بریتییە لە وەڵام دانەوەی برگەکانی پێوەرەکە،یەك بەیەك پرسیارەکان دەخوێنرێتەوە،پاشان ڕونکردنەوە لە سەر هەرپرسیارێك دەدرێت بۆ منداڵەکان تا دڵنیابین لەوەی کە سەرجەم منداڵەکان تێگەیشتوون لەوەی کە لێیان داواکراوە، سەبارەت بە ڕێنماییەکانی پێوەرەکە بریتی بوو لە (١) نمرە بۆ وەلآمی ڕاست و (٠) نمرە بۆ وەلآمی هەڵەی هەر پرسیارێك، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (٢٨) نمرەیە و نزمترین نمرە (٠) نمرەیە.

### ❖ تاقیکردنەوە بەدواداچونیەکە بۆ پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان:

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستاوە بە جێبەجێکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە (پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان) لەسەر نموونەیەکی بەدواداچوونی لە منداڵانی تەمەن (٥-

٦) ساڵ کە نموونەکە لە (٢٠) منداڵی نێرو و مێ لە دەرەوەی نموونەی منداڵانی توێژینەوەکە.
وە ئامانج لە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە وێنەییەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر نموونەیەکی بەدواداچوونی بریتی بوو لە:

1) هەژمار کردنی ئەو کاتەی کە منداڵەکان پێویستیانە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پێوەرەکە.
2) ئاستی تێگەیشتنیان لە پرسیارەکانی (بڕگەکانی) پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان.
3) دیاریکردنی هاوکۆلکەی قورسی و ئاسانی پێوەرەکە.
4) دیاریکردنی هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ زاراوەکانی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان.

وە لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پرسیارەکانی پێوەرکە ڕوونە لە لای منداڵانی باخچە و ناوەندی ژمێرەیی بۆ کاتی وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیارەکان بریتی بوو لە (١٤) خولەك بۆ سەرجەم پرسیارەکانی پێوەرەکە، واتە ئەو کاتە هەژمارکراوە کە منداڵەکان پێویستیانە بۆ وەڵام دانەوەی بڕگە بە بڕگەی پێوەرەکە واتە چەند کات دەخایەنێت تا وەڵامی هەموو بڕگەکان دەداتەوە ئەوەش  بە ڕێگەی ناوەندی ژمێرەیی لە نێوان ئەوکاتەی کی یەکەمین منداڵ پێویستی بووە بۆ وە ڵام دانەوە وە ی سەرجەم بڕگەکان وە ئەو کاتەی کە کۆتا منداڵ پێویستی بووە بۆ وەڵام دانەوە ناوەندی  ژمێرەیی کاتەکە (٣٠) چرکە بوو بۆ هەر پرسیارێك.

## ❖ هاوکۆلکەی قورسی و ئاسانی بۆ بڕگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان:

بۆ دیاریکردنی ئاستی قورسی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی لایەنی زانیاری، توێژەر بە پێی تایبەتمەندی جۆری بڕگەکان، یاساکانی دۆزینەوەی قورسی بەکارهێناوە، بۆ ئەو مەبەستە پلە بەندی بۆ (٢٨) پرسیارەکەی پێوەرەکە کرد کە سەرجەمیان (هەڵبژاردە) بوون، پاش جێبەجێکردنی یاساکانی دۆزینەوە ژمارەکان دەرکەوت، ئاستی قورسیی برگەکانی پرسیارەکان لە نێوان (٠,٣٠) بۆ (٠,٦٨) دا بوو ، بە ناوەندی ژمێرەیی (٠,٤٩)، و ئاستی ئاسانیی برگەکانی پرسیارەکان لە نێوان (٠,٣٢) بۆ (٠,٧١) دا بوو، بە ناوەندی ژمێرەیی (٠,٥١)، کە ئەو ئەنجامانە تا ڕادەیەك گونجاوە بۆ شێوازی پرسیاردانان، و دەتوانین بڕگەکانی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان قبوڵ بکەین وەك لە خشتەی ژمارە (٣-٤) دەردەکەوێت. .

**خشتەی ژمارە (٣-٤)**

**هاوکۆلکەی قورسی و ئاسانی برگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان**

| ژ | ئاسانی | قورسی | ژ | ئاسانی | قورسی | ژ | ئاسانی | قورسی | ژ | ئاسانی | قورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٤٥ | ٠,٥٧ | ٨ | ٠,٥٥ | ٠,٣٣ | ١٥ | ٠,٤٦ | ٠,٦٠ | ٢٢ | ٠,٣٣ | ٠,٤٨ |
| ٢ | ٠,٥٣ | ٠,٦٠ | ٩ | ٠,٥٢ | ٠,٤٤ | ١٦ | ٠,٤٠ | ٠,٤٦ | ٢٣ | ٠,٦٠ | ٠,٥١ |
| ٣ | ٠,٤٣ | ٠,٥٣ | ١٠ | ٠,٤٤ | ٠,٣٠ | ١٧ | ٠,٥٥ | ٠,٥٥ | ٢٤ | ٠,٥١ | ٠,٦٠ |
| ٤ | ٠,٣٨ | ٠,٤٨ | ١١ | ٠,٣٠ | ٠,٥٥ | ١٨ | ٠,٥٥ | ٠,٤٠ | ٢٥ | ٠,٤٨ | ٠,٥٥ |
| ٥ | ٠,٦٠ | ٠,٤٣ | ١٢ | ٠,٣٣ | ٠,٥٢ | ١٩ | ٠,٦٨ | ٠,٤٤ | ٢٦ | ٠,٤٤ | ٠,٤٥ |
| ٦ | ٠,٤٠ | ٠,٦٠ | ١٣ | ٠,٦٦ | ٠,٧١ | ٢٠ | ٠,٦٥ | ٠,٥٤ | ٢٧ | ٠,٥٥ | ٠,٦٥ |
| ٧ | ٠,٤٨ | ٠,٦٧ | ١٤ | ٠,٥٦ | ٠,٤٨ | ٢١ | ٠,٤٥ | ٠,٣٢ | ٢٨ | ٠,٦٠ | ٠,٦٨ |

❖ **هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان:**

دەربڕینی هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە توانای ئەو بڕگانە لە جیاکاری لەنێوان منداڵێکی لاواز و منداڵێکی زور باش، ئەگەر هاوکۆلکەی جیاکاری زۆر بەرز بوو، ئەوە مانای وایە تەنها منداڵە زۆر باشەکان دەتوانن وەڵامی دروست بدەنەوە، ئەگەر هاوکۆلکەی جیاکاری نزم بوو بۆ بڕگەکان مانای وایە سەرجەم منداڵەکان دەتوانن وەڵامی ڕاست بدەنەوە (علام، ٢٠٠٠، ٢٨٩) .

توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان دەرهێناوە  بە گرتنە بەری ڕێگای کیلی کە پشت دەبەستێت بە:

١) دابەشکردنی نموونەی بەدوادا چونی (العينة الاستطلاعية) بۆ دوو گروپ،گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (٢٧%) کە ژمارەیان (٦) منداڵی باخچە بوو، وە گروپێك کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (٢٧%) کە ژمارەیان (٦) منداڵی باخچە بوو، وە دورخستنەوەی ئەو گروپەی کە ناوەندبوون.

٢) دۆزینەوەی ئاستی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرکە، لە ڕێگەی لێدەرکردنی ژمارەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیی کە کەمترین نمرەیان بەدەستهێناوە کە وەڵامی ڕاستیان داوەتەوە (ن د) لە ژمارەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیی کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە کە وەڵامی ڕاستیان داوەتەوە (ن ع) وە دابەش کردنی ئەنجامەکە بەسەر سەرجەمی تاکەکانی هەردوو

کۆمەڵەی بەرز و نزم (العليا و الدنيا) دەرکەوت بەهای بڕگەکانی جیاکاری لە نێوان (٠,٤٠ بۆ ٠,٧٤) دا بوو بەئەمەش دەتوانین بڵێین کە بڕگەکانی پێوەری وێنەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان توانای جیاکارییان هەیە وەك لە خشتەی ژمارە (٣-٥) دەردەکەوێت. .

**خشتەی ژمارە (٣-٥)**

**هاوکۆلکەی جیاکاری برگەکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان**

| ژ | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ | هاوکۆلکەی جیاکاری | ژ | هاوکۆلکەی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٦٠ | ٨ | ٠,٦٨ | ١٥ | ٠,٥٦ | ٢٢ | ٠,٤٨ |
| ٢ | ٠,٥١ | ٩ | ٠,٧٤ | ١٦ | ٠,٦٣ | ٢٣ | ٠,٧١ |
| ٣ | ٠,٤٨ | ١٠ | ٠,٧٠ | ١٧ | ٠,٧٠ | ٢٤ | ٠,٦٦ |
| ٤ | ٠,٤٤ | ١١ | ٠,٤٠ | ١٨ | ٠,٤٣ | ٢٥ | ٠,٥٦ |
| ٥ | ٠,٥٥ | ١٢ | ٠,٥٠ | ١٩ | ٠,٤٥ | ٢٦ | ٠,٤٨ |
| ٦ | ٠,٦٠ | ١٣ | ٠,٤٦ | ٢٠ | ٠,٥٠ | ٢٧ | ٠,٧٠ |
| ٧ | ٠,٤٠ | ١٤ | ٠,٤٠ | ٢١ | ٠,٥١ | ٢٨ | ٠,٤٥ |

- **جێ بەجێکردنی کۆتایی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان:**

دوای ئەوەی سەرجەم ڕێکارییەکانی ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان، هەر لە ڕاوەرگرتنی سەرەتاییەوە تا دڵنیابوون لە ڕاستیی و جێگیریی و ڕوونی بڕگەکان لە ڕووی زمانەوانییەوە بە کۆتاهات دەرکەوت، کە پێوەرەکە بەشێوەیەکی زانستییان داڕێژراوە، و دەتوانرێت بۆ پێوانە کردنی زانیارییەکانی مندالآنی باخچە دەربارەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنرێت. وەهەروەها کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکانی کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) و ئامادەکردنی پێداویستییەکان، توێژەر هەستا بە

جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر نموونەی توێژینەوەکە بۆ تاقیکردنەوەی پێشینە لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو وە تاقیکردنەوەی پاشینە لە بەرواری ١١/٤/ ٢٠٢٠ لە باخچەی منداڵانی کوردجینییەس.

**٣-٥- ب - فیلمی فێرکاری**

بەو پێیەی ئامرازی دووەمی توێژینەوەکە ئامادەکردنی فیلمی فێرکاریە  بۆ گەشەپێدانی چەمکە کۆمەلآیەتییەکان لای مندالآنی باخچە، توێژەر بە مەبەستی ئامادەکردنی فیلمی فێرکاری ئەم ڕێکارییانەی خوارەوەی گرتەبەر:

**١)  ئامادەکردنی فیلمە فێرکارییەکان**

توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی (١٠) فیلمی فێرکاری کە لە گەڵ  یەکەکانی ناو پرۆگرامی قۆناغی دووەمی باخچەی منداڵانی هەرێمی کوردستان شیاو بێت،فیلمەکان ماوەیان زۆربوو بۆیە توێژەر هەستاوە بە کورتکردنەوەیان بە جۆرێك لە گەڵ منداڵی باخچەو کاتی چالاکییەکان گونجاو بێت وە دواتر توێژەر هەستاوە بە وەرگێڕانی وتووێژەکانی کە لە نێوان کەسایەتیەکانی فیلمەکان ئاڵوگۆڕدەکرێن وە هەندێك وتو وێژو دەقی دەنگی زیادکردووە بۆ فیلمە فێرکارییەکان.

توێژەر ئەم فیلمانەی هەڵبژارد بۆ گونجاندن لە گەڵ ئامانجە گشتییەکان لەوانە: گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە ئاستی دووەم تەمەن (٥-٦)

ساڵ،دواتر توێژەر هەستاوە ،وە ئامادە کردنی ئەم فیلمانە بە کۆمەڵێك هەنگاودا ڕۆشتووە، کە دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتی بکەینەوە:

١- بە وەرگرتنی فیلمە فێرکارییەکان لە تۆڕی ئینترنێت کە ئەوانیش (١٠) فیلمی وێنەی جوڵاون.

٢- شیکردنەوەی یەکەکانی خوێندن کە هەڵبژێردراون بۆ توێژینەوەکە ئەوانیش یەکەکانی (من وهاوڕێکانم،نیشتیمانەکەم،ژینگە،وەرزەکان،ئاو) وە دەرهێنانی دیارترین ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ناو ئەو یەکانەدا هەیە وە دیاریکردنی دیارترین ئەو بابەتانەی کە ئەو چەمکانەی لە خۆگرتووە.

٣- دیاریکردنی ئەو چەمکانەی کە فیلمە فێرکارییەکانی بۆ ئامادە دەکرێت ئەوانیش: (نیشتیمانەکەم، شێوەکانی سەر ڕوی زەوی، پیسبونی ژینگە، پاراستنی ژینگە، سەرچاوەکانی ئاو بەکارهێنانەکانی، شەو و ڕۆژ، وەرزەکان، کەش و هەوا، ئاڕاستەکان، ڕەفتارو هەڵسوکەوتی شیاو) .

٤- گەڕان بەدوای فیلمی فێرکاری گونجاو لە گەڵ ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەی دەمانەوێت پێشکەش بە منداڵەکانی بکەین،وە فیلمی وێنەی جوڵاو هەڵبژێردراوە،ئەم جۆرە فیلمانە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و منداڵ حەزی پێیانە وە لە جیهانی منداڵانەوە نزیکە لە کاتێکدا فیلمەکانی دی کەسایەتیەکانی کە ڕۆڵ دەگێڕن مرۆڤن ئەمەش کەم تر سەرنجیان ڕادەکێشێت.

٥- هەندێك گۆڕانكاری كراوە لەو فیلمانەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجە زانستییەكاندا بگونجێت كە هەوڵی بەدیهێنانی دەدرێت، بۆیە سەرلەنوێ فیلمەكان بەرهەم هێنراونەتەوەو كورتكراونەتەوەو ڕێكخراون،وەدەنگی بۆ زیادكراوە ئەوەش لە ڕێگەی وەرگێڕانی دەقەكان كە بە زمانی بێگانە بوون وەرگێڕدراون بو زمانی كوردی بە جۆرێك لە گەڵ پێكهاتەو ناوەرۆكی فیلمەكەو ئەو ئەزمونەی كە دەمانەوێت پێشكەشی منداڵەكانی بكەین گونجاو بێت.ئەمەش لە ڕێگەی ئەم بەرنامانەوە ئەنجام دراوە:

- Free make video convertor توێژەر بە كاری هێناوە بۆ كورتكردنەوەو لابردنی هەندێك بەشی فیلمەكان.
- Wonder share video editor توێژەر بە كاری هێناوە بۆ زیادكردنی وتووێژە دەنگییە وەرگێڕدراوەكان،هەستاوە بە وەرگێڕانی دەقەكان وە مۆنتاژ كردنی بە دەنگی خۆی تا لە گەڵ مەبەستەكەی كە هەیەتی گونجاوبێت.

٦- نیشاندانی پرۆگرامە فێركارییەكان كە بریتیبوون لە فیلمی فێركاری بە كۆمەلێك لە پسپۆڕو شارەزا.

٧- تاقیكردنەوەی فیلمە فێركارییەكان لە سەر سامپلێك كە پێكهاتووە لە (١٠) منداڵ تەمەن (٥-٦) ساڵ لە دەرەوەی ئەو سامپڵە كە بۆ توێژینەوەكە هەڵبژێردرابوون.

٨- تاقیكردنەوەی فیلمەكان لە سەر نموونەیەكی بە دوادا چوونی كە پێكهاتووە لە (٢٠) منداڵ.

٩- گۆڕانكاریكردن و چاككردنی فیلمەكان لە ژێر ڕۆشنای ئەو ئەنجامانەدا.

١٠- جێبەجێکردنی مەیدانی و کۆتای بۆ فیلمە فێرکارییەکان بە سەر تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا.

## ٢) ڕاستی فیلمە فێرکارییەکان

دوابەدوای ئامادەکردنی (٢٠) فیلمی فێرکاری دەربارەی گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە ئاستی دووەم، و بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستیی و دروستی وە ڕادەی هاوتای لە گەڵ ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دروستکراوە، فیلمە فێرکارییەکان خرایە پێشچاوی کۆمەڵێك مامۆستای شارەزا و پسپۆڕ لە بوارەکانی پەروەردە و ڕێگەکانی وانەوتنەوە و دەروونناسیدا، کە ژمارەیان (١١) شارەزا بوون (هەمان شارەزاکانی پێوەری وێنەیی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان)، بڕوانە (پاشکۆی ١)، پاشتر لەڕێگەی فۆڕمێکەوە داوایان لێکرا بیروڕای خۆیان سەبارەت بە کۆی گشتی فیلمە فێرکارییەکان لە رووی (ئامانج، ناوەڕۆك،چەمکەکان، ژمارەی فیلمەکان، ماوەی فیلمەکان) دەربڕن. پاش پێدانی ماوەی گونجاو توێژەر بیروڕاو بۆچوونەکانی شارەزایانی وەرگرتەوە و کاری لەسەرکردوو،

دوای ئەوەی ڕاوبۆچوون و سەرنج و تێبینیی و پێشنیازیی شارەزا و پسپۆڕان، سەبارەت بە لابردن هەندێك لە فیلمە فێرکارییەکان و چاککردنی هەندێکی تریان، توێژەر دەستی کرد بە گۆڕانکاری لە فیلمەکان بەو شێوەییەی، کە شارەزا و پسپۆڕەکان چاکسازیان تێدا کردبوو، ئەوش لابردنی (٦) فیلم بوو بە تەواوەتی، وە دابەش کردنی (٤) فیلم بەسەر فیلمەکانی دیکەدا، واتا گشت فیلمە لابراوەکان ودابەشکراوەکان گەیشتە (١٠) فیلم، لە

ئەنجامی تۆمارکردنی بیروبۆچوونەکان توێژەر کۆدەنگی شارەزایان وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی ڕاستیی ودروستی فیلمەکان، کە دەکاتە (٨٥%) کۆدەنگی شارەزایان، بە لەبەرچاوەگرتنی ئەو ڕێژەیە، توێژەر گۆڕانکاری ئەنجامداوە، لە دوا شێوەیدا ئامرازەکە (فیلمی فێرکاری) بەم جۆرە داڕێژرایەوە کە پێکهاتووە لە (١٠) فیلمی فێرکاری وەك لە خشتەی (٣-٦) دیاریکراوە.

**خشتەی (٣-٦)**

**جۆری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان و ژمارەی فیلمە فێرکارییەکان دوای چاککردن**

| ژ | چەمکە کۆمەڵایەتیەکان | جۆری فیلمەکان |
|---|---|---|
| ١ | نیشتیمانەکەم | مێژووی |
| ٢ | شێوەکانی سەر ڕوی زەوی | جوگرافیا |
| ٣ | پیسبونی ژینگە | جوگرافیا |
| ٤ | پاراستنی ژینگە | جوگرافیا |
| ٥ | سەرچاوەکانی ئاو بەکارهێنانەکانی | جوگرافیا |
| ٦ | شەو و ڕۆژ | جوگرافیا |
| ٧ | وەرزەکان | جوگرافیا |
| ٨ | کەش و هەوا | جوگرافیا |
| ٩ | ئاڕاستەکان | جوگرافیا |
| ١٠ | ڕەفتارو هەڵسوکەوتی شیاو | پەروەردەی مەدەنی |
| کۆی گشتیی | | ١٠ |

### ٣) سێیەم: تاقیکردنەوە بەدواداچونیەکە بۆ فیلمە فێرکاریەکان:

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستاوە بە جێبەجێکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە (فیلمە فێرکاریەکان) لەسەر نموونەیەکی بەدواداچوونی لە منداڵانی تەمەن (٥-٦) ساڵ کە نموونەکە لە (٢٠) منداڵی نێرو و مێ لە دەرەوەی نموونەی منداڵانی توێژینەوەکە، وە ئامانج لە جێبەجێکردنی فیلمە فێرکاریەکان لەسەر نموونەیەکی بەدواداچوونی بریتی بوو لە:

١- زانینی ئەو ئاستەنگیانەیە کە ڕووبە ڕووی منداڵەکان دەبێتەوە لە کاتی تەماشاکردنی فیلمەکاندا.

٢- زانینی ئاستی تێگەیشتنیان لە (ناوەڕۆکی) فیلمە فێرکاریەکان.

٣- دڵنیابوون لە هاوتابوونی دەنگەکان لەگەڵ فیلمەکاندا.

٤- دڵنیابوون لە حەزوئارەزووی منداڵآن بۆ تەماشەکردنی فیلمە فێرکارییەکان.

لەو ڕوانگەیەشەوە توێژەر سودی لەو تێبینی یانە وەرگرت لە چاککردن و بەرەو پێشبردنی فیلمەکان .

### ٤) چوارەم: جێ بەجێکردنی کۆتایی فیلمە فێرکاریەکان:

دوای ئەوەی سەرجەم ڕێکارییەکانی ئامادەکردنی فیلمە فێرکاریەکان، هەر لە ڕاوەرگرتنی سەرەتاییەوە تا دڵنیابوون لە ڕاستیی و ڕوونی ناوەڕۆکی فیلمەکان لە ڕووی زمانەوانییەوە بە کۆتاهات دەرکەوت، کە پێوەرەکە بەشێوەیەکی زانستییان داڕێژراوە، و دەتوانرێت بۆ گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنرێت. وهەروەها کۆنترۆڵکردنی

گۆڕاوەکانی کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) و ئامادەکردنی پێداویستییەکان، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی کۆتایی فیلمە فێرکاریەکان لە سەر نموونەی توێژینەوەکە کۆمەڵەی (ئەزموونی)، ماوەی جێ بەجێکردنی کۆتایی لە (٤) هەفتە پێکهاتبوو بۆ جێبەجێکردنی وانەکانی، و سەرەتای دەستپێکردنی وانەکان لە ڕێکەوتی (٤/ ١٠/٢٠٢٠) بووە، و لە ڕێکەوتی (٤/ ٢٠٢٠/١١) کۆتایی هات.

## ٣-٦ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

به مەبەستی چارەسەرکردنی ئامار و شیکردنەوەی زانیارییە کۆکراوەکان کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (spss)ی ڤێرژنی(٢٥) بەکارهێنا بۆشیکردنەوەی زانیارییەکان.وە هاوکیشە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

١- تاقیکردنەوەی تی تێست ( t - t est ) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ:

بەمەبەستی دۆزینەوە و دیاریکردنی ئاستی لێهاتوویی و کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان و ئەنجامی کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) بەکارهێنراوە. کە ئەم لایەنانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:

$$\text{ت}_{(\text{ن}١ + \text{ن}٢ - ٢)} = \frac{\bar{\text{س}}١ - \bar{\text{س}}٢}{\sqrt{\frac{(\text{ن}١ - \text{ن}٢)\text{ع}_{١}^{٢} + (\text{ن}٢ - ١)\text{ع}_{٢}^{٢}}{\text{ن}١ + \text{ن}٢ - ٢}}} \times \left(\frac{١}{\text{ن}١} + \frac{١}{\text{ن}٢}\right)$$

(سَ١) : ناوەندی ژمێرەی نموونەی یەکەم

( سَ٢) : ناوەندی ژمێرەی نموونەی دووەم

(ن١) : ژمارەی تاکەکانی نموونەی یەکەم

(ن٢) : ژمارەی تاکەکانی نموونەی دووەم

(ع١٢) : لادانی پێوەری نموونەی یەکەم

(ع٢٢) : لادانی پێوەری نموونەی دووەم

٢- تاقیکردنەوەی تی تێست ( t - t est ) بۆ یەك نموونە:

بەمەبەستی دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەی کۆمەڵەکان و دۆزینەوەی قەبارەی کاریگەری فیلمی فێرکاریەکە:

$$ت_{(ن-١)} = \frac{\bar{س} - أ}{ع / \sqrt{ن}}$$

س = ناوەندی ژمێرەی هەژمارکراو

أ = ناوەندی ژمێرەی گریمانەیی

ع = لادانی پێوەری نموونەی توێژنەوەکە.

ن = قەبارەی نموونە

٣- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن:

بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی جێگیری پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهاتووە:

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص - مج س × مج ص}}{\sqrt{\{\text{ن مج س٢ - (مج س ٢)}\}\{\text{ن مج ص٢ - (مج ص ٢)}\}}}$$

ر = بەهای ژمێراو

ن = قەبارەی نموونەیەك

س = نرخەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم

ص = نرخەکانی تاقیکردنەوەی دووەم

٤- هاوکۆلکەی ئاسانی ( معامل السهوله )

بەمەبەستی دیاریکردن و دۆزینەوەی ئاستی ئاسانی و گرانی بڕگە کانی پێوەری چەمکە کۆمەلآیەتییەکان بەکارهاتووە:

$$\text{هاوکۆلکەي ئاساني} = \frac{\text{ژمارەی نمرە ڕاستەکانی هەردوو گرووپەکە}}{\text{کۆی ژمارەی خوێندکاران}}$$

٥- هاوکۆلکەی جیاکاری( معامل التمييز )

بەمەبەستی دیاریکردن و دۆزینەوەی ئاستی جیاکاری بڕگەکانی پێوەری چەمکە کۆمەلآیەتییەکان بەکارهاتووە:

$$\text{هاوکۆلکەی جیاکاری} = \frac{\text{س} - \text{ص}}{\frac{١}{٢}\text{ن}}$$

س = ژمارەی وەڵامە ڕاستەکانی گروپی باڵا

ص  =  ژمارەی وەڵامە ڕاستەکانی گروپی نزم

ن = ژمارەی گروپێکی توێژینەوەکە

٦- هاوکۆلکەی ئاماری (کۆهن):

بەمەبەستی دیاریکردنی  ئاستی کاریگەری دوو کۆمەڵەی  پەیوەندیداری  کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی بەکارهاتووە:

$$\text{قەبارەی کاریگەری} = \sqrt{\frac{\text{ت}^{2}\,(1-\text{ر})}{\text{ن}}}$$

ت = بەهای  ژمێراو

ر = ئاستی پەیوەندی لە نێوان تاقیکردنەوەی  پێشینە و پاشینە

ن  = قەبارەی نموونەکە

٧- هاوکۆلکەی چوارگۆشەی ئیتا بۆ دۆزینەی ئاستی کاریگەری دوو کۆمەڵەی سەربەخۆ:

بەمەبەستی دیاریکردنی  ئاستی کاریگەری کۆمەڵەی  کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی بەکارهاتووە:

$$\text{مربع ايتا} = \frac{\text{ت}^{2}}{\text{ت}^{2} + \text{درجات الحرية}}$$

(علام،٢٠٠٠، ٧٨)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکان و گریمانەکان کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە و ڕاڤەکردنیان و لەکۆتاییدا دەرئەنجام وڕاسپاردەو پشنیاز خراونەتەڕوو.

### ٤-١ خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم:

گریمانەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە: هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینە منداڵانی باخچە هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)، لە تاقیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان نییە.

بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری نمرەکانی منداڵانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)،دەرهێنا پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-Test) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ و یەکسان بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) ،دەرکەوت کە بەهای (تی) ئەژمارکراو (٤،٢١٣) نمرەیە کە گەورەترە لە بەهای (تی) خشتەیی ( ٢،٠٤٨) بە نمرەی ئازادی (٣٨) ،لەسەر ئاستی بەڵگە داری (٠،٠٥) وەك لە خشتەی ژمارە (٤-١) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٤-١)

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)

لە تاقیکردنەوەی  پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٢٠ | ٢٤,٢٥ | ١,٧١٢ | ٣٨ | ٤,٢١٣ | ٢,٠٤٨ | ٠,٠٠٠ |
| کۆنترولکراو | ٢٠ | ٢١,٠٥ | ٣,٣٩٤ | | | | |

وەك لە خشتەی ژمارە (٤-١) دا دەردەکەوێت ، بەهای (تی) ئەژمارکراو  یەکسانە بە (٤,٢١٣) ، و بەهای خشتەیی یەکسانە (٢,٠٤٨) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (٣٨ ) و  لە ئاستی بەڵگەداری ( ٠,٠٥) دایە ، لە بەر ئەوەی بەهای (تی) ئەژمارکراو  گەورەترە لە بەهای خشتەی ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی ئاستی دەستکەوتی منداڵانی گروپی ئەزموونگەری بەراورد بەئاستی دەستکەوتی گرووپی کۆنترۆڵکراو بۆ بەرژەوەندی منداڵانی گرووپی ئەزموونی، بەلآم بۆ دەرخستنی ئەوەی ئایا ئەم جیاوازیەی نێوانیان لە ئاستی بەڵگەداری ئاماریدایە یاخود نا؟ بۆ ئەوەش شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە (one way ANOVA) بەکارهێنرا، وەك ئەنجامەکەی لە خشتەی ژمارە (٤-٢) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٢)**

**ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە بۆ نمرەکانی هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)**

**لە تاقیکردنەوەی  پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی<br>Sum of square | پلەی ئازادی<br>Df | دوجای ناوەندی ژمێرەی<br>Mean square | بەهای فائی<br>(F) | ئاستی بەڵگەداری<br>٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | ٢٤,٢٥٠ | **١٠** | ٢,٤٢٥ | | |
| لە ناو کۆمەڵەکاندا | ٣١,٥٠٠ | **٩** | ٣,٥٠٠ | **٠,٠٢٦** | **٢,٤٥٨** |
| کۆی گشتی | ٥٥,٧٥٠ | **١٩** | | | |

وەك لە ئەنجامی خشتەی (٤-٢) دەردەکەوێت جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی وناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵنی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە ئاستی بەڵگەداری ئاماریدایە،واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی یەکەم کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نیە لەنێوان هەردوو گروپەکە و قبوڵکردنی گریمانەی جێگرەو.

بۆ دەرخستنی قەبارەی کاریگەری (Effect Size) گۆڕاوی سەربەخۆ کە فیلمە فێرکارییەکانە لەسەر دەستکەوتنی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە ئاستی دووەم،توێژەر هاوکێشەی (ئیتا) بەکار هێنا کە تایبەتە بەدۆزینەوەی قەبارەی کاریگەریی، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی قەبارەی کاریگەری (ئیتا) بۆ دەستکەوتنی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە بریتییە لە (٠,٨٦)، بەو شێوەیەی کەلە خشتەی ژمارە (٤-٣) روونکراوەتەوە.

**خشتەی (٤-٣)**

**قەبارەی کاریگەری فیلمە فێرکارییەکان لە سەر دەستکەوتنی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بۆ منداڵانی هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) بە پێی نرخی هاوکێشەی ئیتا**

| گۆڕاو | پلەی ئازادی Df | نرخی فائی (F) | نرخی ئیتا Eta | نرخی دووجای ئیتا Eta square | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| فیلمە فێرکارییەکان | ٣٨ | ٢,٤٥٨ | ٠,٨٦ | ٠,٧٣ | بەهێزە |

وەك لە خشتەی ژمارە (٤-٣) دا دەردەکەوێت بەهای قەبارەی کاریگەریی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٨٦) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزی قەبارەی کاریگەرییە،لەبەر ئەوە بە پێی ڕاڤەی (کۆهن Cohen) ئەگەر قەبارەی کاریگەرییەکە (٠,٢) بۆ سەرەوە بوو ئەوە کاریگەرییەکە بێهێزە، ئەگەر (٠,٦) بۆسەرەوە بوو ئەوە کاریگەریەکەی مام ناوەندە، بەڵام ئەگەر (٠,٨) بۆ سەرەوە بوو ئەوە کاریگەرییەکەی بەهێزە .

ئەم ئەنجامانەش جەخت لە سەر کاریگەری و گرنگی فیلمی فێرکاری دەکەنەوە لە بەدەستهێنان و گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵان،وە لە ڕێگەی ئەم ئەنجامانەوە دەردەکەوێت کە فیلمی فێرکاری یارمەتی دەرە لە دروستکردنی وێنەی زەینی دروست،وە ڕزگار بوون لەو وێنە داماڵراوانەی کە لە ڕێگە ئاساییەکەوە بەدەست دێت،وە ئەگەری هەیە یارمەتی زیادکردنی پاڵنەر وە گرنگی دان بەو زانیاریانەی کە پێشکەشی دەکرێت کە یارمەتی دەدات لە گەشەپێدان و بەدەستهێنانی چەمکەکۆمەڵایەتییەکان لە لای منداڵی باخچە،کەواتە پرۆسەی

دروست کردنی چەمکەکان لە ڕێگەی ئەو وروژێنەرانەوە دەبێت کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە یان ئەو هەڵوێستانەی کە پیایدا تێپەڕدەبن بو جۆرە وێنەیەکی مێشکی دروستی لەلا دروست دەبێت ،وە لە وانەیە بەکارهێنانی فیلمی فێرکاری یارمەتی دەربێت لە زیادکردنی سەرنج و ئاگاییان بۆ هەڵوێستە فێرکارییەکان و گەشەکردنی واتاو چەمکەکانی کە هەیانە،ئەم جۆرە بەرەو پێش چونەش پاڵپشتی بەکارهێنانی فیلمی فێرکاری دەکات کە کەشێکی پڕجۆش و خرۆش دروست دەکات  بە جۆرێك تاوەکو ڕادەی کارلێککردن و پەرۆشی منداڵەکان زیاتر بێت کاریگەری ئەرێنی بەدەستهێنانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەبێت، فیلمی فێرکاری بەسروشتی خۆی کار لەسەڕاکێشانی سەرنجی منداڵان دەکات،وە بەژداری لە زیادکردنی پاڵنەر و چێژوەرگرتن لەلای منداڵەکان دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕەگەزەکانی دەنگ و ڕەنگ و جوڵەو وای کردووە پاڵنەری منداڵەکان زیاتر بێت بۆ فێربوون.

ئەم ئەنجامەش تەبایە لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (کمال، ٢٠١٦)، (یوسلیگیت و ئاراڵ، ٢٠١٦ )، (العابدین، ٢٠١٦)، (القلاف،٢٠١٥)، (الجهني، ٢٠٠٠)، (قربان، ٢٠١٦).

**٤-٢ خستنەڕووی  ئەنجامی گریمانەی دووەم:**

گریمانەی دووەم ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە: هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازییەکانی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوی  پێشینە و پاشینە مندالآنی باخچە بۆ گروپی (ئەزموونی) لە تاقیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان نییە.

بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری نمرەکانی منداڵانی گروپی (ئەزموونی) توێژینەوەکە دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-Test) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ و یەکسان بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت کە بەهای (تی) ئەژمارکراو (١١,٦٨٧) نمرەیە کە گەورەترە لە بەهای (تی) خشتەیی( ٢,٠٤٨) بە نمرەی ئازادی (٣٨) ،لەسەر ئاستی بەڵگە داری (٠,٠٥) وەك لە خشتەی ژمارە (٤-٤) دیارە.

**خشتەی (٤-٤)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمرەکانی گروپی (ئەزموونی ) لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە**

**لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٢٠ | ١٩,٢٠ | ١,٧٥٦ | ٣٨ | ١١,٦٨٧ | ٢,٠٤٨ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٢٤,٢٥ | ١,٧١٢ | | | | |

وەك لە خشتەی ژمارە (٤-٤) دا دەردەکەوێت ، بەهای (تی) ئەژمارکراو یەکسانە بە (١١,٦٨٧) ، و بەهای خشتەیی یەکسانە (٢,٠٤٨) و نمرەی ئازاد بریتییە (٣٨ ) و لە ئاستی بەڵگەداری ( ٠,٠٥) دایە ، لە بەر ئەوەی بەهای (تی) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینە و

پاشینە مندالآنی باخچە بۆ گرووپی (ئەزمووونی) لە تاقیکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان هەیە بۆ بەرژەوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوی پاشینە منداڵانی باخچە. بەلآم بۆ دڵنیابوون لە بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری توێژەر شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە (one way ANOVA) بەکارهێنا، وەك ئەنجامەکەی لە خشتەی ژمارە (٤-٥) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٥)**

**ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە بۆ نمرەکانی گرووپی (ئەزموونی) لە تاقیکردنەوەی**

**پێشینە و پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی Sum of square | نمرەی ئازادی Df | دوجای ناوەندی ژمێرەی Mean square | بەهای فائی (F) | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | ٢٣,٨١٧ | ٦ | ٣,٩٦٩ | ٠,٧٣ | بەهێزە |
| لە ناو کۆمەڵەکاندا | ٣٥,٣٨٣ | ١٣ | ٢,٧٢٢ | | |
| کۆی گشتی | ٥٩,٢٠٠ | ١٩ | | | |

وەك لە ئەنجامی خشتەی (٤-٥) دەردەکەوێت جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی گرووپی (ئەزموونی) لە هەر دوو تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە لە سەر پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان منداڵانی گرووپی ئەزموونی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماریدایە،واتە ڕەتکردنەوەی

گریمانەی دووەم کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نیە لەنێوان نمرەکانی  گروپەکە لە هەر دوو تاقیکردنەوەی  پێشینە و پاشینە و قبوڵکردنی گریمانەی جێگرەوە.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری (Effect Size) گۆڕاوی سەربەخۆ کە فیلمە فێرکارییەکانە لەسەر گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان لای منداڵانی باخچە ،توێژەر  هاوکێشەی ئیتا (Eta) بەکار هێنا کە تایبەتە بەدۆزینەوەی   قەبارەی کاریگەریی، وەك لە خشتەی ژمارە (٤-٦) روونکراوەتەوە.

**خشتەی (٤-٦)**

**قەبارەی کاریگەری فیلمە فێرکارییەکان لە سەر دەستکەوتنی چەمکە کۆمەلآیەتیەکان بۆ مندالآنی گروپی (ئەزموونی ) لە تاقیکردنەوەی  پێشینە و پاشینە بە پێی نرخی هاوکێشەی ئیتا**

| گۆڕاو | پلەی ئازادی Df | نرخی  فائی (F) | نرخی ئیتا Eta | نرخی دووجای ئیتا Eta square | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| فیلمە فێرکارییەکان | ٣٨ | ٤,٥٧٣ | ٠,٧٨ | ٠,٦٠٨ | بەهێزە |

وەك لە خشتەی ژمارە (٤-٦) دا دەردەکەوێت  بەهای قەبارەی کاریگەریی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٧٩) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخوَ لەسەر دەستکەوتی چەمکە کۆمەلآیەتیەکان لە لای مندالآنی باخچە ئاستی دووەم . ئەمەش پاڵپشتی ئەوە دەکات کە فیلمی فێرکاری زانیارییەکانی بە شێوازێکی خۆش و سەرنج ڕاکێش  پێشکەش بە منداڵەکان کردووە سەرباری ئەوەی کە فیلمی فێرکاری توانای ڕاکێشانی سەرنجی منداڵی هەیە

چونکە زیاتر لە هەستێك بەژداری دەکات لە یەك کاتدا ،وە زانیارییەکان لە مێشکی منداڵەکاندا ماوەیەکی زیاتر دەمێنێتەوە بە ئاسانی لە بیریان ناکەن، ئەمەش پشتگیری ئەوە دەکات کە فێربونی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە ڕێگەی فیلمی فێرکارییەوە وا لە منداڵ دەکات کارلێك بکات لە گەڵیدا و بەشێوازی تایبەتی خۆی چەمکەکان فێربێت لە ڕێگەی تەماشاکردن و فێربونی خودی وە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەوکێشانەی کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە لە کاتی تەماشاکردنی فیلمەکاندا وە تواناکانی پارێزراو دەبن زانیارییەکانی زیاتر جێگیر دەبن لە یادەوەریدا،وە ئەم شێوازە وادەکات  کە منداڵ توانای گەڕاندنەوەەی چەمکەکانی هەبێت لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پاشینە،وە ئەنجامی گریمانەکانی پێشوو ئاماژە بە بونی کاریگەری یەکی گەورەی بەکارهێنانی فیلمی فێرکاری لە گەشەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لە لای منداڵی باخچە تەمەنی(٥-٦) ساڵ . ئەم ئەنجامەش هاوتایە لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (کمال،٢٠١٦)،(یوسلیگیت و ئاراڵ،٢٠١٦) ، (العابدین،٢٠١٦) ، (القلاف٢٠١٥)، (الجهنی، ٢٠٠٠) ، (قربان،٢٠١٦).

**٤-٣ خستنەڕووی  ئەنجامی گریمانەی سێیەم:**

گریمانەی سێیەم ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە:هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)  لە نێوان ناوەندی  ژمێرەیی  نمرەکانی  منداڵانی باخچە گروپی (ئەزموونی)،لە تاقیکردنەوەی پاشینەیی لە پێوەری  چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) نییە.

بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری نمرەکانی منداڵانی گروپی (ئەزموونی ) توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) دەرهێنا پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-Test ) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ بە پشت بەستن بەرنامەی ئاماری ( SPSS)، دەرکەوت کە نرخی(تی) ئەژمارکراو (٠,٣٨٣) بە نمرەی ئازادی (١٨) ،لەسەر ئاستی بەڵگە داری (٠,٠٥) وەك لە خشتەی ژمارە (٤-٧) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٧)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی پاشینە لە پێوەری چەمکە کۆمەڵایەتیەکان**

| ڕەگەزی منداڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کورِ | ١٠ | ٢٤,١٠٠ | ١,٤٩٩ | ١٨ | ٠,٣٨٣ | ٢,٠٤٨ | بەڵگەدارنیە |
| کچ | ١٠ | ٢٤,٤٠٠ | ٢,٠١١ | | | | |

وەك لە خشتەی ژمارە (٤-٧) دا دەردەکەوێت ، بەهای (t) ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٣٨٣) ، و بەهای خشتەیی یەکسانە (٢,٠٤٨) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (١٨ ) و لە ئاستی بەڵگەداری ( ٠,٠٥) دایە ، لە بەر ئەوەی بەهای (تی) ئەژمارکراو بچووکترە لە بەهای خشتەی ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی ئاستی دەستکەوتی منداڵانی گروپی ئەزموونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) ،واتە قبوڵکردنی گریمانەی سێیەم کە ئاماژە

